گوڵ چنینەوە

لە خەرمانی « هەنبانە بۆرینە »ی هەژار

عەبدوڵلا حەسەن زادە

APEC

گوڵ چنینەوە

له خەرمانی « مەمبانە بۆرینە» ی هەژار

عەبدوڵلا حەسەنزادە

Weşanên APEC

Weşan no: 86

GULÇINÎNEWE

Le xermanî "Henbane Borînê"y Hejar

Çapa yekemîn: Stockholm 1995

Nivîskar:
Abdullah Hasanzade

Navnîşana xwestinê:
Box 3318, S-163 03 Spånga/ Sweden
Tel: +46 8 761 81 18 * Fax: +46 8 761 24 90

ISBN: 91-87730-86-3

APEC

دەربارەی ئەم نامیلکەیە

سالی.١٩٩ فەرهەنگی کوردی ـ کوردی ـ فارسیی « هەنبانە بۆرینە » لە نووسینی نووسەر و شاعیر و کوردی زانی بەناوبانگی کورد مامۆستا هەژاری موکوریانی بلاو بووەوە و کەلێنێکی گەورەی لە کتێبخانەی کوردی دا پڕ کردەوە . بێ گومان زمان زانان و فەرهەنگ نووسان لەسەر فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هێندێک تێ بینی یان هەیە و رەنگە بەشێکیشیان زۆر لە جێی خۆیان دا بن. بەلام پێم وابێ کەس نکوولیی لەوە نیە کە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار نەک هەر تەواوترین فەرهەنگی کوردی یە کە تا ئێستا بلاو کراوەتەوە ، بەڵکوو بە تەنیا زیاتر لە هەموو فەرهەنگەکانی پێش خۆی وشەی کوردی لە نێو توێی بەرگەکانی دا جێ کردۆتەوە .

زۆر پێش دەرچوونی هەنبانە بۆرینە مامۆستا بە نامە ئاگاداری کردبووم کە بە نیازە ئەو دیاری یە بەنرخە پێشکەشی خوێنەرانی کورد بکا و تەنیا مانگێک پێش دەرچوونی بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەی بۆی نووسیبووم : « *لەم بەینەدا* جزمی یەکەمی *فەرهەنگەکەم چاپ کراوە و قەرارە جزمی دوهەمیش چاپ بکرێ . بە هومێدم بەم زووانەجزمی یەکەمت*

پێ بگا . بۆیە نالێم پێو بگا ، مەنظورم ئەمەیە کە تۆ بەوردی لێی هەڵدەروانی جا ئەگەر تووشی شتێک هاتی کە لای تۆش بەو مانایە شتێک هەبو ، من ئەم نوسیبو، لای خۆت یادداشتیان بکە.چونکە ئەوە یەکەمین کارە لەم بارەوە وا بە پان و بەرینی دەس پێ کراوە . بەڵام ناتوانم بێژم سەری گیراوە . بە هومێدم ببێتە بناغەیەکی فەرهەنگی دوارۆژمان و دیارە دەبێ هەرکەس دەتوانێ لە بەر خۆیەوە هەوڵی بۆ بدا و تەواوی بکەن » .

کاتێکیش بەرگی یەکەمی بە دیاری بۆ ناردبووم لە پێشکەش کردنەکەی دا ئەو داوایەی دووپات کردبۆوە کە بیخوێنمەوە و ئەگەر تووشی شتێک هاتم یادداشتی بکەم و بۆی بنێرم . لە سەر داوای مامۆستا و هەروا بۆ ئەوەی بەڵکوو شتێکی لێ فێربم بەرگی یەکەمی هەنبانە بۆرینەم خوێندەوە و ئەوەی بەرچاوم کەوت یادداشتم کرد و لەگەڵ نامەیەک بۆم نارد. دیار بوو مامۆستا تێ بینی یەکانی منی بە دڵ ببوون. بۆیە لە وەڵامی نامەکەم دا نووسیبووی : « ئەو نامەی دواییت کە بە چەندین وشەی بەنرخەوە ناردبوت پێم گەیشت . زۆر زۆر سوپاست دەکەم . بە داخەوە تا ئێستا بەرگی دووهەمی هەنبانە بۆرینە لە چاپ دەرنەچوە و کردویانەتە هاتەهاتی رۆمێ ، هەر دەڵێن ئەم حەفتەیە تا حەفتەیەکی تر. بریا دەرچووبا و کارێکم بکردایە بۆتی بنێرم. ئەو دەمیش دیسان چاوەنۆرم زۆر بە وردی لێی ورد بیەوە و تێ بینی و تازەکانی خۆتی بخەیە سەر » .

زۆر بە داخەوە پێش ئەوەی بەرگی دووهەمم پێ بگا ، مامۆستا هەژار ماڵاوایی لێ خواستین و داخێکی گەورەی لە سەر دڵی هەموو ئەویندارانی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا. بەو حاڵەش هەر لەسەر وەسیەتەکەی مامۆستا بەرگی دووهەمی هەنبانە بۆرینەم خوێندەوە و تێ بینی یەکانی خۆم لە سەر یادداشت کرد. بەڵام ئەوی راست بێ چونکە دەم زانی ئەم جارەیان مامۆستا نای بینێ ، زۆر لێی بەگور نەبووم و لە ئاکام دا زۆریشم شتی تازە بە بیردا نەهات .

با لیرەدا ئەوەش تۆمار بکەم کە بە هاسانی دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەنبانە بۆرینەدا هاتوە، لانی کەم ۳۰٪ی بۆ من تازەیە وئەم بیستوە و ئێستاش فێری نەبووم. بەڵام بەهەر حاڵ زەینی بنیادەم کۆمپیووتەر نیە و مرۆڤ هەرچەندی زۆریش بزانێ کاتێک زانراوەکانی دەخاتە سەر کاغەز، هێندێ شتی لە بیر دەچێ . هەر بۆیەش یەکی وەک من توانیویەتی شتێک بخاتە سەر گەنجینەی هەنبانە بۆرینە .

بەهەرحاڵ، ئەو شتانەی یادداشتم کردبـوون هـەروا مابوونـەوە و نەم دەزانی چی یان لێ بکەم . تا ئەم دواییە یانە برادەرێکی زۆر نزیکم پێشنیـاری پـێ کـردم ئێستـا کـە دەرفـەتی ئەوە لـە کـیس چووە بـۆ مـامۆستـایان بنێری ، بۆ خۆت بە جیا چاپیان بکە و بڵاویان بکەوە. ئەگەرچی بەش بەحاڵی خۆم شتەکەم زۆربەلاوە نابووت و کاڵ وکرچ بوو، بەڵام ئەو برایەم هێندەی لێ دووپات کردمەوە کە قبووڵم کرد چاوێکی پێدا بخشێنمەوە و ئامادەی بکەم بۆ چاپ . ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم هیچ دەرووەکی روون بۆ چاپ و بڵاو بوونەوەی شک نابەم ، جا بزانین چارەنووسی بە کوێ دەگا .

لە سەر ئەم ئامیلکەیە دوو شتی پێویست هەیە کە باسیان بکەم :

١ـ هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی ـ کوردی ـ فارسی یە. بەڵام ئەو وشانەی ئەمن زیادم کردوون (لە چەند جێ یەک دا نەبێ) تەنیا بە کوردی مانا کراونەوە . هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە کارەکەم دا بە تەنیا بووم و نەم توانی بەرامبەری هەموویان لە فارسی دا بدۆزمەوە. بۆ خۆشم لەو کەسانەم کە لە کوردییش دا رقم لە وشە داتاشین دەبێتەوە . بۆیە حەزم نەکرد بۆ فارسی وشە داتاشم.

٢ـ ئەو وشانەی لەم ئامیلکەیەدا بەرچاو دەکەون سێ دەستەن : یەکەم ئەوانەن کە لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون . ئەمانە نووسراون و مانا کراونەوە و هیچ شتێکیان لە بەردەم نەنووسراوە . دەستـەی دووهەم ئەو وشـانەن کـە لـە هـەنبـانـە بۆریـنـە دا هـەن ، بەڵام لـە کـوردی دا مـانـای

دیکەشیان هەیە ، جگە لەوانە کە مامۆستا هەژار بۆی هێناون . ئەم جۆرە وشانە پاش مانا کردنەوە ئەم نیشانەیە (+) یان لە پێش نووسراوە .
سێیەم دەستە ئەوانەن کە بە باوەڕی من ماناکەیان لە فەرهەنگەکەی مامۆستا هەژار دا بە دروستی لێک نەدراوەتەوە . لە پێش ئەو جۆرە وشانەش نیشانەی (×) دانراوە . دیارە ئەگەر وشەکانی ئەم دەستەیە بەو مانایەش هەبن کەمامۆستا لە هەنبانە بۆرینەدا بۆی داناون ، ئەودەم دەچنە پاڵ دەستەی دووەم . چونکە لەو مانایانە کە بۆم داناون بە تەواوی دڵنیام .

هەرچۆنێک بێ فەزل و گەورەیی و هونەر بۆ مامۆستا هەژارە و ئەوەی من بە زەحمەت دەکرێ ناوی پاشەرۆکیشی لەسەر دانرێ . بەو ئاواتەم کە ئەم کارەش خزمەتێکی بچووک بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی بکا .

نووسەر
١٩٩٤/١٠/١

پیتی ئـــ

ئاخنلی : کەچەڵێک کە هەموو سەری بریبە .

ئادار : شوێنەوار:(*ئاداری بەسەر پادارەوە نەمنیشت*).+

ئاردە برنج : برنجی هاڕراو.

ئاردە توو : تووی وشکی هاڕراو.

ئاردە نۆک : هاڕراوی نۆکی برژاو.

ئاژنە : دارێکی کورتەبالای قـژنە، سەر سوانەی خانووی پێ دەگرن.

ئاسنگەر : وەستای دروست کردنی ئامرازی ئاسنە. وەستا خاڵە تایفەیەکن ، نەک هەموو ئاسنگەرێک .×

ئاسێ : چیای سەخت و ئاستەمە، (واتە صعب العبور نەک مرتفع).×

ئاشبەتاڵ : برانی باراش لە ئاش.+

ئاشەبەتەندوورە: گەمەیەکی منداڵانە. دەستەیەک بە پێوە سەر پێکەوە دەنێن، یەکیش بە سەریانەوە دەگەڕێ . دەستەیەکی دیکە هەوڵ دەدەن سواریان بن. ئەگەر وەستای دەستەی یەکەم شەقی لە

یەکێکیان هەڵ دا یان دەستی لێ دا ئەوان دادەبن و دەستەی یەکەم سوار دەبن.

ئاغلاغ : سەرئاوەلاَ.

ئاگرکەوتنەوە : سووتمان، ئاگر لە ولاَت بەربوون.

ئاللۆری : ئەو میشەنگوێنانەن کە لە گەلێ هەڵ بڕاون و نازانن روو لە کوێ بکەن.

ئاللۆری : بریتی یە لە بنیادەمی گەللۆر و بێکارە.

ئاڵەزێک : دارێکە لە گۆی چۆمان دەڕوێ و وەک لاولاو لە داری دیکە دەهاڵێ.

ئاوجا : دوو ژن کە هەریەکەی ژنی برایەکن :(*غەمی مەوێ یە ، پڕ بە ئەسکوێ یە. غەمی ئاوجایە ، پڕ بە دنیایە*) « فۆلکلۆر » .

ئاو دان : ئاو دەلاَندن : (*کەوشەکەم ئاوی دەدا*).+

ئاو دان : ئاو لێ دەرچوون:(*سەماوەرەکە ئاوی دەدا*).+

ئاوسێ : دراوسێ، جیران.

ئاوەڕێ : سنووری نێوان دووکێڵگە ئەگەربەرزایی بێ: (*هەرچی ئاوەڕێی بەم دیودایە هی تۆیە*).

ئاوەڵ منداڵ : پزدانی ژنە زاو.

ئاوێژە : زەوی یەکە ئاو درابێ بۆ کێلاَن، نەک زەوی یە بەراو.×

ئایسان : درێژەی سووتانە نەک داگیرسان:(*چراکە هەتا بەیانی ئایسا*) داگیرسان یەکەم هەڵکرانە.×

ئم : بەڵێ.

ئۆردوویەز : ئەو جێگایەیە کە هۆردوو پێی دا دەڕوا، نەک

ئەو جێ یە کە لێی دەمێنێتەوە . ×

ئەبرەش : لە تینوان وشک هەڵاتوو :(ئەمڕۆ ئەبرەش یان هەبرەش بووم) . +

ئەبلە خەرج : ئەوەی بێ جێ خەرج دەکا، (مُسرف).

ئەح ئەح : دەنگ دانی کاروبەرخ بۆ هاوێر و لێ خوڕینە.×

ئەحمەدڕاوکەر بالندەیەکی بچووکە ، لە چۆلەکە گەورەترە.

ئەخترمە ئەسب و بارگینی بەرەڵا کراو.

ئەڕیە : ربە، پێوانەیەکە دوو کیلۆ گەنم دەبا.

ئەڕمان : رمان، رووخان.

ئەرمەنی : هەرمەنی، قەومێکن.

ئەزرەت : حەسرەت : (مێشتا لەسەر لانکە بە ئەزرەتم بی بینم). « فولکلور »

ئەژگەڵ : هەژگەڵ، لکەداری بەگەڵاوە کە بە خۆیان و لۆدە کایەوە دەنێن، با نەی با.

ئەسپەشێرە : بالندەیەکە هێندی کۆترەباریکە دەبێ، خوێندنەکەی وەک حیلەی ئەسب دەچێ.

ئەسپێ : جانەوەرێکە گەنمی کۆن هەڵی دێنێ.+

ئەستان : زستان، زەمسان، ئاخر فەسڵی ساڵ.

ئەستوورکان : ریسی ئەستوور وەک خاوک و فرێت و سێتا، دژی باریکان .

ئەستۆ کورد : ملە قۆتە، ملە قۆچە.

ئەستەمبووڵی : چێشتێکە بە برینج و گۆشت لێ دەنرێ.+ قاپێکی گەورەیە بۆکاری بەننایی قوڕ وسیمان و گێچی پێ دەکێشن .

ئەستیلان : ناوە بۆ ژنان.

ئەستیوڵک : ئەستیورک، ئاسنیکی دەم پانە هەویری پێ لە تەشتی نانی دەکەنەوە.×

ئەسلان : ناوە بۆ ژنان.

ئەشک : لاق و دەستی کورت :(ئەشکی کورتـــن ، واتە لاق و دەستی کورتن).

ئەناز : فریدەر :(خاکە ناز).

ئەنگوتکە : جۆرێک ترێ یە.

ئەنگورە : نێوان رۆژئاوا و مال نووستنانە، نەک پێش رۆژئاوا .×

ئەویندەرێ : ئەوێ.

ئێچک : هێچک، دارێکی سەریە قولاپە لە سەری گوریسی دەبەستن.

ئێچک : ئێسکی نێوان ئەژنۆ و سمی بزن و مـــەڕ دوای خوران.

ئیخ : برۆ ، دەنگدانی بزنە.+

ئیشک کردن : وشک بوونی ئاوی کانی :(کانی یەکە وشکی کردوە).

ئیشکەپەڕ : رەحەت بوون بە خوێنوەنانی ژن – بێ گـان کردن – .

ئیشکەجوو : نان بە وشکی خواردن.

ئیشکەشۆر : ئەم دیو ئەو دیو کـردنی دەســرە و پێچ بۆ ئەوەی دیوی خاوێنی وەدەرکەوێ.

ئیشکەشیو : ئیشکە شۆر.

ئیشکە مەلە : مەلەکردنی ئەو کەسەی تازە ژنی هێناوە بێ ئەوەی بووبێ بە زاوا.

ئیفقالْ : فریودان :(بە قسەی خۆش *ئیفقالی* کردم).

پیتی ب

باپزوو : ئەو بەفرەیە کە با هەڵی دەگرێ و لە لا باسکان سوانەی پێ دەکا.

باتمان : ٢٦ (بیست وشەش) کیلۆیە. شازدە کیلۆ و نیو پووتە ئەک باتمان.×

باجی : زڕدایک.+

باخۆش : منداڵی لە حەوت هەشت ساڵ بەرەوژوور ، باوخوش.

بادرەوش : کون و کەلێنی خانوو کە بای تێڕا بێ.

بادی : دەفری لە دار دروست کراو.+

باران دادان : باران دەلاندنی چادر.

باران کوت : شوێنێک کە باران کوتاویە.

باریەها : بن پشک، ئەو کچەی دانراوە براکەی بە ژنی بدا :(*ئامین باریەهای علی یە*).

بارژن : بارانی بە غورەم و لەنەکاو.×

بارسووکی : کەم بوونی کەل وپەلی نێومالْ : (*بارسووکم و بۆ هەرکوێ پێم خۆش بێ دەتوانم بچم*).

بارقورس : بارگران، ئەوەی ئیومالی زۆرە: (هێند *بارقورسم بارناکرێم*).

باڕن : ئەو شوێنە کە باگرە و بەفری پێوە نامێنێ : (*بە با ڕنان دا دەڕۆم*).×

بارنەبەر : ولاغی بارنەبەر و زەلامی کارنەکەر.+

باریک وبینیسی: لەڕبوون لە ئاکامی نەخۆشیی کۆن دا ، دەغەزدار بوون.×

بازبازێن : بە باز ڕۆیشتن.+

بازوو : ئەسپ یا ماینێ کە ئەلقەیەک مووی سپی لە لاقی دا هەبێ.

باسکە ملە : پیلەوار، دارێکی ئەستوورە کە بۆ سووتاندن لەسەر شانی دادەنێن و دەیهێننەوە ماڵێ.

باسکە مەلە : مەلە باسکە، جۆرێک مەلەیە.

باسەر : ڕەشەبا، زریان ، بای ژووروو.×

باشقە : هەڵکەوتە، یەکە: (*باشقە باشقەی مەنگوڕان هاتبوون*).

باش وەستا : وەستای باش، وەستاکار، سەروەستا.

باقلاوا : تێ گوشینی ڕۆن و دۆشاو.

باقۆ : بەرێکی هەنجیرە کە بەهارێ زوو دەری دەکا و ئاخری بەهارێ دەی وەرێنێ وپەری تازە دەردەکاکە ئەوەیان دەبێ بەهەنجیر ودەخورێ.×

باگا : بەخەبەر، بەئاگا، نەنووستوو.

باڵ : تەنیشت ، کەلەکە: (*گوڵە باڵەوباڵ سمیویە*).+

باڵەخانە : خانووی لەیەک نهۆم زیاتر .

بالەفرتێ : باڵەفرەی پەلەوەر لە سەرمەرگ دا.
بان : بووایەن : (*خزگە باش بان*).
بانە : چوون بۆ جێگایەک یان بۆ کارێک بۆ ماوەیەکی کورت :(*بانەمەر ، بانەمازوو*).
بانەویان : چوون لە بانێکەوە بۆ بانێکی دیکە لەبەر کارنەکەری، مەرج نیە بازدانی تێدابێ.×
باو : روو، باوباوێنی منداڵ لەوەرا هاتوە.
باوەپیارە : بابەگەورە، باپیر.+
باوەلوو : ١ـ بزنێک کەلە مەڕی خۆی هەڵ دەبڕی و دەچێتە گەڵ مەڕی دیکە. ٢ـ بزنی بەڵەسە.
بای دارناوس : بایەکە ئاخری زستان دێ و داری پێ زیندوو دەبێتەوە.
بای وادە : بایەکی ئاخری زستان و هەوەڵی بەهارە:(*بای وادێ ، دەدا لە پەلکی کوڕادێ*). « فۆلکلۆر »
بای وەعدە : بای وادە.
بردن : ئازاردان، ئەنگاوتن :(*سەرما بردوویەتی*).
برژەبرژ : برژانەوەی برین.
برە : ئەوبەشەی لێرەوار کە بۆ یەکێک دانراوە بیکاتە گەڵ بۆ حەیوانات :(*ئێرە برەگەڵی حەمەیە*).+
برە : وەختی گەڵ لێ کردنی جەنگەڵ کەبەسێ ساڵ جارێک دەبێ : (*برەی هاتۆتەوە واتە وەختی گەڵ لێ کردنی هاتوە*).+
برق : قرپ : (*برقم دێتەوە ، واتە قرپم دێتەوە*).
برگە : جمگە، گە: (*هەموو برگەقامکەکانم دێشن*).

برووت : دارێک بووساڵ لەمەوپەر کرابێ بە گەڵ.
بڕەک : جێگای بەردانەوەی ئاو لە جۆگەی ئەسڵی یەوە.+
بڕێم : دارێکە کە پار کرابێ بە گەڵ.
برینگ بڕ : وەختی بڕینەوەی مەڕ و بزن : (*ئەم شوانەمان برینگ بڕێ شەرتی دەپەڕێ*).
بڕینەوە : پێک گەیشتن لە سەودا و مامەڵەدا : (*جووتی بە هەزار تمەن بڕیمانەوە*).+
بڕینەوە : قسە یەکدیگیر بوون : (*قسەی خۆم لەگەڵ بڕیەوە*).+
بزماریەگا وەختی پرکاری :(*لەو بزماریەگایەدا سێ رۆژە نەچۆتە مەزرایە*).
بزووت : جمی، جوولا .
بزێ : ئەو نێنگوونە کە دەبوو بزێ و نەزاوە بە جوانەگای سێ ساڵەش هەر دەڵێن بزێ.
بژاریر : بژارچن.
بلاڵووک : بەلاڵووک ، بەری دارێکی کێوی یە لە ئاڵوباڵو زۆر وردترە.×
بلقەبلغ : غلدە غلد، قسەی « نافصیح » .
بناوبوێر : نەخۆشی نێوبەنێو.+
بناوورە : داروچیلکەی ورد و وشک بۆ ئاور کردنەوە.
بن بار : بەشی بنەوەی بارهدار : (*دژی سەربار*).+
بن بەردەڵی : ئەو رێواسەی لە بن بەرد هاتۆتەدەر، کە سپی و شیرن و شلکە.
بن پەرگە : بن چینی کلاشی کوردی.

بن جۆخین : بن خەرمان.

بن جێخوون : بن جۆخین.

بندار : ئەو گیایەی رەگەی زۆر بە زەوی دا چووبێتە خوار.

بندار : ئەو گیایانە کە سەلکیان هەیە وەک پیواز و سیر و ... .

بن دانەوە : بن هەڵکۆڵین . کێلانی بن داری میوە.

بن دڕاو : کچێک کە کچێنی یەکەی هەڵگیرابێ.

بن دڕاو : جەواڵ، تەلیس یان هەمبانەیەک کە بنی کون بووبێ.

بن دڕین : دانەوە و هەڵکۆڵینی بنی بەرد بۆ ئەوەی ئاسان هەڵ کەندرێ.

بن دڕین : کچێنی بردن.

بندۆک : ئەو مووە ناخالیسە کە لەوەختی بەشەکردنی خوری و مەرەز وموودا دەکەوێتە بنی شەیەکە.+

بن دەوەن : بریتی یە لەو شتە کە دەدزرێ ونایەتە حیساب.

بنک : بنەدار :(*نووینکم قەیسی چەقاندوە*).+

بنەبڕ : تەواوبوون لە بارکردن دا :(*نووبارم ماوە بنەبڕ بم ، ماڵی خاڵم بنەبڕ بوون*).+

بنەتا : نیوەتا :(*باراشەکەم نوو بنەتایەلە کەرێی دەنێم و لەسەریەوە سوار دەبم*).

بنەتۆو : کچ بە شوودان بەومەرجە ئەگەر کچی بوو خوێنەکەی بۆ ماڵی بابی بێ :(*کچەکەی بە بنەتۆو داوەتێ*).+

بنەوشە : جۆرە قەزوانێکی زۆر ناسکە.+

بنەوشە : مازوویەکە کە تازە دیاریی داوە.+

بنەوەند : توولە دارێکی لێرەوارە، گەرمی دەکەن و بای دەدەن و دەی کەنە رستەی جووت کە نیر و ئامووری پێکەوە دەبەستێتەوە.

بنێشتەخۆشە : وردی زمان ئەوەی کە دەکەوێتە سەر زارووزمانان

بوورە : زەویی قەت نەکێڵراو ، ئەوەی ساڵێک یان چەند ساڵ نەکێڵرابێ، بەیارە.×

بوورەدێر : ئاوداشتنی زەوی بە مەبەستی نەرم بوونــــەوە بۆ کێڵان.

بۆرەقانی چێشتی کوولەکە بە دۆکەشکە.+

بۆنەووروو : بۆنی سووتانی خوری و موو.

بۆزەڵ : بۆنی باتلاغ.

بووژان : هەڵ نەدان ، دژی بووژانەوەیە.×

بۆڵوو : بۆڵە تری، گلە تری.

بووم : هەمبوو :(ئەسپت نیە ؟ بووم . فرۆشتم).+

بەتاڵ کردن : خاڵی کردن.+

بە توێڵک : بە توێکڵ.

بەخاوکەوتن : لەش ئێشـان بەکـار یان بەرێ رۆیشتن دوای مـاوەیەک دانیشتن (بـۆ ئەسپ و ولاغیش دەگوترێ).

بەخۆراگەیشتن : خەریکی خۆ بوون و خواردنی باش خواردن و خۆ پاک و خاوێن راگرتن.

بەدیارەوەبوون بە دەرەوە بوون، دیار بوون :(هەموو لەشت بە

دیارەمیە).+

بەدیارەوەدانیشتن: ئاگا لیْ بوون و وریایی لیْ کردن.

بەدیارەوەدانیشتن: راوەستانی کچ لە سەر برای کە بە ژنی بدا یا لە سەر کوڕیک کە بیخوازیْ.

بەر باردوو: ئەوحەیوانەی کە وەختی زانی بووە و نەزاوە ، وەک بزن وەڕەی دووساڵە ونینگوونی سیْ ساڵە

بەر بواردوو: بەرباردوو.

بەربەڵەت بوون : بەرد بەڵەت بوون، کاری حەستەم :(*هەتا رازیم کرد بەر بەڵەت بوو*).

بەرچۆڵەمە: بەرخەبەبە ، بەرچەنەگە (غبغب).

بەرچۆڵەمە: چەرمی داچۆڕاوی ملی رەشە ولاْغ.

بەردان : بەر هێنان (*بۆ دار*).+

بەردان : با دەرکردن : (*تڕ بەردان*).+

بەردبەڵەت بوون: بەر بەڵەت بوون.

بەردە تراوک : بەردە تراویلکە.

بەردە ترۆق : بەردە تراوک، بەردیک کە هەتاو لیی دا و لە دوور را دەدرەوشێتەوە.

بەرکار : ئەو کرمی بەبەرکاری جۆلاْ یان تەون کەرەوەیە.

بەرکار : شــوێنی کــاری جــۆلاْو تــەون کــەر :(*دەچمە بەرکاریْ*).

بەرکردن : قوڕ یان خۆڵەمێش لە بەری سیْلْ هەڵسوون بۆ ئەوەی کاتێک نانی پیْ دەکەن نانەکە نەگریْ.

بەرکردن : نویْ کردنەوەی لیفـەی کـۆن بەوە کە بەرێکی تازەی لیْ دەدەن.

بەرکوت : بەرکولْ، خواردنێکی کەم پێش جەمی نیوەڕۆ یان شێو .+

بەرکۆژە : دوویەن لە هەردوو لابەرۆکی چۆغە یان کراس دەنران بۆ داخستنی بەرۆک :(بەرکۆژەی بۆ لێنێ).

بەرکەلْ : ئێنگوێی دووساڵە تەواو کردوو. بۆ جوانەگاش دەگوترێ کە ماناکەی دووساڵەیە.

بەرگایی : نێوبژی، بەریوانی.+

بەرگران : حەیوانی لەسەر زان.

بەرگورد : بەشی خوارەوەی گوردی جۆلایی، بە بەشی سەرەوەشی دەگوترێ سەرگورد.×

بەرمەلۆ : شتی گەلاڵە کراو :(کچێکم بەرمەلۆ کردوە، واتە خۆی و کەس وکارم دواندوە بی هێنم).

بەرنانەوە : نێوکۆلْ و گلْ ویْ هەلْدانی تەماتە و بێستان و...

بەرنێر : ئەو کایەی لە بەر نێری دایە و خاوەنی جووتی پیْ دەکا :(پایزانێ بمرێ گای بەرنێری). «فۆلکلۆر »

بەرنێر : جوانەگایەک کەوەختی جووت پیْ کردنی هاتبێ.

بەرودوا : ئەوەلْ و ئاخر :(ئەوەی بۆم باس کردی بەرودوای مەسەلەکە بوو).+

بەرووله : ئەو دارە باریکەیە کە لە شیلەپەڕادەکرێ تا نەهێلێ باسکێشەکە داکەوێ.×

بەرهەجۆ : چەند ریزە دێراوە توتن و بێستان کە لە جۆگەیەکەوە ئاو دەدرێن.

بەرەجووت : بەرێبووەی جووتێک گا لە کشت وکاڵ دا (خەسووبەرەجووتن). « فۆلكلۆر »

بەرەوپیل : پێشواز. رەنگە ئەوە راست تر بێ لە بەرەوبیر چونکە بە پێشوازی میوانەوە دەچن و پیل واتە قۆڵی دەگرن.

بەز : سواربوو، لێهاتوو:(نێرەکەری *ماین بەز* ، واتە ئەو نێرەکەرەی کەماینی لێ چاک دەکەن).+

بەزمان زانین : شارەزایی لە خوو رەوشتی کەسێک و توانای حاڵی کردن.

بەزمان زانین : لێ زانین :(*سەعاتەکەم کارناکا ، بزم تەماشا کە داخوا بە زمانی دەزانی ؟*) .

بەزەک : جۆرە کوانێکە لە دەست و لاق دێ.+

بەزین : تێپەرکەر، لەبەرچاو نەگر :(*نیوان بەزین*).+

بەساڵ دا چوو: بەساڵاچوو، وەنێوکەوتوو.

بەساڵ داچوون: بەساڵاچوون، وەنێوکەوتن.

بەسان : ناوێکی ژنانەیە.

بەسەراچوون : لەناکاو گەینە سەر کەسێک کە کارێکی ناشیرین دەکا .+

بەسەرادان : بەسەردادان، هێرشی لەناکاو.+

بەسەرکردنەوە : سەردانی گەورە لە چووکە.

بەسەرکردنەوە : سەرحیساب بوون، ئەژماردنی ماڵات بۆ دڵنیا بوون لە مانی هەموان.

بەشڵەم : بەشکوو،بەڵکوو.

بەشکۆ : خاوەن شکۆ، بەعەزەمەت.

بەشكۆ : شەرمێون :(*زۆربەشکۆیە ، هەتا پێی نەڵێ دەست بۆ ئاوی خواردنەوەش نابا*).

بەفربەسەر : چیای بەفر بەسەرەوەماو.+

بەفرماڵ : ئەو ئامرازەی بەفروباران لە شووشەی ترومبێل دەسڕێتەوە.+

بەفرەبەسەر : بەفر بەسە ، ئەو بەفرەی سەرەکەی بۆتە سەهۆڵ و بنیادەم بەسەری دا بڕوا تێ ناکەوێ.

بەقر : دەفری مسی برش هەڵێناو،مسی سپی نەکراوە.

بەقووندا‌کەوتن : کەسادی بازار، نەفرۆشرانی کاڵا.

بەکل : کلاوی، چاوی کل تێ کراو :(*چاو بە کلە ، شل و ملە*) « فۆلکلۆر » .

بەکەریەبردن : خەڵەتاندن، (فریودان)، بەفریوبردن.

بەکەین و بەین : ئەهلی تەون و بەست.

بەگا : زەوی یەک کەپاش داشتنی وەختی کێلانی هاتوتەوە، جابۆ هەر مەبەستێک بکێڵرێ.×

بەگۆشت : حەیوانێک کە زۆری گۆشت هەیە. بۆ کاتی سەربڕین و قەسابی دەگوترێ.

بەگۆشت : زەوی یەک کە خاکی نەرمی زۆرە و لە کێلانی ـ دا کاسن ناگاتە سەر بەرد و رەقەن.

بەگون : پیاوی بە زیپک و زاکوون.+

بەلا لێ دراو : تووشی موسیبەت هاتوو.

بەلەز : بەپەلە :(*بەلەز و هەڵپە هەموو زۆر بەدەون ، هێندی پێشرەون و بڕێ لوا ئەکەون*) «هەژار».

بەلەسە : بزنی «سەر» ، بزنێک کە زەحمەت دەگیرێ.+

بەلەشین : بزنی گوێ لوولی رەنگ شین.

بەند : رەگ :(*رۆڵە رووناکی گلێنەی چـاوم ، بەندی جەرگ و دڵ هێزی هەناوم*).+ « هەژار »

بەن دەمبێن : ئەو بەنەی دەمبێنی گا و گۆلی پێ دەبەستن.

بەندەن : برگـەی ناو لە کـاتـی ناوداشـتن دا :(سێ بەندەنم *داوەتێ* واتە لە سێ برگـەوە ناوم تـێ کردوە).+

بەنگ : لـزگـە، لیـزگـە ئەنـدازەیـەک مـووڕووی پێکەوە هۆنراو :(بەنکە رەنگیانە، بەنکە دەسجنیب).+

بەی : بەلێ، با.+

بەیت و باو : دەنگۆ داخستن، ناوزڕاندن :(*بەیت و باوی بۆ هەڵبەست*) .

بێ ئازار : ئەوەی ئازاری بۆ کەس نیە.

بێ ئەسڵ و نەسەب : ناکەس بەچە، نانەجیب.

بێتان : هـێلانـە سـەمـۆرە، ئـەو جـێ یـە کـە سـەمـۆرە جووچکەی تێدا هەڵ دێنێ.

بێتەڵماڵ : مـاڵ بەکـۆڵ :(*هـەردەرۆم و دەنـاڵم ، وەک دەروێش بێتەڵماڵم*). « فۆلکلۆر »

بێرازتن : رەهەند لێ دان بۆ دەرکردنی تەڕایی لە نێو خانوودا تا خانووەکە نەزێتەوە.+

بێرەمەڕ : کاتی مەڕ دۆشین، کاتی بێرەدۆش.

بێ سەروزمان : فەقیرحاڵ، بێ دەنگ و بەحەیا و ئەدەب.+

بێ شۆ : بوونەوەیەک کە لەوەختی رایەڵ کردنی دا شۆ ،

واته سرینشی کەم لێ درابێ، دژی رەقەشۆ.+

بێ شەرت : بێ مەیل، بێ وەفا (لە دڵداری دا).

بیێڵێن : بی یەڵێن، ئەوشوێنەی « بی » ی خۆڕسکی زۆرە.

بێ مزەرەت : بێ وەی، بێ ناسیو.

بێ واز : بێ تاقەت.

بێوک : ناوکێکی رەقە لە نێو بەڕوو دا، بێوکە.

بێوکە : بێوک، جانەوەرێکە لە کەشکی کۆن پەیدا دەبێ.

بێ ویژدان : بێ ئینساف.

پیتی پ

پاراو : ئاوداشتنی کێڵگەیەک کە کرابێتە دێراو.+

پارووبڕێز : پارووژمێر، نان نەخۆر، ڕژد .

پارووژمێر : پارووبڕێز.

پازدان : بازدان.

پازگە : بازگە، بەردەباز، پردەباز.

پاشبار : لای پاشـــەوەی بـاری وڵاغ :(*پاشباری بۆ هەڵێنە با بارەکەی ڕاست کا*).

پاشبار : دواباری کۆچ و کۆچبار، دژی پێشبار.

پاشبارە : ئـەو دارەی ئـامــرازی جــووت کــردن کــە دەســگــرەکـــەی تـێ بـڕاوە. دەســگـــرەکــــە دەستەمستەی پێ دەڵێن.×

پاش پانی : قووڵایی هەردووڵای نیسکی پاژنە (*پاش پانی پڕ بەو ژنە دەڵێن کەئەم لا و ئەولای پاژنەی پڕبێ و قووڵایی تێدا نەبێ*).

پاشخان : جێگای دانیشتنی نۆکەر و بۆرەپیاوەکان لە ماڵە ئاغایان دا. جێی شتوومەک و چخانە.×

پاشدار : داریکە لە تەون و جۆلایی دا لە پشتەوەی گورد لە نێو رایەڵەکە رادەکرێ.
پاشدان : پاشان، دوایە ، لەپاشان.
پاش دان : پاش نیوەرۆی کارکردن.
پاشقول دان : بن دەوەن کردن، نەهێنانە حیساب، شاردنەوە بە نیازی دزین.
پاکۆ : گیا درووین بۆ ئەوەی گەوزی باوێژرێتی و بکرێتە دەسکەسواڵە.
پاکۆدان : بەداس درووینی بۆ گەوز.×
پاڵیت : ئەو پەڕۆ کۆنانە کە خڕ دەکرێنەوە و کەڵێن و کونیان پێ دەگرن.
پاڵیت : ئەو پەڕۆ و پاڵەیە کە لە پاشەوەی خەڵیفە مێش رادەکرێ.
پاڵێن : بردنەوەی مەڕ بۆ لەوەڕ پاش دۆشینی ئێواران هەتا وەختی ماڵ نووستنان.×
پان و پلێچ : پان بووەوە لە ژێر پێ دا.
پانی : ئەو جێگایەی کە بنیادەم راست لەسەری رادەوەستێ، بەشی دواوەی لاق، دژی پەنجە.
پاوانە : ئەو زیوەرەیە کە دەکرێتە بنی ژنان (زێڕ بێ یان مووروو).×
پاوەپووز : بەڵەک :(*لەپردی سوور بەولاوە ، پاوەپووزی هەڵ داوە*). « فۆلکلۆر »
پایزە : مەقامێکی کۆنی کوردی یە.+
پایزەبرا دۆستێکە کەمەر لەکاتی فەرعانە وحاسلات دا

بیته لات.×

پایزی : جۆرێک هەرمێ یە.+

پڕ : نەکاو :(لەپڕ واتە لەنەکاو).+

پرژوپاڵ خشت و خاڵ.

پڕوپاتێر پڕوپاتاڵ، گاوگۆل.

پرووپیرێژن ژنانی پیر، ژنانی خۆبەحەکیم زان.

پسکێر : پیسکێر، پیس ، پیس لەوەڕ.

پشتە : مەودای هەموو کارگەی جۆلایی لە بووژووی نەتەنراو.+

پشتەماسی جۆرێک دروومانە، عادەتەن تەحتە جاجم و بەرماڵی پێ لێک دەدروون.+

پشک : ئەندامێکە وەک سمێڵ لە لەشی هێندی جانەوەردا : (نووپشک).+

پشک : ئاوێکی سپی یە کاتی هەوەس بزووتن بە جێگای شەرمی ژن دا دێتە خوار.+

پشووبڕ هەناسە سوار:(پشووبڕ بووم).

پڵتۆخ : پیس و پەلۆ، ناخاوێن .

پلۆغان دوای وشەی « دا » داپلۆغان، بە مانای دامرکانە .

پنج وەلۆر : مۆرووپنج، دەست لێ نەدراو.

پۆپرە کەڵەباب : کلاوەیکەڵەباب.

پۆرگ : جێ یەکی کەم لە زەوی دا کە لە باقیی زەوی یەکە بەتاقەت تر یان کەم تاقەت تر بێ.+

پلۆز : فیز، دەمار :(زۆر بە پۆزە).

پۆسک قوون.+

پۆسکە گلوێنەی تەندوور.

پۆسکە ئەو کونەی خەڵیف کە میشەنگوینەکان هاتوچۆی پێدا دەکەن.

پۆش بزنێکە کە گوێی پنۆک پنۆک رەش وسپی تێکەڵ بێ.×

پووش بەسەرە بێ دەنگە لێ کردن، دیزەبەدەرخونە.

پووشپەڕ هەوەڵ مانگی هاوین.×

پووشکە زلەگیای وشک :(*پووشکە لە کایە نابژێردرێ*). «فۆلکلۆر» بۆ دار بەکار نابرێ.×

پووشکەبەقوونە جانەوەرێکی باڵداری کلک درێژە.

پۆلانیا سەر کردنەوەی گاسن و تەور و ... کە ئاسنی تازەی دەخەنە سەر .دەمەزەرد نیە.×

پۆل بەدەرزی گەمەیەکە پۆلێک بە دەرزی یەکەوە دەکەن و بە بەنێک هەڵی داوەسن و هەرکەس لە راست خۆیەوە فووی تێ دەکا، ئەوەی توندی فووڵێ نەکا دەم ولەوسی دەسووتێ.

پەرتووک پلکەنان : (*پەرتووکێ نانیمان لە ماڵێ دانیە دەبێ هەویری بشێلم*).

پەرداخ تەنک :(*دەمی داسەکەم بۆ پەرداخ کە*).+

پەرک : پەرکە ، چیلکە و چاڵی ورد و باریک کە پاش دارەڕا دەی هاوێنە خانوو.

پەرگە ئەو کەلاقە بەنانەیە کە بۆ کلاش چنین دەیان هۆننەوە.

پەرگە : گل، یان پەینێک کە بەھاران بە بەفری سەر زەرعاتی وەردەکەن بۆ ئەوەی زوو بتوێتەوە.

پەرگە هاویشتن : گڵ و پەین پێداکردنی سەر زەوی وزرار.

پەرەھاڵویشتن : ڕۆیشتن بۆ ھەندەران بۆ ژیان و کاسبی.

پەستوان : پەستێوران، پێ پەست بوون.

پەستواو : پەستێوراو.

پەلاپیتکە : پەلەپیتکە، ئەو ئامرازەی چەک کە بۆ تەقاندن دەستی پێدا دێنن.

پەلبڕ : پەلە داری بە تەوراس بڕاو.

پەڵوو : چینشتێکە ئارد و ئاو تێکەڵ دەکەن و دەی کوڵێنن و ڕۆنی لێ دەکەن.

پەڵۆ : پەڵۆخ، پلتۆخ.

پەلەپیتکە : پەلاپیتکە.

پەلەسوانە : سەرەچیلکەی سەرە سوانەی خانوو.

پەڵەک رەش : خاڵ و بەڵەکی بەھاران لە کوێستان.

بەنداو : پەنگاو ، ئاوی ڕاوەستاو.

پەیاغ : تێلاّ، داردەست.

پیاو : بریتی یە لە گان کردوو: (*لە بووکێ بۆتە پیاو ،* واتە بۆتە زاوا ، کچێنی یەکەی *لابردووە*).+

پیاوەتی : توانای گان کردن :(*لە پیاوەتی کەوتوە ،* واتە گانی پێ ناکرێ).+

پیاھەڵکاڵین : پێ ھەڵکاڵین، بەچاوەوە کردن.+

پێپڕکە : چینە کردنی مریشک.

پێ پەست : پێ خۆست، پێ شێل :(*وارشی گالاّدری و*

دەربەست بێ ، بەس لە داگیرکەری پەست پێ پەست بێ). «هەژار»

پیپللارە : جۆرێک پیکە لە تونکلی تووڵە بی سازدەکرێ و فووی پێدا دەکەن.

پێتاو : پینەی کاڵە، کوتە چەرمێک کە دەخرایە جێی کون بووی کاڵە و جا کاڵەکە لە پێ دەکرا : (کاڵە و پێتاو).×

پێتەک : بێچووی رەشەوڵاغ :(ئەم مانگایە پێتەکی جوان دەبینێ).+

پێتەک : گژەباوگەردەلوولێکی کورت خایەن لەزستان دا .+

پێچووکە : پیچکە، هەندریشە ، جۆرە گیایەکی کوێستانە.+

پێ چەقاندن : پێ داکوتن لەسەر مەبەست، سووربوون.

پێ چەقاندن : مانگرتن لە رۆیشتن.

پێچەڵپووچ : ئاڵۆز، سەرلێ دەرنەکراو.

پێداقسین : سواربوونی کەڵەباب لە مریشک.

پیراندن : دەنگی پرمەی نێری یە کێوی.+

پیرۆز : ناوە بۆ ژنان.+

پیرۆکە : منداڵی تازە پێ گرتوو.

پیرە : دەنگی پیراندنی نێری یە کێوی.+

پیسکێر : پیس و پەڵۆ، پسکێر.

پێ سووک : پێ و قەدەم خێر، ئەوەی کاری ژن خواستن و مەسڵەتی باش بەدەستەوە دێ.

پێشبەند : بەروانکەیکارکردن.+

پێش دان : دانی پێش نیوەڕۆ بۆ کارکردن.

پێکران : ئەنگوان، ئەنگێوران.+

پێکۆ : درووێنەی گیا بەبێ دەسکە سواڵە گرتن و هەر بە درووێن و خڕ کردنەوە.

پێکەوەنان : وەسەریەک نانی ماڵ و سامان.+

پیلەوار : باسکەملە، دارێکی گەورەی سووتاندن کە بە شان لە دارستان ڕا دەی هێننەوە و لە ماڵێ وردی دەکەن.

پێ مەلە : مەلە پێ یە :(*بڕوانە وشکە سۆفی و ڕەقسی بە مەلەیەلە ، نیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە*). « نالی »

پێ ودان : پێ و دانی ئاش :(*لەم پێ و دانە باراشەکەم بۆ لێ کە*).+

پێوەچوون : دیاری بردن بۆ ماڵان بە بۆنەی بووک هێنان و منداڵ بوون و ... .×

پێوەچوون : پەرەگرتن ، « سرایت ».+

پێوەنان : لێ زیاد کردن، « مبالغه ».+

پیتی ت

تابیلا : دوویات کردنەوەی داوا و تکا :(دووجارم لێ *تابیلا کردەوە بەقسەی نەکردم*).

تاتوو : هێندێک گەڵ، یان گیای پێکەوە نووساوی وشک: (*تاتووە گەڵێک بۆ ئەو بزنە دانێ*).

تاربوون : داگەڕانی بەغار بە سەرەوژێردا.

تاژللوورە : تاوێر، جاڵە، بەردێک کە لە بەرزایی خلۆر دەکرێتەوە.

تاسکەتاسک : ڕۆیشتن بە ناز و غەمزە :(*بە لەنجە و تاسکەتاسک ، ڕادەبرن وێنەی ئاسک*).«هێمن»

تاڵەگەزە : گیایەکە گەڵای چەور و تاڵە ، لەگەڵ دانەوێڵە کەوێ تاڵی دەکا.

تاڵێتاڵ : گیایەکە گەڵای وەک گەڵا دۆڕێ دەچێ، بەڵام ناخورێ.

تام وخوێ کردن: ڕۆن و خوێ لە چێشت کردن.

تام وخوێ کردن: کەمێک لە چێشتی سەرئاگر خواردن، بۆ ئەوەی بزانرێ ڕۆن وخوێی تەواوە یان نا.

تانە : تەیمان، دیواری بەچەپەر.

تاودان : تەنگەتاو بوون، گووهاتن :(*واتەمێ دەکرێ لە فێرگەی شورش ، تاوێ دا و بچێتەوە گۆڕی کۆرش*). « هەژار »

تاوتۆ : هاوتاکردنی دوو لینگەبار ئەگەر یەکیان قورستر بوو.×

تاوتوو کردن : بریتی یە لە بە دەست گرتنی ژن.

تاوەباران : ڕێژنە بارانەی کەم دەوام.

تاوەسووت : میوە یان گیایەک ئەوەندە لەبەر هەتاو مابێتەوە سووتابێ.

تاوەسووت : ڕەنگی پێستی لەشی کەسێک کە زۆر لەبەر گەرما کاری کردوە.

ترشەکە : ترشۆکە، گیایەکی مزرە.

ترنجان : تێک ئاڵقانە، ئەک چوونە نێو.×

ترۆق ترۆقە : تۆق تۆقە، بەری گیایەکە وەک کەلووە نۆک ، منداڵ دەی تەقێنن.

ترۆق ترۆقە : تەپاڵەی نیوە داگیرساوە، منداڵ هێندی تف لە سەر بەردێک ڕۆ دەکەن ، تەپاڵە داگیرساوەکەی لە سەر دادەنێن و بە کوتک لێی دەدەن ، تەقەی دێ.

ترۆق ترۆقە : بۆمبایەکی دەنگی یە منداڵان لە بارووت دروستی دەکەن.

ترونج : ناوێکی گشتی یە بۆ ئاسنەواڵی شت بڕ وەک داس و تەوراس و چەقۆ.

ترهقه : چهشنی بۆ تهقاندنی فیشهک و ساچمهزهن و بۆمبا و نارنجۆک و ... . +

تسهگورگه : فسهگورگه، کارگهفسه، جۆره کارگیکی ژههراوی یه.

تفهنگچی : ئهنگێوه، دهست راست.+

تلوورکردن قوون تلوور کردن، سهر دهمهرزی نان و قوون دهمهوا کردن.

تلۆفک : گلۆ فک، لکی ههرسهرهوهی دار.

توانا : هێز، ئیمکان :(*له توانام دا نیه*).+

تۆراغ : شویت.+

تورنه : باڵندهیهکی کێوی یه.

تۆزاش : تۆزی ئاشی،تۆزی ئاش که له لهشی ئاشهوان و خهڵکی دیکه دهنیشێ.

تۆق : بهشێک له زهوی :(*ئهم تۆقهی رهقه ، ئهو تۆقهی گهنمی چاکی هێناوه*).

تولانهوه : لهبهریهک بلاو بوون له به زۆر گهیشتن .(بۆمیوه)

تولانهوه : به نهخۆشی دهست وپێ سارد بوونهوه : (*بهجارێک خۆی تولاندۆتهوه*)، بۆ بێ غیرهت دهگوترێ.

تول دان : زگدانی دیوار، ئهوه که بهشێکی دیواری تازه دهردهپهرێ و نیشانهی رووخانیهتی.

تۆمارکردن : وهرگرتنی دهنگ به قهوان یان شریت.+

تۆمارگه : جێگهی تۆمارکردنی دهنگ ورهنگ لهسهرشریت.

تۆن : تهن، ههزار کیلۆ.

تونده‌تەبیات : ئەوەی زۆر تووڕە دەبێ.
تووه‌ڵه‌ره‌نگی : گیایەکە گەڵاکەی وەک گەڵای ماش دەچێ و بەرەکەی لە تووەگایە دەکا.
تووه قه‌سپه : جۆرێک تووی سپی یە دەنکەکانی گەورەن و شیرنە.
تووه‌مۆره : جۆرێک تووی شیرنی ئامال ڕەشە.
تونشه : نانە بستە، بیسکویت.+
تەبەق : نەخۆشی یەکە لە سم و زاری مەڕ و بزن و مەنگا و گامێش دەکەوێ .بەکەمی ولاغە بەرزەش دەیگرێ.×
تەبەک : تەبەق.×
تەپ تەپی : کەسێک کە تەنیا تەپڵە سەری کەچەڵە .
تەپڵ دڕاو : بێ ئیعتیبار، ئەوەی ڕیسوا بووە، ئەوەی کەس باوەڕی پێ ناکا.
تەپله : بەشێک لەکلاو کە تەنیاسەری بنیادەم دەگرێ.+
تەپڵەک : جۆرێک گوێنیی ڕیوەڵەیە، لە جێی گەرمێن زیاتر دەڕوێ، بەهاران دەیدەنە مالات.
تەپڵەک : قەندان.+
تەپڵەگوێنی : تەپڵەک :(هێندەم کردوە مەشکەژێنێ ، سەرم بۆتە *تەپڵەگوێنی*). « فۆلکلۆر »
تەپڵی باز : توێ یەکی ناسکە لە نێو زگی حەیوان دا، مندال تەپڵی لێ دروست دەکەن.
تەپەڵلەغ : دارێکە لەکارگەی جۆلایی دا لە پشت سەری جۆلا هەڵکەوتوە ، رایەڵی بووزووی بەسەردا

دەڕوا.

تەغار : تەغار، ٣٠ دانە (تەغارێک گەنم ٣٠ ڕبەیە ، تەغارێک تەپاڵە ٣٠ دانەیە).

تەخت بوون : بە لەباری دانیشتن.+

تەخت بوون : ڕاست ڕاکشان.+

تەختەبەند : داپۆشینی خانوو بە تەختە لە سەر دارەڕاوە .

تەختەبەند : دیواری بەتەختەدار دروست کراو.

تەختەپەین : بۆ زەوی بەکار دەبرێ کە پەینی زۆر لێ درابێ.

تەختەپەین : بریتی یە لەو جێگایە کە پیاوی تەمبەڵ و زگ لەوەڕێن باشی لێ دەگوزەرێنێ.

تەختە لێ کردن: مانەوەی زۆر لە جێ یەک :(دە شەوان *تەختەم لێ کرد*).

تەرک کەوتن : نەخۆشی یەکی گوێ درێژە ، شەل دەبێ بێ ئەوەی لاقی شکابێ. بە کینایە بۆ پیاو بەکاردەبرێ.

تەرک کەوتن : گان پێ نەکرانی گوێڵەکەر لە ئاکامی جۆرێک نەخۆشی دا.بەکینایە بۆ پیاویش بەکار دەبرێ.

تەرکەتوڵڵا : بەهیچ جۆر :(*تەرکەتوڵڵا خزمایەتیت ناکەم*).

تەرکەوڵات : ئاوارە، دەربەدەر، لە وڵات دەرچوو.

تەرەکەمە : بێگانە، نامۆ، غەوارە.

تەس : دەنگ دانی ئاژەڵە بۆ ئەوەی پاشەوپاش بگەڕێتەوە.×

تەقەڵ دڕانەوە : دڕانەوەی برینی عەمەڵ کراو.

تەقەڵ لەسەر

یەک نەبوون : گێژی، پەریشانی :(مەی نوێنە ، تەقەڵی لەسەر یەک نین).

تەلان : هەڵدێر، جێ یەک کە لاقی بە زەحمەت پێوە گیر دەبێ، دەتوانێ لە بناری نزیک دەشتیش بێ.×

تەلبەند : بە تەل پێکەوە نووساندنەوەی دەفری شکاوی چینی.

تەلڕوو : سیمی درکاوی.

تەماوی : سەربەتەم، سەربەمژ.

تەمبوو : تۆپی ئاشی ئاوی.

تەمبێ : سزادان ، ئەدەب کردن.

تەمبێ یانە : ئەو پارەیە کە لەسەر کارێکی نابەجێ لە یەکێک دەستێندرێ.

تەمبێ یانە : ئەو کارەی وەک سزا بە کەسێک دەکرێ.

تەمتومان : تەم و مژ.

تەنوورە : کۆڵەکەیەک کە گێژەڵووکە لە تۆز و پووش و پەلاش دروستی دەکا.

تەنگ کردن : کوتانەوەی دەمی تورنج بۆ تەنگ کردن.

تەنگ کردن : هەڵکێشانی بەشێک لە شیناوەرد بۆ ئەوەی تەنگ بێ و تاقەت بکا.

تەنگە کردن : هەستانی بەشێک لە دانیشتوانی مەجلیس.

تەنگ دان : پاڵ وێ دان ، پێگەیشتن :(تەنگی بە بنارەوەدا).

تەو : جۆرێک کەوتنی جگی گەمەیە، دژی چەق.

تەونکەر : ئەوەی بەڕە و مافوور دروست دەکا، تەونگەر.
تەون ویەست : کەین ویەین، پیلان گێڕانی چەند کەس دژی یەکێک .
تیاح : وشەی سەرسوڕمانە :(تیاح کە دریژە).
تێ ئاڵقان : گیر کردن.
تێ چریکاندن : بە دەنگی تیژ و بەرز گۆرانی گوتن.
تێ چزان : تێ زان، ئاو تێ گەڕان.
تێچێن : گەنمێکی کەم کە دەی بەنە ئاش بۆ ئەوەی پێش نۆرە بۆیان لێ کرێ ، تابێ نان نەبن.+
تێ ڕاخوڕین : بەدەنگی بەرز دەنگ دان و قسە لەگەڵ کردن.
تیراوە : کوانە ڕەشە :(پیرمحمد تەڕە تیراوەی دڵ) «هەژار»
تێرنەخۆرە : تێرنەخواردن لەبەر ئەوەی ماوەیەک نەخۆش بووە یان خواردنی دەست نەکەوتوە.
تێرمخۆر : ئەوکاتەی بەهار کە گیا بێ دەگا و مالات لێی تێر دەخوا.+
تیرمشان : شانەهەنگوینی درێژاودرێژ ، دژی گردەشان ، یان دەرخۆنە شان.×
تیرمشان : لاباسکی کێو، سەریەندەنی باریک و درێژ.+
تیرەگ : ئەستووندەک، دیرەک، کۆڵەکەی ڕاست و باریک.
تیریژوو : پارچەیەکی درێژ و باریکە لە هەردوو تەنیشتی کراسی ژنان دا.
تیریژوو : پارچە زەویی باریک و درێژ.
تێشت : چێشت، شێو، خواردنی بەئاگر کوڵیو.+

تێشتان   چێشتان، چێشتەنگاو.

تێ شیشان : بریتی یە لە چوونە بەرلینگی ژن بۆ بە دەست گرتن.+

تێ قمین : تێ قومین، تێ قومان، لە ئاودا نوقم بوون.

تێ قوپین : تێ قوپان، قوپان.

تێک : درز، قەڵەشت.

تێک ئاڵقان : تێک ترنجان، تێک گیران.

تێک باھەڵدران: لە یەک ھاڵانی دووھەودا.

تێک پەڕاندن : راپەڕاندنی کار بە خێرایی.+

تێک ترنجان : تێک گیران، لێک گیربوون.

تێک ڕابوون : راپەڕین لە خەو.

تێک ڕاچوون : دەگژ یەک ڕاچوون.

تێک ڕاخوڕین : یەکتر دەنگ دانی لەنەکاو.

تێک کردنەوە : تێک خستنەوە :(*چاڵێکی مێندە قووڵە دوو گوریسان تێک کەیەوە ناگەنە بنی*).+

تێ کوتان : نقورچک لێ دان بۆ وشیار کردنەوە، یان لە خەوھەستاندن.+

تێ گرتن : ئاو لێ نان :(*پیوازەکان تێنوو ، شەراویان تێ گرە*).+

تێمان : دامان ، سەرلێ شێوان :(*تێ ماوم ، نازانم چ بکەم*).

تێنگ : بین :(*تینگم بە پلووسکێ وەنا ھەتا تێرم لێ نەخواردەوە ، دەمم لێ نەردەوە*).+

تێوەدان : گوێز لە گوێزدان لە گەمەی « واغێن » دا بۆ

ئەوەی جووتەکان لێک بینەوە.

تێ وەرین : پێوەربوون بۆ خواردن و ... .

تێ هەلاتن : چوونە نێو ئاو بە مەبەستی خۆ شوتن.

تێ هەڵبوون : بە توندی رووەو هەوراز چوون.

تێ هەڵکردن : پلار و بەرد لە داری بەرهەڵاویشتن :(پلارێکی *تێ هەڵکە با هێندێک گوێز بخۆین*).+

تێ هەڵکردن : ملی هەوراز گرتن.+

تێ هەڵێنان : بەن لە تەلیس و جەواڵ راکردن بە بێ سووژن.

تێ هەڵێنانەوە : قەرەبوو کردنەوە.

پیتی ج

جاخ پێچک : ئەو دارە کە جۆلاّ کری تەنراوی لێ دەهاڵێنێ. ڕەنگە بناخەکەی جاوپێچک بووبێ.

جارناجار : جار نان جار، جاریەجار، بە هەڵکەوت.

جامیلکە : جامی چکۆلە.

جاوڕایەڵ : هاتوچۆی بێ جێ :(ئەم *جاوڕایەڵەت لێ چیە؟*) جاوڕەیاڵ.

جرپن : جینگنە، ترکەن.

جڕجانەوەر : داعبای چووکەڵە چووکەڵە (حشرات).

جرووکان : سەرهێنانەدەری جووچکە لە هێلکە :(*مێشتا سەری لە هێلکە نەجرووکاوە لێمان بۆتە کوێخا*).

جڕیاوفڕیا : ئازار و جەزرەبە.

جزیاوفزیا جڕیا و فڕیا.

جفجفە : ڕوح تۆتیا.

جفە : جقە، چوکڵەیەکە لەپاش پەنجەی کەڵەبابی لە یەکساڵ گەورەتر دەردێ.

جنجریەڵەک : پنوک پنوک ڕەش و سپی تێکەڵ.

جنگڵدان : جینگڵدان، گینگڵدان، خۆ بزاوتن لە خەودا.

جواب کردن : دەرکردنی رەعیەت و نۆکەر و ... .+

جواناو : ئارەقەی ژنی ژان گرتوو.+

جواناو : ئارەقەی سەرەمەرگ :(*بای شەماڵ هات و ئەستێ وەک پەنجەی جوانێک جواناوی*).

«هیمن»

جووتە : چوونی دوو فیشەک بۆ بەر لوولەی دەمانچە : (*بەکەڵک نایە جووتەی دەکا*).+

جووتەی کەوی : دووبراله، دوو ئەستێرەی لێک نزیکن.

جووەه : دەعبایەکی ئەفسانەیی زۆر ئاقڵە :(*هێند زرینگە جووەی ناڵ دەکا*).

جووکە : دەنگی باریکی با لێبوونەوە.+

جۆلاتەنە : جاڵجاڵووکە.+

چەل : چەل، جار:(*سێ جەل هاتم لە ماڵ نەبووی*).+

جەم بوون : ژەم کردن، تێر خواردن :(*ئەوە جەم بووین ، با بچینەوە سەرکاری*).+

جەمک : ماستێک کە دوو رۆژ لە هەوێن کردنی تێ پەڕیبێ، گۆیا ڕۆنی زیاتر دەکەوێتێ.+

جەم مردوو : جەم بردوو ، ئەوەی وەختێک برسیەتیی چاشتوە و ئێستا تێر نەخۆرەی گرتوە.

جەوهەر : جەوهەر بە هەموو ماناکانی.

جەوی : شیلەی مێیوی بادام و قەیسی و ... .+

جیفرک : جووتە هەلاوریشتنی ئێستر وبارگین و... .

جێ گەورە : نەجیب زادە، خانەدان.

پیتی چ

چاوزکە : پارچەیەک قوماشی سپی کە لە بن بووکێ رادەخرا تا خوێنی کچێنی یەکەی بە سەردا برژێ.+

چاوبەرایی نەدان: نەتوانین لە حالەتێک دا دیتن :(چاوم بەرایی *نادا ئەو قارەمانە بە زەلیلی ببینم*).

چاوپێداخشاندن: بە پەلە چاو لێ کردن، چاوپیاخشاندن.

چاو پێدا

خشاندنەوە : دووبارە چاو لێ کردنەوە پێداچوونەوە.

چاوپێداگێران لێ ڕوانین بۆ هەڵبژاردن.

چاوتێوەبڕین : تەماح تێ کردن، بەتەما بوون.

چاوکراوە : شارووبەرە گەڕاو، دنیا دیتوو، لە تەقە هەڵاتوو.

چاوکسکە : چاوکتکە،گیایەکە.

چاونووسان : گیرانی چاو بە ریپۆق لە کاتی چاوئێشەدا.+

چاونووساندن : چاوبەستن، فریودان، خەڵەتاندن.

چاوەکسکە : چاولێ کردن بە ئیشتیاوە بێ ئەوەی بەردەمی بکەوێ.

چرپە : دەنگی کەوتنی دڵۆپە.+
چەرچیا : شاخ و داخ، کێوپارە.
چەرچێو : دارویار، داری وشکی ورد.
چەرکێو : چەرچیا.
چریسکایی : زرنۆقی ڕۆن لەسەر شۆرباو.
چزە لێ
هەستاندن : پێوەدانی دووپشک و ... .
چڵخوس : ڕژد، نان نەدەر.
چلوو : مــاوەی بــێ نوێژیــی ژن دوای مــنداڵ بــوون هەرچەند لە چل ڕۆژیش کەمتر بێ.+
چڵۆسک : بزووتی بە ئاگرەوە.
چل وەل : خۆبەسەرداسەپێن.
چڵە : چڵەگ، دیرەک، ئەستوندەک.+
چنگۆرک : چنک، چنگاڵ ، چنگی پشــیلە و باڵندەی گۆشت خور.+
چنینەوە : خڕ کردنەوە :(*بە شوانی یەی شەرم نیە ، بە نان چنینەوەی شەرمە*). « فۆلکلۆر »
چوارپاڵوو : دارێک یان بەردێک کە لەچوارلاوە تاشرابێ.+
چوارپینە : کەوشێک کە پێش دڕان پینە کرابێ.+
چوارمێزیلکە : چوارمەشقی، جۆرێک دانیشتنە.
چوارناڵی : لینگدانی بە پرتاوی ئەسپ.
چوالە : چەقاڵەی تەڕ (تاڵ یان شیرین) .+
چووار : قت کراولەیاریی پشکیلان وگۆرەوی بازی دا.
چڵراوکە : ئەوئارەی لە سوانە و لیباسی شۆراو و ... دێتە

خـــوار :(چەتیو دەرکێنم لێوەکـە کوشـتـمـی چۆراوکەی بانی). « فۆلکلۆر »

چۆڕاوگە : پلووسکی بان، ئەو جێ یەی ئاوی سەربانی لێ هەڵ دەڕژێ.

چووزەرە : سەری دەرهـاتووی کـەنگر و گـیـای دیکە پێش پشکووتنی گەڵاکان.+

چۆقاین : چۆقانی ڕۆن.+

چۆڵەچرا : بریتی یە لە ڕۆن گەرچک و نەوت.+

چۆماو : ئاوی چۆم، موقابیلی کانیاو.

چۆماو : ئاوی زۆر :(ئەم کانی یە چۆماوێکی پێدادێ).

چۆمی : ئەو پەلەوەرانەی لە دەم رووبـاران دەژین ، وەک سی و مراوی و ... .+

چونک : چونکە، چونکی ، لەبەرئەوەی.

چونکێ : چونک.

چونکینێ : چونک.

چونگێ : چونک.

چونگینێ : چونک.

چەپ و گووپ : ڕاوڕووت، دزی و پاشقول دان.

چەپەترووکە : گـیـایەکـە زۆر بەرز دەبـێ، تۆوێکی وەک پەرش بەڵام گەورەتر لە پەرشی هەیە.

چەپەخان : زللە، شەپلاغە، زللە بە پشتە دەست.

چەتەڵ : دریژی ناقۆڵا.

چەختی : چوختی، لەگڵ دەرهاتوو، ڕاهاتوو.

چەرمە : گوێ قوت کردنی ئێستر و بارگین بۆ شەڕ و

هێرش.+

چەقڵەسەما : هەڵپەڕین لە خۆشی یان، وەسەما کەوتن.

چەق وتەف : گەرمەی کارێک یان ڕووداوێک.

چەقەسرێ : قەرەچەناغ،ڕووهەڵمالاو.

چەک وچۆڵ : چەک و چۆڵە، کەرەسە و ئامرازی شەڕ.

چەلاک : دارێکی درێژ و بارێکە، نووکی لێ دەنێن بۆ مازوو لە دار کردنەوە.+

چەلاوک : چەلاک.

چەماو : چۆماو، ئاوی چۆم.+

چەمۆڵە لەسەر دادان : ئەوەیە کە تاژی نێچیرەکەی دەخاتە بن چنگی و ڕای دەگرێ، تا ڕاوچی دێ لێی وەردەگرێ.

چەمۆڵە لەسەر دادان : سەگ و تاژی نان و ئێسک وەبن چنگیان دەدەن و دەی خۆن .

چەمەرچۆپی : بەلا و موسیبەت، بەسەرهاتی ناخۆش، تەنگانە.

چەوت وچەوێڵ : چەوت و چێڵ، خێچ و خوار.

چەورە : گیایەکە لە تیرەی بۆڕ و کەما و لۆ.+

چێ : ڤێر :(سە بە سەمەرگی یان چێ یە).+ «مەسەلی کوردی»

چیغ : چیغ.+

چێرەگرتوو : سامەڕستوو، ئەوەی سامی لە کاری خراپ شکاوە.

چێشتانە : ئەوەی سەربـــاری حەقدەســت وەک دەس خۆشانە دەدرێ بە وەستای سنعەتکار .+

چێشتەقوڵە : ئەو چێشتە کە کەبانووی ئەوسن هەربۆ خۆی یان بۆ خۆی و مێردەکەی لێ دەنێ.+

چیلانگەر : ئاسنگەرێک کە وردە حەوا ج دروست دەکا .+

چێنکە : پاشماوەی ڕایەڵی بەڕە کە دەی بەن و دەی کەنە بەندروو.+

چێو : دارو باری وشک، چرو چێو.

چێوچێوە : دارێکی دووپەلە لە هەردووسەری باگردانی بەرد ڕادەکرێ و پێی دەگێڕن.

چێوچێوە : دوو ئاڵقە دار یان ئاسن کە دەخرێنە دەسکی باگردانی دارەوە بۆ گێڕانی.

چێوەسان : جۆرێک بڕبەندە لایەکی تەختە و لایەکی دیکەی کووڕ (محدب) ە ، داری پێ دەڕنن.

پیتی ح

حاسیلکە تێ کوشینی ڕۆن و دۆشاو.

حاوانەوە جێ بوونەوە:(*خانووەکە چووکە، چاکە تێی دا حاوا وینەوە*).+

حشکاوس : ئیشکاوس، کچێک کە بە ڕێ خستن ئاوس بووبێ.+

حوب : لە ناخی دڵەوە: (*بە حوبی دڵ حەزدەکەم وابێ*).+

حوباندن خۆش ویستن: (دەی حوببینم).

حوکم : جۆرێک یاری بە پەڕی قومارە.+

حەبەسان : تاسان، واق وڕمان.

حەبەساو : تاساو، واق وڕماو.

حەپۆمێش خۆر: بریتی یە لە ئینسانی گێل و نەزان.

حەپەمێش خۆر: حەپۆ مێش خۆ .

حەزنەوەر : حەشاماتی زۆر: (*ئەو هەموو حەزنەوەرە کوێڕا کۆبوونەوە* ؟).

حەسابێ : قسەی بە ڕێ و جێ.

حەسابی : پیاوی ماقووڵ.

حەسپنگ : ئەسپنگ، ئەسپینگ، شنگ.

حەستەمەکەڵی : سواربوونی جوانەگا لە مانگایەک کە بەکەڵ نەبێ.

حەستەمەکەڵی : زۆری لێ کردن.

حەشروحەڵەلا : زەنا زەنا، هەلاوهەنگامە.

حەشیا : ئەشیا، هیچ شتیک: (*حەشیای خوای لەم ماڵەدا نەمێنێت*).

حەواتیلکە : بەردهەڵدان بۆ حەوا بە دەست یان بە قۆچەقانی ، بە بەردەکەش دەگوترێ .

حەوترینگە : چیشتێکە زۆر دانەویلەی جۆراوجۆری تێ دەکرێ .

حەوترینگینە : حەوترینگە.

حەوجێ : پێویستی، « احتیاج »: (حەوجێم پێت نیە).

حەول وەدەول : هەوڵ و تەقەلا.

حەولەوەلا : تەنگانە: (خستیە *حەولەوەلاوە*).

حەیتە : زۆڵ، بیژوو، منداڵی حەرام زادە.

حەیشان : حاوانەوە، وێ هەڵکردن: (*لەگەڵی ناحەیشێ*).

حیزفرسەت : ئەوەی بەناپیاوی دەرفەت لەیەکێک دێنێ و کارێکی لەگەڵ دەکا .

حیزوسلامەت : ئەوەی هەمووشتێک قبووڵ دەکا بۆ ئەوەی تووشی مەترسیی گیانی نەبێ.

حیسابی : حەسابی، قسەی بەرێ وجێ، پیاوی ماقووڵ.

حیلاندن : حیلەکردنی ئەسپ.

پیتی خ

خام حەلاو : قوماشێک بوو لە لۆکە: (*بەرهەڵبێنەی خام حەلاوە ، هەردەرۆی و دەکراوە*). « فۆلکلۆر »

خامە : توێ شیر، سەرشیر، قەیماغ.+

خامە : کورت کراوەی خانم بۆ خۆشەویستی.+

خانبڕ : چەکێک کە خانەکانی نێو لوولەکەی خوراین، سواین یان خۆرکە لێی داین.

خانزاد : بێچووە خان.

خانزاد : ناوە بۆ ژنان.

خانم وخاتوون : بریتی یە لە ژنی بە ناز و نووز.

خانی خانان : سەرداری سەرداران: (*یان دەتکەمە خانی خانان ، یان دەتکەمە تۆزی بانان*)«فۆلکلۆر»

خانی لەپ زێڕین: قارەمانی چیرۆکی کوردیی « قەڵای دمدم ».

خاوک : ڕیسێکە بۆ تێوەدانی بەرە دەرێسرێ و زۆر گشتی ناکەن.×

خاوکردنەوە : ئارام کردنەوە.+

خاوکردنەوە : بریتی یە لە نیشاندنەوەی شەرمی پیاو.+

خایەن : پاشگر بە مانای پێچوون :(دریژخایەن).
خرتک : جـمگـەی دەسـت و لاق: (لە خـرتـک چووە واتە جمگەی ترازاوە).
خرتەگەڵ : جەڵبی خرت و نێری.
خڕکردنەوە : کردنە تۆپ، کردنە کەلا .+
خرمانلۆغە : خـەرمـانـلـۆغـە، گـەنم یان جـۆیـەک کـە لەسـە، خەرمان دەدرێ بە هەژاران.
خرمچوون : خڕەمچوون، هەموو، گشت.+
خڕنە : کوودەڵە، بێچووی بەراز.
خڕوپڕ : قەڵەو و تورت و تۆڵ.
خڕۆشان : راپەڕین، هەڵەشکوتن، ئاڵۆز بوون.
خڕیلانە : ژنی خڕکەڵەی جوان.+
خڕیلە : خڕیلانە.
خزە : دەنگی بڕین بە تیغی زۆر تیژ.
خزە : دەنگی هـەناسەی کەسێک کە سەرمـای بووبێ و گەرووی بیەشێ.
خزە : دەنگی رۆیشتنی شتی وردبەنێو گەلای وشک دا
خفتان : تۆوێکە کە پاییزێ درەنگ دەچێندرێ بۆ ئەوەی بەهارێ بڕوێ.×
خواداد : خواداو.
خواداو : ئەوەی خوا داویە.
خوار : خـۆراک: (شێوەخـوار ، واتە خـۆراکی شـەو بۆ مالأت) .+
خوارەبا : بـاپـەنـا، جێ یـەک کـە بـا نـەی گـرێتـەوە: (خۆ

دەخــوارەبایان دەگــرێ ، واتــە خــۆ لــە کــار دەدزێتەوە).+

خوان : پنە، ئەو شتـەی ئەنگوتکە هەویری لەسەر پان دەکرێتەوە.+

خواوڕاستان باش بوو خوا رەحمی کرد.

خۆبەرزارخستن : کردنی کارێک کە لۆمە و لەقەمی خەڵک بەدوای خۆی دا بێنێ.

خۆبەستنەوە : بریتی یە لە خۆ مقید کردن بە کارێکەوە یان بە شتێکەوە.

خۆپیان کردنەوە: پاڵدانەوە ، خۆ لەکار بواردن.

خۆتێ ڕاکردن : بە زەحمەت چوون بۆ جێگایەک کە خەڵکی زۆر لێ یە و جێی بەتاڵی نەماوە.

خۆتێ هاویشتن: بازدانە نێو ئاو، خۆ هاویشتنە نێو ئاو.

خۆتێ هاویشتن: خۆ دەنێو حەشیمەت ڕاکردن.

خۆرازاندنەوە : خـۆجـوان کـردن، جـل وبەرگـی جـوان لـەبـەر کردن.

خۆڕاژاندن : بـزواندنـی لـەش لـە کـاتـی ئـێش یان خــەم و خەفەتی گەورەدا.

خۆراک : ئەوەندە بارووتە کـە جارێک ساچمەزەنی پـێ داگیرێتەوە.+

خۆراک : ئەوەندە دەرمـانـی رەوانـی کە بەشـی عـیلاجـی نەخۆشێکی قەبز بکا.+

خۆرانان : فرووفیشاڵ کردن، سنگ دەرپەڕاندن.

خۆڕاوی : خۆڕایی.

خورج : گورج، باری ولاغ کە زۆر لەسەر پشتی بێ ، دژی شۆڕ.

خورد : چڕ و پڕ: (دەوەنێکی خوردە).+

خوردکردنەوە : گۆڕینەوەی پارەی درشت بە وردە.

خوردکردنەوە چاوخوردکردنەوە، جوان سەرنج دان، بیر لێ کردنەوە.

خۆرشت : چێشتێکی سووک کە لەگەڵ پلاو دەخورێ.×

خۆرشت : تام: (خۆرشتی خۆشە).

خورشید : ناوە بۆ ژنان.

خۆرکە : مۆرانە بۆ دار و کتێب و جل و بەرگ.

خوری شور : لێدانی زۆر ، لێدانی توند: (*کەری کوتا خوری شور، لەخوێن سووربوو ملی بۆر*). « هەژار »

خوری یە جندە: قەوزەی سەرئاوان.

خووز : بۆ دار بەکار دەبرێ، سارێژ بوونەوەی جێ برین : (*خووزی هێناوەتەوە*).

خۆزگەخواستن : ئاوات خواستن.

خۆش

خەت وخال : ئەوەی بە ڕواڵەت جوانە و ئاکاری خراپە.

خوول : ئەستوور، قەڵەو : (*خەجە خوول*).+

خۆڵماڵ : گەسکدەری شەقام و کۆڵان، سەپوور.+

خۆڵەپۆتینە : رەنگ خۆڵەمێشی.

خۆلێدان : قەرە لە قەرەدان: (*دەوێری خۆی لێ دەی ؟*).

خۆ مت کردن : چوونە کەمین ، کەمین گرتن.

خوێ کردن : خوێ لێ دانی چەرم و شت بۆ ئەوەی بۆن

نەكا.

خوێن پژان: خوێن لە لووت هاتن.

خوێن ڕاسان: خوێن پژان.

خوێن ڕێژی: خوێن لێهاتنی برین، سەرخوێن کەوتنی ژن لە غەیری وەختی خۆی دا.

خەپاڵ: خەپەتۆڵە، قەڵەوچکەی جوان.

خەجاڵ: سەرلێ شێوان، پەشۆکان.

خراپ پی کردن: پەند بەسەر هێنان: (*ئەو کارەی بکەی خراپت پێ دەکەم*).

خەراج: باج و پیتاک.

خەرت: نێری و بەرانی دووساڵە و بەرەوژوور.×

خەرتەلە: گیایەکی بەرزە باڵایە لە نێو دەغڵ و دان دەڕوێ.+

خەرمان لۆغە: خەرمان لۆخە، گەنم یان جۆیەک کە لە سەر خەرمان دەدرێ بە هەژاران.+

خەرەک: دەزگایەکە جۆلا تێوەدانی پێ لە سەر « لولو » هەڵ دەکا.+

خەرەکەشکاو: بریتی یە لە هەر دەزگایەکی شڕ و شپرێو، تەنانەت بە بنیادەمی شل و ولیش دەگوترێ.

خەزرین: غەزرین، ڕق هەستانی زاڵم لە مەزڵووم.+

خەزڵ: گەڵای گوێز ئەوکاتەی تازە شین بووە.+

خەزێم شۆڕ: خەزێم بەزریزە، بریتی یە لە ژنی جوان و بەناز و نیمناز.

خەشخاشک: خاشخاشک، خاشخاش، خەشخاش.×

خەفتان : خفتان.

خەفەبوون : خنكان، پشوو لێ بڕان.

خەفەبوون : كز بوونی شوقی چرا، داكشرانی پلیتەچرا.

خەڵقنده : ئافەریدە، دروست كراو: (بەو خوایەی هەموومانی خەڵقندە كردوە).

خەڵوە : چیە، قسەی بەسپایی: (ئەو سرتە و خەڵوەتان لە چیە ؟) .

خەم خواردن : مشوور خواردن، بۆ هەڕەشە بە كار دەبرێ: (ڕاوەستە خەمت دەخۆم).

خەم خواردن : خەفەت خواردن.

خەمشە : كونی پاشەوە: (لەپاش تڕێ خەمشەی دڕێ). « مەسەلی كوردی »

خەنەتیلكە : ئەو شینكەیەی لەسەر بەرد دەڕوێ و زوو وشك دەبێ، « گلسنگ »

خەوخەوی : ئەو كەسەی هەمیشە خەوی دێ.

خیزەرە : پۆلە دەوەنی كورتەبالا و چڕ وپڕ.+

خیزەرە : خڕبوونەوەی ماسی لەقەڵشتە بەردی نێو ئاودا .+

خیزەرە : لەسەریەک كەڵەكە بوونی كوڵلە ئەو كاتەی دەیەوێ لە چۆم و ئاوان بپەڕێتەوە.+

خیشك : ئەوەی لە چەپەردروست دەكرێ وكڵۆشی دەغڵ و دانی پێ دەكێشنەوە سەرخەرمان.

خیگە : هیزە ، پێستی خۆش كراو بۆ هەڵگرتنی دۆشاو یان ڕۆن.

پیتی د

دائێخستن : قفڵ کردن،گاڵە دان: (*دەرگاکە دائێخە*).+

داب تێکدان : لەبەرچاو نەگرتنی داب و شوێن.

داب داهێنان : کردنەباو ، داهێنانی ڕێ و شوێن : (*ئەم دابە تازەیە ئەتۆ دات هێنا*).

دابەستن : دەمەقاڵێ کردن : (*لەگەڵی دامەبەستە*).+

داپاچین : بڕینی لک و پۆپ لە سەرڕا بۆ خوارێ.×

داپڕۆغان : داپڵۆغان، سووتانی زۆر سەخت.

داپڕووزان : ڕووزان بە گڕی ئاگر.

داپەچنین : پەستاوتن، تێ پەستاوتن.+

داتولاو : میوەی زیاد لە ئەندازە گەیشتوو.+

داچۆڕان : داهاتنی لکەدار لە بەر بەری زۆر.+

داخی بەجەرگم : داخی گرانم.

دادرووین : بڕیتی یە لە ئامۆژگاری کردن بۆ ئەدرکاندنی نهێنی.+

دادوڕۆ : دادوهاواور،دادوفغان.

دارپڵکردن : بڕیتی یە لە پێشکەوتنەوە:(*لە بێشەرمی دا*

داری بۆ هەموو بیشەرمێک کردوە).+

داربەرڵەدادان : زەبر لێدان.

داربەرڵەدادان : قسەی هەق و قەپرغەگیر پێ گوتن.

دارحەمباڵ دارێک کە لە سەر دیواری بەرهەیوان درێژ دەکرێ و بنی کۆڵەکەی دەخرێتە سەر.

داڕزان : بریتی یە لە شەرمەزاری : (*دەبوو داڕزێی بەڵام ئەو کارە نەکەی*).+

داڕژان : داباران، داوەرینە سەر : (*داڕژانە سەری*).+

دارقەزوان دارەبەن، داربنێشت.

دارقەڵنە : کلکی داری قەڵنە.

دارقونگرە ئەو دارەی قونگرەی ئەستێراوی پێ دەبەستن و دەکەنەوە.

دارووەش کردن: دابەش کردن، بە شینەوە.

داڕووشان : رووشانی لەش لە کاتی کەوتن و بەربوونەوەدا : (*لایەکی پشتم داڕووشاوە*).

دارەڕووت : ئەوکاتەی گەڵای دار دەوەرێ و مازووکردن ئاسان دەبێ.

دارەزەرد : ئەوکاتەی گەڵای دار زەرد دەبێ و مازوو بە زەحمەت دەبینرێتەوە، چونکە هەم ئەو و هەم گەڵاکە زەردن.

دارهەرزاڵ : ئەو دار و کۆڵەکەیە کە هەرزاڵی پێ دروست دەکرێ.

دارهەرزاڵ : ئەو دارەیە کە لە نێو لکەکانی دا هەرزاڵ دروست دەکەن و میوەی تێدا هەڵدەگرن بۆ

زستان.

دارهەنە : دار تەون، دەزگای تەونکەران.

داڕێوتن : هەڵوەراندنی گڵی کەنداڵ یان هەر شتێکی بە ئاسانی لێ بێتەوە.

داس وەشێن : پاڵە، پاڵەی ئازا، دروێنەوان: (حەمە *داس ـ وەشێنە ، گاڵتە نیە*).

داشتی : داشت، حەیوانی ڕاگیراو بۆ زاوزێ.

داقنان : زۆر کز بوون لە ئاکامی نەخۆشی، یان بێ خزمەتی دا.

داقناو : زۆر کز بوو لە ئاکامی نەخۆشی، یان بێ خزمەتی دا.

داقەلاشتن : ڕاکردنی خێرا سەربەرەوژێر.+

داکردن : هەڵنانی بەرد وەیلکە و... بۆ نیشانە تفەنگ.+

داکردن : بڕینی لک و پۆپی دار لە سەرێ ڕا بۆ خوارێ.

داکوتان : مانەوەی زۆر لە جێ یەک: (*دە ڕۆژان لە بۆکانێ دام کوتا*) .+

داکەفتک : داکەوتوو ، بەربووەوە لە بان، لەبار، لە داری میوە و هەربەرزایی یەک.+

داگرتن : ئاخنینەوە: (*ئەوو بارە کام داگرتوون*).+

داگرتن : ئارام کردنەوە: (*بە چوار کەسان لە بەری دا شل و کول بوون بۆیان دانەگیرا*).+

داگرتن : ساز کردن: (*شەوێ باران دادەگرین و بەیانی زوو لێ دەنێین*).+

داگیراندن : داگیرساندن لە گورەوی و شتی چنین.+

داگیرساندن : داگیراندن.+

داماڵان : لە سەرەوە بۆ خوارێ داخزان: (پێستی سەرم *داماڵا*).×

داماڵین : لە سەرەوە بۆ خوارێ داخزاندن: (تۆزێکم پشتێ *داماڵە*).×

دانارە : گیایەکە وەک وێنجە و سێوەرە، بۆ ئاڵفی ئاژەڵ زۆر بەکەڵکە.

دانان : گریمانەکردن: (*وام دانا ئەتۆ نەهاتی ، ئەمن بە تەنێ چ بکەم ؟*).+

داناو : دواناو کە دەدرێ بە زرعات بۆ ئەوەی دانەکەی قەڵەو بێ.×

داندۆکە : خواردنێکە لە شیرێژ و سوورازە.

دان شاش : دان لێک دوور، بۆ شانە و شەنە و شتی وا بەکار دەبرێ، هەروا بۆ ددانی ئینسانیش.

دان شاڵ : دان شاش.

دانەرێژە : ئەوەیە کە دەنکە گەنمی باراش دەرژێنە نێو ئاردەکە.

داوێناو : بەتایبەتی، بەدانستە: (*بە داوێناو هاتوومە سەردانی ، کەچی دڵێ چۆن بوو هاتی !*).

داوەت : بانگهێشتن بۆ نان خواردن.+

داوەران : تێ وروکان، لە دەور کۆبوونەوە.+

داوەرین : لە دەور کۆبوونەوە.+

داوەستان : راوەستانی ئاوی مەند لە گۆم یان لە دێراو و

قوڵکه و ... دا.

داوەڵۆزی : نزیک بوونەوەی مریشکی هێلکەکەر لە هێلانەکەی و سەر ڕاوکەکەی.

داوەڵۆزی : بریتی یە لە دەورەدانی جێگایەک بۆ مەبەستێک: (*داوەڵۆزی لە دەوری ماڵی ئەو کچە دەکا*).

داهێنان زیادکردنی برنج لە کاتی لێنان دا: (*برنجی چاکە زۆر دادێنێ*).+

داهێنان : پرسینەوە : (*مەتەڵۆکەیەکم لێ داهێنا*).+

داهێنان : چەماندنەوە : (*گۆچانێکم داهێنا*).+

داهێنان : دەورەدان : (*لەو بێوەژنەی داهێناوە جابزانین چ بە چ دەکا ؟*).+

ددان هەڵبوون : ددان ئاڵ بوونەوە بە شتی ترش.

دڕ : قەڵشت، مەودا : (*دڕی بە ریزی دوژمن دا و خۆی لە گەمارۆ دەرباز کرد*).+

دڕدووکە : تووترک ، میوەیەکی خۆرسکە.

دڕزدان : قەڵشین : (*دیوارەکە دڕزی داوە*).

دڕوو : تووترک، دڕدووک.

درووەڵان : دڕکاوی، دڕاوی، ئەو جێ یە کە چقڵی زۆرە.

دژخەو : کەم خەو، ئەوەی دڕەنگ خەوی لێ دەکەوێ و زوو زوو خەبەری دەبێتەوە.

دڵ برژان : دڵسۆزی : (*دڵم بۆت دەبرژێ کە خەڵک بە خراپە باست دەکا، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەم*).

دڵ بزوێن : دڵگر، هەست بزوێن.

دڵ بەجەخار : دڵ بە ناسۆر.
دڵ بەداخ : دڵ بە جەخار.
دڵ بەزووخاو : دڵ بە جەخار، دڵ بە ناسۆر.
دڵ بەسۆ : دڵ بە ناسۆر، خەفەتبار.
دڵ بەغەم : خەمبار، خۆشەویست مردوو.
دڵ بەناسۆر : دڵ بە زووخاو.
دڵ پەڕینەسەر : ئاشق بوون ، خـۆش ویستنی دەسبەجـــێ : (هەرکە چاوم پێی کەوت دڵم پەڕیە سەری).
دڵ گرتن : بەردڵ کەوتن : (*دڵم نای گرێ*).
دڵ گەرم : دڵ نـارەحـــەت، نـاڕازی، دڵ ڕەنجـــاو : (بە *دڵگەرمی قسان دەکا*).+
دڵگیران : خواردن پێ نەخوران.+
دڵۆ : کەلێن، کون : (*دڵۆی تێدا نیە*).+
دڵەو : دڵۆ، کەلێن : (*دڵەوی تێ کەوتوە*).
دەم پان کردنەوە : قسە نەزانین : (*هەر دەم پان دەکاتەوە ، بۆ خۆشی نازانی دەڵێ چی*).
دم پژان : لووت پژان، خوێن ڕاسان.
دم پیس : زمان پیس، جنێوفرۆش.
دم دادان : دەم لە زەوی دانی ئاژەڵ بۆ لەوەڕ : (ئەم مەڕە نەخۆشە ، *ئەمڕۆ دەمی دانەداوە*).
دم شڕ : دەم پیس، جنێو فرۆش.
دەمەزەرد : دەمەزەرد، بریتی یە لە تیژکردنەوە و ئاودانەوەی ترۆنج، نەک سەرکردنەوە.×

دنک : دەنک، دانە.

دوازدەسوارەی

مەریوان : دوازدە شەرکەری کوردی نێو چیرۆکە حەماسی یەکانن.

دوازدەمانگ : بە درێژایی ساڵ : (*دوازدەمانگە چ خۆم چ منداڵم، بۆی دەچەوسێنمەوە و ژیان تاڵم*) «هەژار»

دوویان : ئەوەیە بەشێکی بانی خانوو بلندتر لە بەشەکەی دیکە بێ.

دۆبڕ : فرۆشتنی هەموو بزن و مەڕەکان بەسەر یەکەوە.

دۆخاو : چیمەنتۆی خالیسی بە ئاوگیراوە کە بۆ ساف و لووس کردن بەکار دەبرێ.+

دۆخە : ئەو حەیوانەیە کە بە کرێ یان بە پیاوەتی دەدرێ بە کەسێک هاوینێ رزقەکەی بخوا و پایزێ بیداتەوە.×

دوورئەنگێو : ئەو چەکەی دوور دەڕوا ، دوورهاوێژ.

دوورئەنگێو : تفەنگچی یەک کە لە دوورەوە نیشانە دەپێکێ.

دوورتفەنگ : تفەنگ هاوێشتن لە دوورەوە :(*بۆ دوورتفەنگ لە بڕنۆ چاکترم نەدیوە*).

دوورەشەڕ : شەڕنەویست، لاشەڕ.

دۆرەمبێن : زارەمبێن، ئەو بەنەی زاری مەشکە و هەمبانەی پێ دەبەستن.

دووتوونیدووتوون: بریتی یە لە پیاوی دووڕوو.

دووگونە : گیایەکە وەک زیزانە، بەرەکەی جووتیلەیە، وەک گونی بنیادەم هەڵکەوتوە .×

دوولک : دارێکی دووپەلە ، وەختی گەڵ کردن لە مەڵۆ گەڵی دەدەن و حەوای دەدەن بۆ ئەو کەسەی قۆزی یە گەڵەکە دادەنێ.

دوولکەدار : پڕی دوولکێک داری سووتاندن :(*دارمان نەمابوو دوولکە داریکم هێنایەوە*).

دۆم : وەستای کلاش درووست کردن.

دۆمەڕەشکە : قەرەج ، قەرەچی.

دوونە : قەیرانی زستان ، قڕانی ماڵات لە زستان دا ، ساردوسەرمای سەختی زستان.

دوێڵ : دۆڵ، دۆلاش، ئەو دارە ئەستوورە کە دەکوڵرێ و ئاوی ئاشی پێدا دێتە خوار.

دوێڵ : ئەو دارە کۆڵراوەیە کە باراشی وەسەر دەکرێ.

دەباراندابوون: لە تواناداب‌وون ، لەدەست هاتن :(*هیچی دەباران دا نیە*).

دەبەڕاهاویشتن: بە پارێز داوای شتێک کردن :(*دووسێ جارم بۆکچەکەی دەبەر راهاویشتوە*).

دەبەرکەوتن : بەساڵداچوون ، کزبوون لەبەر پیری :(*زۆر دەبەر کەوتوە*).

دەبەرگەڕان : بەفریا کەوتن ، بوون بە سەدەقە :(*داخوا نانی چ فەقیرێکی دەبەر گەڕاوە نەجاتی بووە ؟*).+

دەبەرمراندن : بە قوربان کردن :(*دەبەرمخۆت دەمرێنم*) ژن دەیڵێن.

دەبەرنیشتن : مل دانە کارێکی قورس.

دەبەرنیشتن : چوونە بەرلینگی ژن بۆ کاری ژن و پیاوەتی.

دەجا : دەی جا :(دەجا بەتۆچی ؟).

دەخۆنووسان : غاردان، بەغار ڕاکردن.

دەراوڕوونی : تــێ ڕانیــتن :(لە مـاڵی بـابی هیـچ دەراوی ڕوونی نیە ، ناوێرێ بچێتەوە).

دەرچوو : لە ئەزموون دا سەرکەوتوو.+

دەرخۆنەشان : شــانــە هــەنـگـوینــی خـــڕ. (مــدوَر)، دژی تیرەشان.

دەردوداخ : خەم و جەخار.

دەردەمانگە : فێڵە مانگە ، لەمەیی ، نەخۆشی یەکە منداڵ دەیگرێ، تووشی ئیسحال دەبێ.

دەرکاودەرک : سووڕانەوەی بێ جێ :(ئەم دەرکاودەکەت لێ چیە ، بۆ لە ماڵی خۆت دانانیشی ؟).

دەرگانە : شیپانە ، بەردەرگا ، « أستانە » .

دەرماڵ : پارچە زەویی چووک و زبڵ لێ دراو کە بکرێ بە شیناوەرد.+

دەروژووورکردن : هاتوچۆی دەری ماڵێ بۆ کاری میوانداری و شتی وا.+

دەرەدزە : خۆدزینەوە، بە دزی یەوە خۆ لەکار بواردن.

دەرێ کردن : وەرێ خـسـتن :(بەم بارانەیە ئەم کورەت بۆ دەرێ یە کرد ؟).

دەزگر : دەســتـگـر ، وردەکــارێک کــە زۆر وەخــتــی سنعەتکار بگرێ .

دەزگرۆیی : پووڵ بە قەرز دان ، چاکە لەگەڵ کردن.
دەزووڵە : هەودا دەزووی باریک.+
دەژاروژەنگ نان وێ هەڵنەکردن :(*لێی دەژاروژەنگ نا ، هەتا وەدەری نەناوازی لێ نەهێنا*).
دەس بەسەردا
هێنان : لاواندنەوە ، ئاگالێبوون.
دەس پێشخەری: پێش دەست بوون ، دەست وەپێش خستن.
دەستاو : ئەوەندە ئاوە کە کاری ئاوداشتنی پـــــــێ بکرێ :(*کانی یەکە تەقیوە و دەستاوێکی ئاو پێدادێ*).×
دەست پێشخەری دەس پێشخەری.
دەست کوژ : حەیوانێکە هەرێو گۆشت سەربڕابێ ، نەک لەبەر نەخۆشی یان گورگ لێدان.+
دەست کەلا : ئەوەی دەبێتە داردەستی یەکێک.+
دەست گران : ئەو کەسە دەستکوژی زوو دەمرێ.×
دەست مێژ : مێژۆک دان ، فرچک دان ، بێچووی ساوا لە گوانی دایک هەڵخستن.
دەست لە کراس
دەرهێنان : وره بەردان ، ناهومید بوون.
دەست وەست
کردن : دەست دەنێو دەستی یەک نان ، دەستی یەکتر ماچ کردن.
دەستەبارە : بەشەدار بۆ هەڵکردنی ئاورۆچکەی مندالان.
دەستەپاراو : ئەوەندە ئاوە کە پاراوی توتنی پێ بکرێ.

دەستەچیلە : ئەو دارە باریکانە کە لە ئاوری ماڵە دراوسێ دادەگیرسێنترێن بۆ ئەوەی لە ماڵێ ئاوریان پێ بکرێتەوە.×

دەستەک : چەند داری کورت و باریکن ، لە چەند جێگاوە لە کاریتە دەبەسترێن و لە هەر لایەک کسێک شانیان بەردەدا .×

دەستەوار : میقدارێک نان بێ ژماردن :(*دەستەوارێکم نان لە پێش دانا هەمووی خوارد*).+

دەستی دەستی: دەستاودەست پێ کردن ، حەواڵە بە گەواڵــە: (*دەستی دەستیم پێ مەکە*).

دەس هیسێب : ئەو پارە نەغدەی بە قەرز دەدرێ بێنجگە لە شتوومەک.

دەسخۆر : قبوولی ، برینج کە نەپاڵێورێ و نەکرێتە پلاو : (*بە دەسخۆرم لێ ناوە*).+

دەسرازە : ئەو شریتە وئەو پەڕۆیانەی منداڵیان لە لانکە دا پێ دادەبەسترێ.

دەسرۆیشتن : دەوڵەمەندی.+

دەسرۆیشتوو : دەوڵەمەند.

دەسەشکاو : پەک کەوتە ، دەستەشکاو.

دەکوو : دەک ، هەی ، یاخوا :(*دەکوو ماڵت خەرابێ بۆ کارێ کرێت*).+

دەڵق : نـایـلـۆنـی روون بـۆ پـەنجـەرە :(*شووشەی پەنجەرەکەمان شکا ، دەڵقم لێ داوە*).

دەم چەقاڵ : چەقـاڵ دەم ، کـەسـێک دەم و شـەویلاکـەی

ڕەقەڵە و ناشیرین بێ .

دەم دادان : لەوەڕانی ئاژەڵ :(ئەم بزنە نەخۆشە دەم *دانادا*).

دەم دەما : بەرەبەرە، دەمەو :(*دەم دەمای بەیانی* خەبەرم بۆوە).×

دەم سارد : دژی دەم گەرم ، تاژی یەک کە لە نێچیر گرتن چالاک نیە.

دەمکانە : دمکانە لە دارمازوو، داربەڕوو، دارقەیسی و ... دەردێ نەک هەر لە دار مازوو.×

دەم لەپووش : دم لە پووش ، ئەوەی لە بەش کردن دا هیچی پێ نابرێ.

دەم لەدەم نان : لەگەڵ کەوتنە شەڕ و چەقە :(*دەم لە دەمی مەنێ*).

دەم لە کالان نەکەوتن : لێ نەبڕینەوە ، قسەکردنی بێ وچان :(سێ *سەعاتە دەمی لە کالان نەکەوتوە*).

دەم و ددان : دەم و دیان ، زار و ددان .

دەوەناش : کێشەی نەفامانە ، دەوەنە ئاش . دەوەناشی گرژاڵی یان بەناوبانگە کە داستانی خۆی هەیە.

دەمەوڵ دەنگ نەدان : قسە نەپڕیشتن :(*کاکە ئەمن دەمەوڵم دەنگ نادا*) .

دیاردی : ئەو کەروێشکەی لەسەر لان دەبینرێتەوە.

دێد : خوشکی مێردی ژن. خوشکی گەورە « داد » ە

نەک «دیذ «.×

دیدارناخۆەت ئـەوەی دەمـــــرێ و ئــاواتـــی دیـتـــنـــەوەی خۆشەویستێک دەباتە بن گڵ.

دیمانە : یەکەم شت کە سەر هەڵ دەدا ، یەکەم چڵی بیستان و گژوگیا کە سەردەردێنێ :(*دیمانەی داوە ، دیمانەی هاتوە*).

دیمبڵی میمبڵی : بریتی یە لە تەپڵ ودەهۆڵ و زوڕنا و ئەوشتانە.

دیمکار : زەویی دێم ، دژی بەراو ، پشتاو.

دێمکار : ئەو شتەی بە دێم دادەچێندرێ :(*بیستانم بە دێمکار کردوە*).

دێمەرە : چۆلەکە دێمەرە ، پاساری .

دێمەکار : دێمکار.

دیواودەر : بریتی ئەم دیو ئەو دیو :(*گوڵەکە دیوار و دەر بووە*) .+

دیواودیو : ئەم دیو ئەو دیوی چیا :(*دیواودیوم پشکنی چلە رێواسێکم لێ نەدی*) .+

پیتی ر

رابووڕین	:	رابووردن، نەک رابواردن.×
رابەستن	:	ئاو هەڵبەستن لە جۆگەڕا بۆ سەر شیناوەرد.+
رابەستن	:	پێچانی برین.+
رابەستن	:	پێچانی ئەندامێک لە بەر ئێش یان بــە درۆ : (*قامکی خۆی رابەستوە نازانم راست دەکا یان نا؟*).
راپازنین	:	گوشینی جلی شۆراو.
راپازنین	:	گوشینی پەنیری تازە.
راتڵەقاندن	:	راوەشاندنی دەفرێک کە شتی وردی تێدا بێ : (*سەیری کە وەک گەنم چلۆن کەوتیە ، گێژی بێژینگ و راتڵەقانی کەو*) « خاڵەمین »
راتڵەکاندن	:	بزواندنی توندی کەسێک بۆ لە خەو هەستاندن.
راخزین	:	راخوشین‌راکشانی ئەستێرە لەشەودا (شهاب).
راخزین	:	رۆیشتنی لەنەکاوی مار:(*مارێکم لەبەر راخزی*).
راداشتن	:	راگرتنی چرا بۆ ئەوەی خەڵک لە بەر شۆقەکەی بەرپێی خۆیان ببینن:(*چراکەیان بۆ ڕادێرە*).+

راداشتن : بۆڕاگرتن :(دوو سێیوم بۆڕاداشتن وەری نەگرتن).+

رادان : ڕێگە پێدان.

رادبە : راتبەی فەقێ یان ، ئەوە کە قوتابی یانی ئاینی نان و پێخۆریان لە مالاّن کۆ دەکردەوە.

رادەر : وەپێش خۆدەر ، لەڕادانەوە هاتوە.

رازبێژ : راست وێژ.

راست بەراست : بەرامبەر ڕوویەڕوو :(راست بەراستی من یەکێک دیار بوو).

راسپێران : ئاکامی راسپاردنی کەسێک ، نەک راسپاردن.×

راست کردن : پەراندنی بەشێک لە حیساب بۆ خشت کردن :(ئەو ١٥ قرانە فڕێ دە و حیسابەکە راست کە).+

راستە : ولاّغە بەرزەیەک کە کاتی پەڕینەوە لە چۆمی قوولْ خۆی بەسەر تەنیشتی سەرەوەی دا دەخا (چەپ بێ یان راست).

راستەڕێ : یەکسەر :(راستەڕێ هاتوومە ئێرە ، نەچوومە هیچ مالێک).

راشکان : درەنگ بوونی شەو :(شەو زرینگاوە راشکا ، شەیتان سامی لەخوا شکا) « هێمن »

راقەنان : کەوتنی دار و درەخت.

راقەناندن : بڕینی دار و هەلْکەندنی.

راقەناندن : بڕیتی یە لە خستن لە زۆرانی دا.

راکردوو	هەلاتوو.
راکردە	راکردوو.
راگیر	بەردەوام :(*خوا راگیر و راوەستاوت کا*).
رانان	حستن :(*دارێکی گەورەم رانا، دەبار داری بیدابوو*).+
رانان	حستنی بنیادەم بە زورانێ :(*دەگژی راچووم، رام نا*).+
راو :	سپیایی یەک کەلە دەم وچاوی ژنی دووگیان پەیدا دەبێ.+
راو :	شیلەی هەنگوین.+
راوەک :	توورەکەی خام کەبۆ پالاوتنی شیریژ و پەنیر و... بەکار دەبرێ. بە پالزینەی شیر ناگوترێ.×
راوەکانی :	راوەکەو لەسەر کانیاو.
رایەخ :	هەرچی رابخرێ بۆ لەسەر دانیشتن.
رایەڵکە :	شتێک کەچەند لکی لێ ببنەوە :(*رایەڵکەی ئاو ، رایەڵکەی جاسووسی*) ، شەبەکە.+
رسقان :	خوگرتن، ڕووان ، گووران.
رشوو :	ئەوەی لە رشانەوەدا بەدەمی بنیادەم دا دێتەوە.
رقبەرقە	پێشبرکە :(*وەرە رقبەرقە بکەین بزانین کاممان زووتر دەگەینە ئەو سەرە*).
رمانە :	رەمانە، رەفیسکە ، بن ئەژنۆ :(*بەم کارە داست دە رمانەی خۆت کرد*).×
رمڵ :	رەمڵ، رەلم، خیز، چەو.
رن :	چن، بێستان پن ئەو کەسەیە کە هەموو

بەرەکەی لێ دەکاتەوە سەک تەوە کە هەڵ دەکەنێتەوە.×

رندە : رەندە ، پارچە تەنەکەیەکی کون کونە پەنیری پێ ورد دەکەن.

روو : کەروو، برش :(*نانەکە رووی هیناوە*).

رۆ : خۆر، هەتاو.+

رووبەر : « سطح » ، « مساحت »

رووت بوونەوە : جل داکەندن :(*ئاوەکە قووڵە رووت بەوە با وەنیوکەوین*).+

رووخەک : زەوی یەک کە ئەگەر چاڵی لێ هەڵکەندرێ، دیوارەکانی تێ دەرووخێ.+

روودار : بێ شەرم وحەیا :(*هێندە روودار بووە تامی نەماوە*).+

رووزە : جۆرێک گرکەیە پێستەکەی زوورە.+

رۆسەکنان : داسەکنان، ئارام گرتن.

رووشاڵ : چەرمی تەنک کە لە ئاکامی رووشان دا لەلەش هەڵ دەبێ :(*رووشاڵێکم لێ هەڵبووە*).

رووشە : رووزە، جۆرێک گرکەیە.

رۆقرمان : تێک قرمان ، تێک رووخان.

رۆقرماو : تێک قرماو.

رۆناس : رۆیناس، بنی گیایەکە ریسی پێ رەنگ دەکەن، رەنگی سوورە و کاڵ نابێتەوە.

رەبناوک : سمڵ، بنەگیایەکە ژنان بۆ زینەت و بۆنەکەی وەخۆیانی دەخەن.

رەپاڵ نان : وەک جنێو بەکار دەبرێ ، یانی شتەکەی رەپاڵ دەنێ.+

رەپن : کزران، جێ یەک کە ئەگەر بارانیشی لێ بباریێ نەبێتە قوڕ.+

رەپەرەپ : تەپەتەپ .+

رەجا : تکا.

رەجەبا : رەنێو :(*ئەو هەموو توتنە بەکێ رەجەبا دێ* ، واتە بە کێ رەنێو دێ).

رەحم : بەزەیی، دڵ نەرمی .

رەخش : ئەسپی بەناوبانگی رۆستەم :(*رەخش بۆ رۆستەمی ، گاران بۆ دووشەمی*). « مەسەلی کوردی »

رەزاسووک : ئێسک سووک ، خوێن شیرین :(*لێو ئاڵن ، دەم بچووکن ، خوێن شیرینن ، رەزاسووکن*) « هێمن »

رەش بوون : ئاو هەڵمژینی زەوی.+

رەش بەشە : جۆرێک مراوی یە.+

رەش کردن : ئاو دەزەوی کردن.+

رەش کردنەوە : کوژاندنەوەی حیساب لە دەفتەردا .+

رەشکوژ : رەشەکوژی،تیرور.+

رەش وەسپی : هەرجۆرە کارێک :(*نایەڵم دەست لە رەش و سپی بدەی* ، واتە نایەڵم هیچ کارێک بکەی).

رەشە : بانگ کردنی کەسێک کە رەنگی رەش بێ.+

رەشەدار : داری جەنگەڵ وەک دارمازوو و داربەڕوو.+

رەشە زیزانە : زیزانە رەشە ، زیزانە رەشکە ، دانیکی ورد و رەشە لەگەل گەنم دەکەوێ .

رەشەساڵ : ساڵی بێ بەفر.+

رەشەشەو : تاریکەشەوی ئەنگوستەچاو.

رەقاندنەوە کوتانەوەی کانزا .

رەقاندنەوە : رەقــانـدنـەوەی دەوەن (وەخــتــێـک دەیـانـەوێ دارستـانێک بکەنە کێڵگە، دارەکانی لە ریشە دەردێنن . بۆ ساڵی دوایی رەگە دارەکان هەڵ دەدەنەوە . هەڵکەندنی ئەو غەڵفە تازانە پێی دەڵێن رەقاندنەوە).

رەقاندنەوە : جنێو پێ دان :(*دایک وبابی رەقاندنەوە*).

رەق کردن : رەپ کردنی ئالەتی پیاوان .

رەقەشۆ : تیرشـۆ ، بووزوویەک کە وەخـتی رایەڵ کـردن شۆ ، واتە سریشی زۆر لێ بدرێ .

رەمە : کورت کراوەی « رەمەزان » ناوە بۆ پیاوان.

رەمەزان : مـانگی رۆژوو ، نۆهەم مـانگی سـاڵی کۆچیی مانگی.

رەمەزان : ناوە بۆ پیاوان.

رەمەند : دیواری وشکەکەڵەک .

رەنە : بەستی دەم چۆم و رووباران.+

رەنۆڵ : رنۆڵ ، تیتۆڵ ، شـیتاڵ ، دڕاوایی داوێنی کراسی ژنانە.

ریخن : منداڵی ئیسحال کە کز و لاواز دەبێ.

ریخەشلکە : فیراندن ، نەخۆشی یەکی ئاژەڵە کــــە زۆر

وایە دەی کوژێ .

ڕیژەن : لووزەویئاو.+

ڕیژەن : نێرینەی چۆم ، جێگای هەرمقوول و بە تاقەتی چۆم .+

ڕیژەو : ڕیژەن،لووزەو.+

ڕیشۆڵە : زریزە، ئەو بەرەیە کە بەهاران گوێز و داری دیکە دەری دەکا و دوای ماوەیەک دەوەرێ .+

ڕێک دەرچوون : ڕێک هاتنەوە :(*یەکی دوو سێوم وێ دان ڕێک دەرچوون*).

ڕێ کردن : جێگا کردنەوە بۆ دانیشتن :(*ڕێم کە با دانیشم*).

ڕێ کردن : باش بۆ نیشانە چوون :(*تفەنگەکەم خانبڕە و ڕێ یە ناکا*).

ڕێک ورەوان : بە ڕاشکاوی :(*هەرچی یەک هەیە ڕێک و رەوان پێم بڵێ*).

ڕێک هاتنەوە : بە قەد یەک هاتنەوە.

ڕێکەوتن : دەست کردن بە نان کردن :(*بەیانی زوو هەویرم شێلا و لەگەڵ تاو هەڵات ڕێ کەوتم*).+

ڕێگە : ڕەگە.+

ڕێن : ڕێمان :(*هێشتا ڕێن زۆر لەبەر ماوە*).

پیتی ز

زاخاوداناندوه مشت ومالْ کردن :(خەنجەرمکەم *تازه زاخاو داومتەوه*).+

زاربلاو : زار بەهاوار، قسه تێ نەوەستاو.

زاربەهاوار : زاربلاو، قسه تێ نەوەستاو.

زاردروو : ئەو جەوالْ و تەلیسەیه کە پڕ دەکرێ جا دەدوورێ . بەکارەکەش دەگوترێ زاردروو.

زاردروون : دروونی زاری جەوالْ و تەلیس.

زاردروون : بریتی یه له بەرتیل پێدان.

زاردروون : رێگای قسەکردن به یەکێک یان به خەڵکێک نەدان .

زارەودەر : برینی ئەم دیو ئەودیو ، دیواودەر.

زارەودەر : ژوورێک که دەرگاکەی له رووی دەرێ بێ، نەک له دالاْن.

زاکوون : برشت، کارلێهاتن.×

زامنه : ئامرازی داخستنی چەخماخی تفەنگ و دەمانچه.

زانین : لێ ئاگابوون، « دانستن ».
زاوابووک : چیایەکە لە نیزیک مەهاباد.
زاوابەند : ئەو زاوایەی دەچێتە ماڵی خەزووری دەژی.
زرنگانەوە : زرینگایەوە، نیشتنی خشت وخاڵی نێو ئاو.+
زرنووق : چریسکایی رۆن لە سەر شۆرباو.
زرنیق : کانزایەکە.
زرەوزیل : زبڵ وزاڵ.
زرەمەندێ : گیایەکە وەک مەندێ دەچێ گەڵای وردە.
زریزە : ریشـۆڵەی گـوێز و داری لێڕەوار کـە بەهـارێ دەری دەکا و دوایە دەوەرێ.+
زگ دان : دەرپەڕینی بەشـێک لە دیوار کـە نیـشانـەی رووخانیەتی:(دیوارەکە زگی داوە).
زگ مەشکەیی : زگ زل.
زڵق : قوڵتی ئاو لە کوڵین دا :(زڵق زڵق دەکوڵێ).+
زلەموو : ئەو دانەدانە موانە کە لە جێگای بێ موو وەک لامل و سەر و رووەت دەڕوێن.
زلی بێ هونەر: بریتی یە لە کەسێک کە بە قـەڵافـەت گەورەیە بەڵام هیچ کارێکی لەدەست نایە.
زمان پاراو : زمان رەوان ، بەدەم وبەرو.
زمان گەستن : هەست وەخەبەرهاتن :(کە ئەمـەم دی زمانـی خۆم گەست ، گوتم ئەم ماستە بێ موو نیە).
زمان لە بەری
پێ دان : خەڵەتاندن ، فریودان.
زمان لێ کوتان: بەدگۆیی لێ کردن لەلای دەسەڵاتدار.

زمان هەڵەنگوتن: قسە لەزاردەرچوون.
زمان هەڵەنگوتن: لاڵەپەتەیی، قسە باش بۆ نەکران.
زمبە : شیشەی ساچمەزەن و تفەنگی رەشۆڵی.
زمبە : تمبە، دەنگی کەوتنی شتی نەرم و قورس.
زنگڵ : زەنگڵ ، قەترە :(*ئاونگ لەسەر کوڵمانی وێستاوە زنگڵ زنگڵ*) « فۆلکلۆر »
زووبەزوو : خێرا خێرا.
زوڕاد : هەرزنە گەورە.
زوورک : جێ یەک کە بە ئاوی بارانە نابێتە قوڕ.+
زوڕکان : زوورک.+
زووزوو : ئەو شتانەی لە خوری و موو دروست کراون : (*بۆ زووزوو یانـــی بۆنـی سووتانی خوری و موو*).
زووڵو : زیلوو، هەزارپێ.
زەبروەشێن : ئەوەی بەدەست و زەبرە و خەڵک لێی دەترسن.
زەردوسوور : تێکەڵاوی رەنگی جل وبەرگی ژنان : (زەرد و سوور *تێکەڵاون ژن وپیاو هەرایە*).+ «گۆران»
زەردوماهـ : شاخی حەستەم.
زەردەقۆڕی : جۆرێک مارمیلکەی زەلامە.
زەڵ : جەگەن، گیایەکە دەکرێتە حەسیر.
زەلیل : بریتی یە لە کەسێک کە نەخۆشیی گولیی گرتوە.
زەلێن : خووسانی زەوی ، ئەو زەوی یە کە ئاوی زۆری لێ نراوە : (*بەجارێک زەلیوە*).

زەنگڵ : زنگڵ، دڵۆپ، قەترە، زەنگوڵ.

زەنگە : زرینگە، زرینگانەوە: (زەنگە نەبێ *لـــە* سەرم نایە).+

زێ : ناوە بۆ دووچۆمی کوردستان :(*زێ* یە چووک و *زێ یە گەورە*).+

زەیقەتی : تەنگانە، سەرما وسۆڵە یان بەفروباران هاوکات لەگەڵ نەبوونی زەمەڕیان ئالفی مالاّت.

زیارەت : چوونە سەردانی پیاوی گەورە.+

زیان کردن : زین کردن، مەڕ وگاران لە مەزرای چیندراوی خەڵک کردن.+

زیانەخۆر : سەگێکە کە فیری دزینی مەشکە و دودانە و ... بووبێ .+

زیروو : کوڵکێکی سپی یە کە هێشووە بەرسیلە دەری دەکا و دوایە دەی وەرێنێ.

زیروو : برادەی ئاسن، ئەوەی بە کوتان یان بە بڕبەند لە ئاسن دەبێتەوە.

زیزرەمەندێ : زرە مەندێ، گیایەکە.

زیلکە : ژیلەمۆ، پۆزلی نیوەدامرکاو.

زیوان : کون لە مەشکەدا :(*مەشکەی چاکە زیوانی تێدا نیە*).

:

پیتی ژ

ژارگرتوو : ئەوەی شتی ژاراویی خواردوە ، ئەوەی خواردنی کۆنی خواردوە و پێی نەخۆش بووە.

ژانبەر : ژانبەر، لەجیاتی « مسکّن » بەکاربراوە.

ژاندارم : پۆلیس، ئەمنیە.

ژنۆکە : ژنی نابووتەکە، « تصغیر » ی ژنە.+

ژەم پوردوو : جەم بردوو، ژەم مردوو.

ژەمک : جەمک.

ژەرەمار : جنێوە، وەک قوززەڵقورت و سندان.

پیتی س

سارده : جۆرێک کوانه زۆرجار نەخۆشی پێ دەمرێ.
ساردەبرین : برینی کۆنی وەژان هاتوو.
ساردەکێڵ : جووت کردن و تۆو چاندن لە ئاخری پاییزدا.
ساردەکێڵ : ئەو دەغڵەی لە ئاخری پاییزدا دەچێندرێ .
ساردەوەبوون : ساردبوونەوە.
سازوباز : حازر و ئامادە.+
ساقۆڕ : برینیزۆرگەورە.+
ساڵبڕ : ساڵ بواردن :(*هەموو ساڵێ بەسەرم دەکاتەوە، ساڵبڕی نیە*).
سامان : خۆیانی کۆکراوەی گەنم و جۆ.+
سامۆتە : ئەڵقە وبەنێک کە لە پاشکۆی زین قایم دەکرێ و شتی پێ هەڵ دەگیرێ .
ساندن : ئەستاندن ، بەزۆر ئەستاندن .
سایەچەوڕ : ئاغایەک کە رەعیەت لە دێ یەکەی دا دەوڵەمەند دەبوون.+
سپیتەڵۆک : دارێک کە بێ ئەوەی بڕابێ وشک بووبێ و

توێکڵەکەی لێ بووبێتەوە.

سپیلکە : ئەو دەنکە گەنمانە کە پاش گێرەکردن لە توێکڵەکەیان دەرنەهاتبن :(گەنمێکی خاوێنە بەڵام سپیلکەی زۆرە).+

سپیلکە : هێندێک گەڵای سپی یە لە نێو چادا. چایەک سپیلکەی زۆر بێ بە پەسند دادەنرێ.+

سپیەڕۆژ : رۆژی نە هەور و نە ساو کە کەشەهەوری سپی بە بەری ئاسمانەوە بن.

سپیەڵۆک : سپیتەڵۆک .

سپیەهەرمێ : جۆرێک هەرمێ یە.

سرۆ : ئەسرۆ، شاخی حەیوانات.+

سرووت : وردەی ئەو شتە کە مشک خواردوویە.+

سژین : ژانی برین لەگەڵ خورووەدا.

سلاوئەستاندنەوە: جوابی سلاوەدانەوە.

سمۆرە : فارسی یەکەی « سنجاب » « نەک «سمور» .×

سمە : پاشگرە بەمانای کونکەر :(کەندەسمە).+

سند : تۆپەڵە گڵ یان وردە قەند و...ی پێکەوە نووساو: (سندەگڵ ، سندەگەزۆ).

سندان : ئەخۆشی یەکە ئەسپ و ماین و کەر دەی گرن.+

سندە : سند.

سنگ ڕەپێش

کردن : خۆنواندن، سنگ دانەپێش .

سۆ : کوانێکە لە رەشەولاخ دێ .+

سوار : تەنگ :(پشووسوار واتە پشووتەنگ).+

سواڵە : مەڵۆی گەنمی دروێنەکراو. پڕی دەست «دەسکەسواڵەیە.×

سوانە : لێواری باپڕوو ، لێواری پڕووبەفر.+

سووت : پاشگرە بەمانای سووتاو :(تاوەسووت بووە)

سڵدرە : گاڵتەجار :(گورگ ئەگەر بیربوو دەبێتە سڵدرەی سەگان). « مەسەلی کوردی » +

سوورازە : گیایەکی کوێستانە لەگەڵ شیریژ تێکەڵ دەکرێ و دەخورێ .

سوورکە : بن گەلای تووتن کە بە برکەکەیەوە وشک بێ ، یان بە بێ بە شیشەوە کردن وشک کرێ .+

سوورکە : جانەوەرێکی چووکەڵەی رەنگ سوورە.+

سوورمەرێژ : چاوی پڕ لە کل .+

سوورمەیی : جۆرێک قوماش بوو.+

سوورهێنگ : گیایەکە گەڵاکەی وەک پنگ دەچێ بەلام ناخورێ.

سوورهەڵ : دار و دەوەنێک کە پاییزان گەڵاکەیان ناوەرێ و هەر بەوێوە سوور دەبێ .

سووکەخەو : خەوێکی کەم.

سوێ بوونەوە : تامەزرۆیی زۆر بۆخواردنێک یان شتێکی دیکە: (بۆ گۆشت کەوێک وەختە سوێم بێتەوە).+

سوێق سوێقەدان: تامە تامەدان ، ئیشتیا بزواندن بێ ئەوەی خواردنی لەگەڵ بدرێ .

سەبنیسی : بریتی یە لە هەلامەتی توند.+

سەبەتەپانکە : سەلە ، سەبەتەی وەک سینی.

سەبەتەقوولْکە : سەبەتەی قوولْ کە هەور و هۆلْی تیْ دەنیْن.

سەحەرە : مەقامیْکی خۆشی کوردی یە.

سەحەندی : بەلْفی ، جامی پەل .

سەر : پیر :(*ئەم مانگایە سەر بووە ، بی فرۆشی باشترە*).+

سەر : لووتکە ، بەرزایی :(*تاو لە سەرانی داوە*).+

سەرئەسپانە مالْیکە کە لە کاتی بووک دابەزاندن دا پیْی دەدریْ.

سەرئەستووربوون : وەرەزی لە بەر بیْکاری .

سەراسویْ : بریتی یە لە بەسەر کردنەوە :(*سالْیکە سەراسویْت نەکردووین*) « سەرابەسوی » یش دەگوتریْ .+

سەراوەرد : لەگەلْ سنوور دەگوتریْ « سنووروسەراوەرد » ، کەوشەن ، حدوود.

سەربردە : سەرگوزشتە ، بەسەرهات .

سەربرین : بریتی یە لە برینەوەی سەودا :(*بە هەزارتمەن سەرمان بری*).+

سەربزاوتن : بیْ ئەمری کردن :(*فنیری سەر بزاوتن بووی ،* ئەمرم سەرت نەرم دەکەم).

سەربەتالْ : قسەی ناخۆشە بۆ ژنان :(*دەلْیْ دەگەلْت نایەم سەربەتالْی مە بە کوین*). « فۆلکلۆر »

سەربەسۆ : ئەو کەسەی لووی بە سەرەوە بیْ .

سەربەهەش : سەربەخەم ، بریتی یە لە تازیەبار.

سەربەهەوێ : ئەو ژنە کەبەسەر ژنێکی دیکە چووە.
هەردووکیان « هەوێ سار » ن .×

سەرپێکەوەنان : بریتی یە لە سرتە کردنی دوو یان چەند کەس پێکەوە.+

سەرپێوەنان : هەوڵ بەر پێ گەیشتن :(ڕێواس سەری پێوەناوە).+

سەرجەلە : شەجەرەنامە.

سەرچۆپی کێش: ئەو کەسەی لە داوەت دا سەرچۆپی دەگرێ : (لەگەڵ تۆمە سەرچۆپی کێش). « فۆلکلۆر »

سەرچوون : چوونەسەر :(سەرچوونی تەخت ڕۆینی سەرداری پێ دەوێ) « سەیف » .+

سەرخستن : خستنەسەر ، لێ زیاد کردن.+

سەرخەت : ئەم سەر و ئەو سەری خەتەجووت .+

سەرخەت : سەردێڕ ، سەرمەشق .+

سەرداو : دژی بن داو لە مەکینەی خەیاتی دا .+

سەردر : بەشێک بووە لە بووزوو کە لە جیاتی هەقدەست دراوە بە جۆلا.×

سەردەستە : سەرقۆلی کراس و کەوا .+

سەردەسوێ نان: سەرپێوەنان ، تازە پەیدا بوون.

سەردەسوێ نان: سەرپێداگرتن و تەماشا کردن لە پەنا و پەسیوان ڕا.

سەردەمکە : سەردمکە ، سەرپۆشی منداڵی لە نێو لانکەدا کە راستی دەم وچاوی بەرزە.

سەردێر : چاندی تۆو و پاشان ئاودانی .

سەرڕا : باقی ، باقی دانەوە :(*سەعاتەکەم لەگەڵ بگۆڕەوە سەد تمەنت سەرڕا دەدەمەوە*).

سەرڕەشە : گیایەکە ، بە بنەکەی دەڵێن ڕەبناوک .+

سەرزار : سەرپۆش ، دەرخۆنە ، ئەوەی لەسەر دەفر و ئامان دادەنرێ .

سەرسنگ : سنگی مریشک و پەلەوەر :(*گۆشتی ران خۆشترە یان گۆشتی سەرسنگ*).+

سەرسۆنگە : شێنەیی، بەکاوەخۆ :(*ئەم کارە بە پەلە ناکرێ، بە سەرسۆنگە باشتر دەکرێ*).

سەرشان : قایشی سەرشانی فیشەکدان.+

سەرشانە : بەرپرسی شانەی حیزبی.+

سەرشۆر : قەرەواش ، ئەو ژنەی بۆ خزمەتی خانمان ڕادەگیرا.

سەرکردن : تیژبوونی تیغ :(*وەها تیژ دەبن سەردەکەن ، فتوای کافریم دەردەکەن*).+ « هەژار »

سەرکردن : سەری تووتن وگیای دیکە قرتاندن.+

سەرکردن : قیمەت بۆ دانان :(*ترێ یەکمان یەک و دوو بەگەنم سەر کرد*).+

سەرکردن : وەسەر کردن :(*باراشەکەت سەرکە نۆرەتە*).+

سەرکردنەوە : کەمێک ڕاکشان ، سەرخەو شکاندن.+

سەرناس : پسپۆڕ ، ئەو شوانەی حەیوانەکان باش دەناسێتەوە.

سەروخوار : هەوراز چوون و داگەڕانەوە :(*سەعاتێکە سەروخوارێ دەکەم*).+

سەرووەدەروو : سەروسامان :(*ماڵێکی بێ سەرووەدەرووییە*).

سەروشەلاە : سەر بە شەلاەوە ، سەر بە پێچاوە.×

سەروقوون : سەروین :(*پیوازەکان سەروقوون بکە واتە سەروینیان لێ بکەوە*).

سەرەشکێنە : سەرشکاندنەوە :(*ئەوەندە سەرەشکێنەی ئەم منداڵە مەکە*).+

سەرەقەند : بنی خڕ و باریکی کەللە قەند :(*کابانی دەولەمەندێ ، مەمکت وەک سەرەقەندێ*). «فۆلکلۆر»

سەرین : لای سەر ، دژی پێ یین بە مانای لای لاق . زیاتر بۆ قەبر و جێی نەخۆش بەکار دەبرێ.+

سەرینگار : قەراغ ، سنوور :(*لە سەرینگای زەوی یەکەی ئێمە هێندێک گیا بدروو*).

سەغڵەتی : تەنگانە.

سەلا : بەلا ، نەفرین :(*سەلا لە ئەقڵت*).+

سەڵبە : بێڵی کەڵەک لێ خوڕین.

سەمەڵ : لاسکە گەنمی گێرەکراوی ورد نەبوو :(*سەمەڵی تێدا ماوە*).+

سەمەڵ : لاسکە گەنم کە بۆ ئاخنینەوەی کورتان هەڵ دەگیرێ.+

سەوزەڵەخانم : ناوی گۆرانی یەکە :(*کنیچ لە باخەکەم دا سەوزەڵە خانم دەڵێ بۆ قرانێک*). « مامەڵی کوردی »

سەوەر : سەگ وەر ، وەڕینی چەند سەگ پێکەوە.

سەوەریخ : سەوەگوو ، بریتی یە لە ورگنی زۆرخۆری کارنەکەر.+

سێ بەنگی : بۆ کەزیە دەگوترێ ، مەبەست سێ لیزگەیە : (کەزیەت کردووی سێ بەنگی). × «فۆلکلۆر»

سێچکە : بەرێکی دارمازوویە ، بۆ خۆش کردنی پێست بەکاردێ .

سیخورمە : نقورچ ، نقورچک .×

سێ دەری : پەنجەرەی سێ تایی .×

سیرمۆکە : گیایەکە وەک کەوەر و کوڕادەسیرمکێویلە نیە.×

سیرمەکێش : بریتی یە لە ئازار و جەزرەبەدان :(وەللا سیرمەکێشت دەکەم).

سێرە : نیشانەگرتن :(سیرمم *لێ* گرت و *تەقەم لێ کرد*).+

سێرە : سەرنج :(سێرمم *دایە*).+

سیرەت : بۆ کیری منداڵ و پیاوی گەورە بەکاردەبرێ نەک هەر بۆ منداڵ .×

سیسرە : دەعبایەکە وەک کوللە رەشە ، لە خانوان دا دەژی، جاجم و پۆپەشمین و بەرماڵ ناهێڵێ.+

سێ کوت : ئەوەیە کە لە سێ بەشی بەرهەم ، دووبەشی بۆ رەعیەت و بەشێکی بۆ ئاغا بێ ، پێچەوانەی سێ یەک .

سیکەرۆ : جۆرێک هەڵووچەی ترش و وردە.

سێ گر : مشەخۆر، مفتەخۆر:(بوویە *سووری سێ گر؟*).

سێ گڵ : جۆرێک گوارەیە :(*گوڵم تۆ مەگری بۆ گوارەی*

سیٚ گۆ ، ناردوومە بۆت بیٚ لە هەولێر و کۆ)
« فۆلکلۆر »

سیواد : سپیایی بەیانی وسوورایی ئێواران :(*سیوادی ملەل دا*).+

سیوسیوە : ئەو دارە یان ئەو ئاسنەیە کە لەم سەرئەوسەری باگردان دەکریٚ و پیٚی دەگیٚڕن .+

سێوەلوکە : باڵندەیەکی بچووکی دەندووک خوارە ، وەک باشوو.

سێوەلوکە : گیایەکە بنێکی چووکەلەی هەیە شیرنە و دەخوریٚ .

پیتی ش

شاکەشاکە : هەڵپە و پەلەپەل ، وەپەلەقاژە کەوتن.×
شاگوڵ : جۆرە گوڵێکە.+
شام : قامیش.+
شامات : قامیشەڵان.+
شان داخستن : مل دانە کار :(*شانی لێ داخست تا تەواوی نەکرد دەستی لێ هەڵ نەگرت*).
شان وباهۆ : شان وباسک، هێزی دەست و پەنجە:(*لە شان و باهوی خۆم ڕادی*). « هێمن »
شباندن : شێوە کردن :(*بە کەسێکی دەشبێنم ، نازانم هەوە یان نا؟*).×
شتران : شووردران، (شستە شدن) .+
شخرە : شەغرە، بارە گیایەک کە باقە باقە بە گوریس لێک بەسترابێ.×
شخەڵ : نەمامی نووسێ ساڵەی داری لێرەوار.×
شرم برمێن : تێکەڵ پێکەڵی ، بێ سەرەوبەرەیی.
شڕ و وڕ : ڕووتەڵە،دڕاو.

شک بۆچوون : گومان له کەسێک کردن له دزی و کاری خراپ دا :(شکم بۆ نادر دەچێ).
شکرانە : سوپاس ، شوکر.
شکرانەبژاردن : سوپاسی خوا کردن، شوکری نیعمەت .
شکرانەکردن : شوکری نیعمەت .
شکست : شکاو ، دۆڕاو له یاری دا .+
شکڵ : بریتی یه له شتی شۆخ و شەنگ :(ئەسپەکەی دەڵێی شکڵه).+
شک لێ بوون : شک بۆچوون .
شک لێ کردن : گومان له کەسێک کردن که کارێکی خراپی له بن سەردا بێ.
شکۆ : شەرم :(شکۆیه مەکه ، به لەباری نان بخۆ).+
شکۆ : پارێز ، « احتیاط » :(به شکۆوه چوومە ژووری).+
شڵپ وهۆڕ : دەنگی خۆ له ئاو هاویشتن و یاری پێ کردنی ئاو.
شلووق : ئاڵۆز، نەحەجمیو :(ماشەڵڵا منداڵێکی شلووقه).+
شلەپەته : ئەو کەسەی ناتوانێ ببێته زاوا (عنین).+
شلەخەجێ : ناوی گۆرانی یەکی کوردی یه.
شمڵی : بەری گیایەکه دەبرژێ و دەهاڕێ لەگەڵ نان و کولێرەی دەکەن ، بۆنی خۆشه.×
شن : دارێکی لێرەواره گەڵاکانی ورد و خشتن.+

شوانەوێڵە : شوان، ئاژەڵدار، ئەو کەسەی کاری شوانی یە.
شۆپ : قوون، کونی پاشەوە.+
شۆرەک : رەوان، ئیسحال.+
شە : دەفەی جۆلایی نیە، بەشێکە لە دەفە کە لە نزیک سەد پەرە قامیش دروست کراوە و رایەڵی پێدا دەڕوا.×
شەتڵ : شـەلاڵ :(*شەتڵی خوێن هەروەکوو شێخی شەمزین*). « هەژار » +
شەخسە : شەختە.
شەخسە : ناوە بۆ پیاوان .
شەرت وبێ شەرتی: بێ وەفایی ، پەیمان شکێنی :(شەرت و بێ *شەرتیت مەعلوومەی داوە ، داخوا لە کوێی تر بنیاتت ناوە*). « فۆلکلۆر »
شەش قامک : کەسێک کە شەش قامکی لە دەستان بێ.
شەشلان : شەشەکان ، مانگی دوای رەمەزان .
شەقاو : هەنگاو ، هەنگاوی ئاسایی.+
شەقاوشل بوون: ماندووبوون.
شەقەکێش : برینەوەی دار بە شەقەمشار :(شەقەکێشی *نەکەی ناقەڵشێ*).+
شەکر لە دەم دا
بوون : قسە لە بیرمان :(*ئەتۆ شەکرت لە دەم دا بێ،* واتە قسەی خۆت لە بیربێ تا من قسەی خۆم دەکەم).
شەکرە : گوێنی یەکە کە شفرەی لێ دەدرێ بۆ کەتیرە ،

زەردە گوێنی نیە.×

شەکی : چەرمی رەق هەڵاتوو.+

شەکی : دارێکی لێرەوارە لە بنەماڵەی بەڕوو کە گەڵاکانی زۆر پانن.

شەلایی : تەڕانی و شینایی دەم چۆم.

شەڵتە : خەرار، یان تەلیسی گەورەی کاکێشانە ، نەک رەشکە.×

شەلکە : ئاژەڵی شەل (بیست سەرم شەلکە *لە ماڵێ گێراوەتەوە*).+

شەمسی : سەهۆڵی بەرهەتاوی زستان کە درەنگ دەتوێتەوە.

شەوادی : دووشەو بەرلە ئێستا ، واتە « پریشب » ی فارسی نەک « دیشب » .×

شەوبێر : دۆشینی مەڕومالات لە شەودا ، کە زیاتر پاییزانە.+

شەوترادی : سێ شەو بەرلە ئێستا ، شەوی پێش پێرێ شەو.

شەورامووسان : ماچی شەوانە لە جێ ژوان .

شەوزستان : یەکەم شەوی زستان ، « شب یلدا ».

شەوکار: ئەو کەسەی لە جیاتی رۆژ بە شەو کار دەکا.+

شەوهەینوو : سواڵی شەوانی « جمعە » .

شەهوەت : ناوی پیاو ، مەنی .

شەهوەت : هەوەس ، ئارەزووی جینسی .

شیەر : پێلە دەوەنی چڕ .

شێت وپێت : کەسێک کە لە خۆوە توورە دەبێ و دەتۆرێ .
شیخاڵ : پەڵە هەوری سپی و درێژۆوکە.+
شێرانەوە : شاردرانەوە، لەبەرچاو ون بوون.×
شیراوشیر : شیردانی مانگا دوازدەمانگ بێ ئەوەی کاتی ئاوس بوون وشک بکا.
شیردۆش : ئامرازێکە لە مەمکی ژنی تازەزاوی دەکەن بۆ ئەوە شیرەکەی هەڵ دۆشێ.+
شیرشیرۆکە : مژمژە، گوڵی گۆزروان کە منداڵ دەی مژن و شیرێکی شیرنی تێدایە.
شیرن گەوێ : کەسێک کە گەوێ یە ، بەڵام پێی ناشیرین نەبووە و لێی جوانە.×
شێروخەت : هەڵاویشتنی سکە و گرێو کردن کە بەکام لا دا دەکەوێ.
شێرە : قۆڵ ، هێندێ داری درێژن لە ئاخر چینی دیوار دەخرێن بۆ ئەوەی داری سوانەیان بخرێتە سەر.+
شێرەبەردینە پەیکەری شێر لە بەرد :(شێرە بەردینە لە جێی پەرژینە). « هێدی »
شێرەبەفرینە : پەیکەری شێر کە لە بەفر درووست کرابێ .
شێرەبەفرینە : بریتی یە لە کەسێکی بە رواڵەت بەدیمەن ، بەڵام بێ غیرەت و ترسەنۆک .
شێرەخۆرە : بە زیپک و زاگون (دەڵێی شێرەخۆرە نەبێ؟).
شێلمان : ئاسنی خانوو پێ درووست کردن، « تیرآهن ».
شیلە : ددانی سێ ساڵەی یەکسم کە لە شەش

سالى دا دەكەوێ.+

شیلەگرتوو : بیستانی دێمەکار کە پاش داچاندن بارانێکی کەمی لێ باریبێ.

شێن بوونەوە : لە نەکاو دەرکەوتن، لەنەکاو پەیدابوون :(*لەنەکاو لێم شێن بۆوە*).+

شێوەخوار : ئەو گیایەیە کە بۆ خواردنی شەوی ولاغ دەی هێننەوە .×

شیوەڵە : قەڵەو، قەڵەوی پاش کزی :(شیوەڵە بووە ، شیوەڵە بۆتەوە).+

پیتی ع و غ

عادڵ : ناوە بۆ پیاوان.+

عارف : تێگەیشتوو، ئاقڵ:(بۆ *عارفان حەرفێک بەسە*) « فولکلۆر ».×

عارەقگیر : عارەقچن .+

عالوسال : پشو لەسەرخۆ ، مەند (اهل و سهل).×

عەبرەش : هەبرەش، ئەبرەش، لە تێنوان وشک هەڵاتوو.+

عەلەم : نەخۆشی ، نەساغی (الم) :(*عەلەمی لێ براوە* واتە چاک بۆتەوە).×

عەلیخانی : جۆرێک شەدەی سوورە، جۆری مشکی .×

عەماراو : عەمباراو، بۆشکەی لە کانزا سازکراو بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن.+

عەمارتە : خانوویەکە کە بە ئەندازەی نهۆمێک دیواری بۆ کرابێ و پڕ کرابێتەوە بێ ئەوەی بکرێتە ژێرزەمین ، ئەمجار نهۆمێکی ساز کرابێ.×

عیو : هۆپ، وشەیەکە بۆ لێک لەهەرادان.

عیواوعیو : وشەیەکە لەجوابی عیودا دەگوترێ. مەبەست لە

هەرادانەوەیە.(بۆ ئاشنایی دوو دڵداریش ئەم
غڵدەغڵد : دوو وشەیە بەکار دەبرێن.)
دەنگی نامەفهوم کە لە گەرووی نەخۆش
غوراب : دەبیسترێ .
غوربەتی : جەرگە، جەنگە :(*لە غورابی خەوێ دا بووم*).
بەزەیی ، دڵ نەرمی :(*کە چاوم پێ کەوت*
غەڵەبایی : *غوربەتیم هەستا*).
ئاپۆرا ، زۆرایەتی :(*غەڵەبایی خەڵکەکە لە*
غەم ڕەوێن : *بەردەرکی مزگەوتی سوور بوو*).
منداڵی خۆشەویست ، یان دڵدار :(*لە لای*
دایکم بە تو بۆ غەم ڕەوێنی). « هێدی »

پیتی ڤ

ڤاب : ١ـ جۆرێک تۆزی جلک شوتنە ٢ـ بۆتە ناو بۆ هەموو جۆرە تۆزێکی جلک شوتن .

ڤاتمۆکێ : بانگ کردنی فاتم ناوە بەخۆشەویستی یەوە.×

ڤاتمۆکێ : گۆرانی یەکی کۆنی کوردی یە.+

ڤاتمیلێ : بانگ کردنی فاتم ناوە، بەخۆشەویستی یەوە.×

ڤاماندن تێگەیشتن .

ڤام کردنەوە : سەرەتای ئەقڵ پەیداکردنی منداڵ :(*تازە ڤامی کردۆتەوە*).

ڤامە : ناوی ژنانە ، چووک کراوەی « فاطمە » یە .

ڤامین : تێگەیشتن :(*زۆر دەڤامێ*).

ڤجوو : هەڵفرینی کەو.

ڤچک : سەرتێ هەڵدانی بێچوو لە گوانی دایکی لە کاتی مژین دا .+

ڤراژوو : هەراش ، پێگەیشتوو ، فراژی .

ڤرڤرە : دارێکی کورتی دە سانتی میتری یە ، بەنی دەنێو بەندی دەخەن و بە دەست هەڵی

دەسووڕێنن .+

فرماوێژ : ئەو کەسەی بە شیعر جوێن دەدا.

فرێت : رایەڵە ، نەک تێوەدان .×

فسکەفسک : پچەپچ ، سرت و خورت.

فسوس پاڵەوان: فس فس پاڵەوان ، خۆهەڵکێشی بێکارە .

فشقاندن : دەنگی گەورەی هێندێ حەیوانات وەک بەراز.

فشق و هۆڕ : فشقاندنی زۆر.

فشقەفشق : فشقاندنی زۆر.

فڵقوهۆڕ : یاری یەکە ، سکەی چووک وەک تاقرانی بە تەختەوە دا دەکەن و بە سکەی گەورە تێی دەگرن .

فوولەدۆنەکردن : لە حەلاڵی و حەرامی نەپرسین :(*هێندە فوو لە دۆی ناکا ، چی دەست کەوێ دەی خوا*).

فەتەرات : هیلاک (*سەری بە فەتەرات دا*).+

فەراق : حەیات (*فەراقی لێ بڕی واتە کوشتی*).+

فەرخە : ناوە بۆ پیاوان .+

فەڕفەساڵ : تەرح و دیدار، سەروسیما :(*فڕوفەساڵت جوانە !*) « بەتانووتەوە ».

فەڕفیک : خێروبەرەکەت :(بە تانووتەوە دەگوترێ ئەم *تەرزیە فڕوفیکی تۆ بوو*).

فەلەی بێ دەنگ: جۆرێک گەمەی منداڵانە، هەرچی دەنگ بکا دەی دۆڕێنێ.

فیجان : فیزان.

فیزان : هەڵسڕانی توێکڵی توولەبی ئەو کاتەی دەیانەوێ

به پیپللاره دهری بینن .+

فیزان هەڵدرانی خەڵفی دار کاتێک دای دەنێن بۆ گزچان ، فیجانیش دەگوترێ .+

فیشەکە شینە بریتی یە لە بنیادەمی نەحەجمیو .+

فیقاندن دەنگ لێوە هاتن لە ژێر فشاردا .+

فینار ڕاکردن، هەڵاتن ، لە « فرار » ی عەرەبی یەوە هاتوە .

پیتی ق

قاپرەش	پێ ڕەش ، پێ وقەدەم شەڕ، بەدیومن.+
قاپووڵە	دەفری زۆر چووک.+
قاپسوور	قەوان ، قاپۆر.
قاڕ	ڕق ، قین (قهر).
قاڕنە	لیدانی تۆپ بە دار بە جۆرێک کە بەرەو بەرزایی بچێ و یاری کەرانی « طرف مقابل » بتوانن بی گرنەوە.+
قاشاخ	تێکوڵی گەنمەشامی.+
قاشاغ	قاشاخ.+
قاشتن :	ڕاکردن، غاردان . ڕەنگە لە تورکی یەوە هاتبێ بەڵام لە ناوچەی سەردەشت زۆر دەگوترێ .
قاڵتاغ :	ئاتەکی زین .+
قامچ :	قەمچیش دەگوترێ ، ئاست ، حاند، شوێنی دیاری کراو.+
قان :	لە یاریی مێشێن دا هەرکەس چوار پوولی دۆڕاند، پوولێکی دەدەنەوە یاریی پێ بکا، پێی

دەڵێن قان .×

قانگەبەرد : کانەبەرد، ئەو جێ یەی بەردی باشی بۆ خانوو لێ دەردێنن.

قاڵچیغ : شوێنی درواوی دەغڵ ودان کە لە پێی بنیادەم رادەچێ.×

قاڵچیغ : قاڵچخ.

قاڵداسوو : داسووکەی گوڵی وشکی دەغڵ ودان.

قدووم : پــێ وقـــــەدەم :(قـدوومت خـێرە ئـیشـەڵلا نەخۆشەکەت چاک دەبێتەوە).

قرتێ خستن : ئاسەواربڕین،جووقەواربڕین،کوشتنی بەکۆمەڵ .

قرتێ کەوتوو : وەک تـووک و جـنێو لـە دژی مـنداڵان بـەکـار دەبرێ :(بۆ بێدەنگ نابن قرتێکەوتوو) .

قرچ : دەنگی شکانی چیلکەوچاڵ لە بن پێ دا .+

قرچۆک : دارێک کە زۆر ئاسکە و بەئاسانی دەشکێ.+

قرخ : دارودەوەن کە لە جێگای رەقەن دەڕوێ و زیاد ناکا .+

قرخاندن : دەنگ لەگەروو هاتن وەک ئەوەی بخنکێ.+

قرژ : پنچکە داری پەل وپۆ ئاڵۆز.+

قرژاڵبڕ : کـونێک کـە قـرژاڵ لە لێواری جـۆگەی دەکـا و دەبێتە هۆی خەسار بوونی بەشێک لە ئاوەکە.+

قرژوقاڵ : پەل وپووش، چیلکە وچاڵ.

قرژە : جۆرە پنچکە دارێکە کورت و پڕ لک وپۆ.+

قرژەرەشکە : قرژە.

قرساندن : هەڵدروونی نێوقەدی کراسی ژنانە بە مەبەستی

کورتکردنەوە.+

قرم : قورم، دووکەڵی خانوو.+

قرنجاندن قرساندن،هەڵدروونی کراس بۆکورت کردنەوە.+

قروسکە : دەنگی سەگ کاتی ئازارگەیشتن.

قڕماتن : بڕیتی یە لە ئارەحەتیی زۆر لە ئاکامی برسیەتی، یان تینوێتی دا.+

قریشکە : دەنگی تفەنگ :(*قریشکەی برنۆی هاتە بەر گوێ زراوی چوو*).+

قژەقژ : تڕووسکانەوەی پۆلووی ئاگر.

قسەبڕین : قانیع کردن.+

قسەتڕن : کەسێک کە قسەی تاڵ وناخۆش دەکا.

قسەڕزیو : قسەڕەوا.

قسەلەزار

دەرهێنان : نهێنی پێ درکاندن.

قسەلێ وەرگرتن: بەگوێ کردن.

قسەلێ وەرگرتن: نهێنی پێ درکاندن.

قشپیلانە : خنجیلانە.

قشپیلە : خنجیلانە.

قلاشکەری : داری لێرەوار کە قەلاشرابێ بۆ سووتاندن. بە داری ئەسنوور ناگوترێ.×

قلاقەپ : قەلاقەپیش دەگوترێ، قرقەپ،قسە نەکردن.

قماو : زەوی یەک کە وەختێک ئاوی تێ دەگرن بێ ئەوەی سەرەوەی تەڕ بێ لە ژێرەوە تەڕ دەبێ.

قوپەن : چووزەرەی هێندێک گیا وەک کەنگر و کەما و

مەندیٌ، پێش ئەوەی گەلاٌ بکا.+

قۆتان : کوتان، جێگایەک کەبەتانە دروست دەکریٌ و کا و گزرەی تیٌ دەکەن.+

قوتک : گرد، تەپۆڵکە، گێوی چووک.+

قۆچاغ : قوچاغ، بەنیمەن، جوان چاک.

قۆچەکانی : قزچەقانی.

قوڕپەست : داپۆشینی بانی خانوو بە قوڕی گیراوە.+

قۆرت : پێچی جادە و ڕێگا.+

قۆرت : بریتی یە لە فێلٌ وگزی :(*پیاوێکی بە قۆرت و پێچە*).+

قورس : خواردنێک کە درەنگ هەزم ببیٌ.+

قورس : ئاهەنگی گۆرانی کە پشووی درێژی بویٌ.+

قورسە : سندە، شەکر یان دانەوێڵە کە نمی کێشابیٌ و بووبێتە کڵۆ :(*قورسەی بەستوە*).+

قورەبەست : قورەبان.

قوزەگامێش بریتی یە لە پیاوی بێکارە و هیچ لە دەست نەهاتوو.

قۆشە : ئینسانی بەدفەڕ و ناجسن.+

قوولە : خوێندنی کەڵەشێر.

قۆڵ : لوولە کوورە، لوولە سۆبە.+

قۆڵ : دارێکە لە دیوار دەگیریٌ بۆ ئەوەی داری درێژی باوێژرێتە سەر بۆ دروست کردنی سوانە.

قۆڵتڕ : کز و لاواز و پیر:(*بارگینێکی قوڵتڕی هەیە*).

قزنگره : کونی ئەستێری ئاو.+

قوونەجووڕە : قوونە مرغە.

قوونەجووڕە : قوون بزاوتنی کەسێک کە بۆ ڕۆیشتن بە پەلەیە.

قوونە خشکە : ڕۆیشتن لە سەر سمتە، نەک ڕۆیشتنی بە ماتەماتە.×

قوونە مرغە : ئێسکی قوونی باڵدار.

قۆیتاس : ناوە بۆ پیاوان.

قەبڵ : نەزر :(*ئەو شتەم دەقەبڵ* تۆ کرد واتە نەزرم کردی بە خۆڕایی).+

قەپاڵە : جارێک گاز لێ گرتن و پچڕین :(به *قەپاڵەیەک نیوەی سێوەکەم پچڕی*).

قەد : نێوانی دووکاریتە لە خانوودا :(*خانووەکە چوارقەدە*).

قەدەم : جۆرێک ڕۆیشتنی ولاغە بەرزەیە.+

قەرا : حاند، ئاست :(*گەیشتمە قەرا ماڵی ئێوە و گەڕامەوە*).+

قەراقەرا یاری یەکی مندالانە.

قەراقەراپێن قەراقەرا.

قەروگوڵەزەر : بەیتێکی کۆنی کوردی یە.

قەرەتاژدین : ناوی یەکێک لە قارەمانانی داستانی مەم و زینە. دەڵێن زۆر دەوڵەمەند بووە.

قەرەوانە : کتری.+

قەف : دەورەیەکی پشتێن :(*پشتێنەکەی شل بووە سێ قەف کەوتە سەر ڕانی*). « فۆلکلۆر » +

قەڵاپەچن : دەفری سەر لێو کراو ، دەفرێک پاش پڕبوون زیادی لە سەر دانراوە.
قەڵاجۆش : قەلایی کردنی دەفری کون، گرتنی کونی دەفر بە قەڵایی.
قەڵاشکەری : قەڵاشکەری،داری ئەستووری قەڵاشراو بۆ
قەڵاشکەری : سووتاندن.
قەڵتاغ شڕ : یاری یەکی منداڵانە، بە سێ کەس دەکرێ.
قەڵتاغ شڕ : کۆنەبەگ، ئاغای لێکەوتوو.
قەللاش : دیکتاتۆر، توندوتیژ، زاڵم.
دەسبڕ، گوێ بڕ، ئەوەی بە فێڵ و تەڵەکە پووڵ
قەڵفەت : لە خەڵک وەردەگرێ و نای داتەوە.×
قەڵنەرێژ : قەڵافەت.
قەڵنەکێش : توونتنی ئامادە بۆ قەڵنە.
قەڵنەکێش : ماوەی کێشانی قەڵنەیەک.
قەڵ وداڵ : ئەو کەسەی خووی بە کێشانی قەڵنەوە گرتوە.
ئەو باڵندانەی بەسەرکەلاکە حەیوانەوە دەگەڕێن.
قەڵەفسە : جۆرێک گوڵی قرپۆک و ناشیرنە لە شاگوڵی کوردی دا.
قەملاندن : قەبلاندن، بەگۆترە ئەندازە گرتن.
قەو : قەوەت :(بە *قەو لێی* دە واتە توند و بە قەوەت لێی دە).×
قەیرە : مریشک وکەوی گەورەتر لەیەک ساڵ.+
قیرە : زیرە، دەنگی بەرز لە تووڕەیی.+
قیسکە : بەڕوولەی خەیار و تۆزی :(فیسکە *خەیار*).+

پیتی ک

کابە : گوڵەدان،گەنمەشامی.+

کابەکەچ بوون : قیلەوەرگەڕان.

کابەکەچ بوون : بریتی یە لە کاری خراپ و قەباحەت :(چ بووە خۆ *کابە کەچ نەبووە* ؟).

کاپێچ : بریتی یە لە زگ ئێشەیەک کە لە زۆرخواردنەوە پەیدا بێ.+

کارپێ کردن : وەکارخستن بۆ ئەوە بزانی کار دەکا یان نا؟ : (*ئەم ماشێنەم کڕیوە کارم بۆ پێ بکە بزانە* چۆنە).

کارپێ کردن : کارپێ سپاردن. بەکری گرتن.

کارت : کارد، کێرد، چەقۆ.

کارتیغ : کارتیخ.

کاردروستایی : خۆ ئامادە کردن :(خەریکی *کاردروستایی زەماوەندم*).

کاردووپلاو : جۆرە پلاوێکی برنجە کە کاردووی زەردکراوی لەگەڵ دەکەن.

کارگەفسە : جۆرێک کارگی ژەهراوی یە.

کارووخ : جیایەکی کوردستانە.

کارەمور : کاریلەی بزنی رەشان.

کارەمەرەز : کاریلەی بزنی مەرەز.

کاسبکار : کەسێکە بێکار دانانیشێ و هەرکارێک بۆی رێ بکەوێ دەی کا :(*کاسبکاری چاکە*).+

کاسەڵەجیرانەتی: ئەو چێشتەی بۆ ماڵی دراوسێی دەبەن، ناردنی چێشتەکە.

کاشیکاری : دانانی کاشی لە کاری خانوو دروست کردن دا.+

کافر : بریتی یە لە بێ ئینساف.+

کافرباب : بریتی یە لە بێ ئینساف ، بۆ دڵداران بەکار دەبرێ.

کاکڵ : بریتی یە لە پوختەی نێوەرۆک :(*کاکڵی قسەکە ئەمەیە*).+

کاکۆڵ زێڕین : کاکۆڵ زەرد، قژ زەرد، بریتی یە لە منداڵی نێرینەی جوان.

کاڵانەوە : وەشانەوە، لەگەل یەک هاتنەوە :(ئەم *دووانە لێک ناکاڵێنەوە*).

کاڵ ڕنین : لێکردنەوەی میوە پێش ئەوەی بگا.

کاڵ وکرچ : بریتی یە لە مەبەست یان نووسینی لاواز و بێ نێوەرۆک.+

کاڵە : پێتاو نیە، پێڵاوی لە چەرمی خاوە، پێتاو پێنەی کاڵەیە.x

کاڵبین : بەن کاڵە، ئەو بەنەیە کاڵەی پێ قایم دەکەن. کە دەڵێن *کاڵە* بێنیک بەفر *باریوە*،مەبەستیان ئەوەیە بەفرەکە دەگاتە ئەو جێ یە کە بەن کاڵەکەی پێوەیە.×

کاڵەجۆش : نۆکڵیوی تەواو نەکوڵیو.

کاڵەمستانە : پشکیلان نیە، یاری یەکە کە بە دە کڵاو دەکرێ و مازوویان تێ دا دەشاردرێتەوە. لە کاتێک دا پشکیلان بەچەند کەس دەکرێ کە دانیشتوون و قوتوویەک یان شتێکی دیکەیان تێ دەگێڕن و لای یەکێکیان بەجێی دێڵن ، دەبێ لای ئەوبەری یاری یەکە بی دۆزێتەوە .×

کامڵ : پێگەیشتووی گوێز و بادام.

کامەتا : وشەی پرسیارە لە شتێک کە دیار نیە، کوا، لەکوێ یە ؟ .×

کامەتانی : کامەتا.

کامەتە : کامەتا

کامەسە : کامەتا

کاناڵ : هەڵکەندراو بۆ لێک دانەوەی ئاوی دوو دەریـا : (*کاناڵی سوێز*).

کچەوەرە : بریتی یە لە قوماشی جوانی ژنانە.

کرگار : کاری بێ بایەخ :(*کاری نیە کرگاران دەکا*) «مەسەل».

کردە : بەرهەمی کار:(*هەرکردەی منە وبردەی زاڵم*).+

کرشە : کڵۆشی کۆکراوەی لەسەر یەک دانراو، نەک هەر

کلۆشینک بێ.×

کرم ساتان : جۆرێک قوماشی ژنانە بوو :(*پشتێندی کرم ساتان لەسەر سمتی خزیوە*) « فۆلکلۆر »

کرملۆ : جۆرێک مێشی زۆر بەزەرەنێوەراستی بەهاران لە هێندێک جێگا پەیدا دەبێ و ئاخری بەهارێ پووش بەقوونە دەی خوا.

کرمەک : جۆرێک قوماشی ژنانە بوو.+

کڕووزانەوە : دەردی دڵی نابەجێ، باسی هەژاری کردن بێ ئەوەی هەژار بێ.+

کڕووزی : جۆرێک هەرمێ یە بۆ نێو ترشیات باشە.

کرێگرتە : بەکرێگیراو، « مزدور » .+

کڕێنک : کرێن، رەقەن، زەویی رەقەن.

کزران : زەمینێکە کە ئاو هەڵدەمژێ و نابێ بە قوڕ، نەک هەڵنەمژێ.×

کفتوکۆ : ژانی برین :(*بەو دەرمانە کفتوکۆی برینەکەم شکا*).+

کلاشە : هەڵگێرانی قوڕ بە پێلاوەوە.×

کلاکلا : دەنگ دانی بارەبەر بۆ ئەوەی خۆی لە دارودەوەن لا بدا.

کلاشینکۆف : جۆرێک تفەنگی ڕێزی ڕووسی یە.

کلام : بەرنامەی رادیۆ، قسە، کەلام.

کلان : لە ڕێ دەرچوون.+

کلاوبابردوو : کەسێک با کلاوەکەی لێ رفاندوە یان خۆی داویەتە بەر با:(*وان بەسەر تۆوە کلاو بابردوو*)

« هەژار »

کڵاوگەرگەڕی : کڵاوی لێواردار.

کڵاوە : ئێسکی کەشکەژنو.+

کڵدان : ئاگرخۆش کردن: (سەرمایە ئاگرەکە کڵ بدە).+

کڵسن : کڵتور، کڵدان.

کلک ڕاوەشاندن: بریتی یە لە خۆشحاڵی.

کلک ڕاوەشاندن: کلکەسووتە،مەرایی.

کلکە : بڕانەوەی زەوی یان بڕانەوەی ئاوی دەریا لە باریکی دا.+

کلکە لەقە : مەرایی :(بۆی کەوتە کلکە لەقە ، گوتی چی دەڵێن حەقە) . « هەژار »

کڵۆ : بریتی یە لە شتی زۆر، رەقەمی زۆر :(بە کڵۆ پارەم دەست کەوت).+

کڵۆت : ئێسکی سەرسمتی یەک سم.

کڵووک : گوڵووک ، گوڵی کێوی، گوڵی ورد.+

کڵەو : شەپۆلێک کە بە سەر بەردا دەڕوا و بڵێند دەبێتەوە، نەک بەسەر پردا.×

کلێچە : کلکی مەڕ، ئەو بەشە کورت و باریکە لەسەر دووکی مەڕە.+

کڵێس : وێران، وێران بوو.×

کڵێس بوون : وێران بوون،هەر بۆ ماڵ و خانوو و شار و دێ بەکار دەبرێ .×

کڵێشە : جەستە، لەشی بنیادەم.×

کلێل : قفل.+

کلیله : کلیل.

کنر : کەنگر.+

کنەکردن : بریتی یە لە مەمنوونی و مەجبووری :(ئەگەر *ئەتۆ بە سەد تەمن کار دەکەی باشە، ئەگینا ئی وا هەیە بە هەشتا تەمن کنە دەکا*).+

کۆپە : قەراخێکە کە جیا لە قوماشی لیباسەکەبێ. کۆپەکەوا تیزماڵکێکە لە قەراخی کەوا دەگیرێ و لە قوماشی کەواکە نیە.×

کۆپەک : جـۆرێک بـەڕووی زل و ئـەسـتـوورە کـە بـۆ خـواردنـی بـنـیـادەم نـابـێ، نـەک هـەمـوو بەڕوویەک.×

کووپە : بریتی یە لە بنیـادەمی گیلۆکە (هـالو) ی فارسی.

کۆپەین : سەرانگوێلک.

کۆپین : کۆپۆن، پسوولەی جیرەی خواردەمەنی.

کۆترە : داری نێوان کۆڵەکە و کاریتە.×

کۆترەگایە : لە کۆترەشینکە گەورەترە.×

کۆترەگەگمە : جۆرێ کۆترە.

کۆترەگەورە : جۆرە کۆترێکە لە هەموان گەورەترە.

کۆتەڵ : پەیکەرێکە بۆ مردووی ساز دەکەن و بە سواری ئەسپ دەی گێڕن، نەک ئەسپ.×

کۆتەرە : کـوتـەداری گـەورەی بـڕاوە، نـەک قـەدی داری بەپێوە.×

کۆچبار : کۆچ وبار.

کۆچ وبار : ئەو کاروانە کە ماڵی کۆچ کردووی پێ یە :(*ئەو کۆچ و بارە بۆ کوێ دەچێ ؟*).+

کۆچ وکاچبار : بارگە وبنە، کۆچ وبار.

کوچی : بانگ کردنە بۆ سەگ.+

کاچی سوور : بریتی یە لە بە بووک چوونی کچ.

کورتخەس : هەموو سەرچنینکی تووتن نیە، بەوە دەگوترێ کە زۆری لێ بکرێتەوە.×

کوردە : سووکەڵە ناوی « کوردستان » ە ، ئەوکاتەی دەبێتە ناوی ژنان.

کوردەناموسی: غیرەتی کوردانە.

کورکە : دەنگی کەمی پەلەوەر.+

کورکە : دەنگی کەمی گریانی منداڵ :(*ئەمشەو باش بوو کورکەی نەکرد*).+

کوڕگەل : کوڕەکان، لاوەکان :(*کوڕگەل ، کوڕی کوردی نەبەز ، مەوەستن کۆوەبن بەلەز*). « هەژار »

کاڕەدار : داری کۆڕپە، داری کورتەباڵا و پڕ لک و گەڵا.+

کاڕەو : کۆز، کۆزیلکە، ئەلقەی بنیادەمان :(*کۆڕەوی زکریمان بەست*).

کوڕەوەدار : پۆلەدار.

کوڕی ڕۆژ : بەپیاوی ئازا دەگوترێ « *کوڕی ڕۆژی تەنگانە* » ، کوڕی ڕۆژ تەنیا بە هەلپەرست دەگوترێ.×

کاست کەوتن : خۆشەویست مردن، نزیک ترین کەس مردن : (*بووکی کۆست کەوتە ئەوەیە زاوای بمرێ*).+

کوشتار : سەربڕینی حەیوان بۆ قەسابی.+

کوشته : ئاشق، ئوگر :(*کوشتەی بووچاوی کاڵم*).
«فۆلکلۆر»+
کوشتەری : جۆرێک ڕەندەیە بۆ تاشینی لاجامەی دەرگا و پەنجەرە و ... .
کوشمە : هەڵکورمان.+
کۆکەرەوە : ئەوەی شت خڕ دەکاتەوە.
کۆل : دارێکە بووزووی پێ لە قاڵب دەدەن تا ساف و لووس بێ.+
کوول : کەندی لێواری چۆم :(*کوولاوکوول دێ*).+
کۆڵ : کول، دژی تیژ، سواو.+
کۆڵچی : کۆڵکێش، کرێ کۆڵ، ئەوەی بە کرێ کۆڵ هەڵ دەگرێ.
کۆلدان : ساف و لووس کردنی بووزوو بە کۆل، لە کۆلدان.
کۆڵکردنەوە : لە کۆڵکردنەوە، لە یەخە کردنەوە.
کوڵندە : ناوی گۆرانی یەکی کوردی یە.
کۆڵەگروو : حاڵەتی پێش گریان، گریان هاتن.
کۆڵەگروو
لە ئەرکێ مان: گریان بەری قورگ گرتن.
کوڵهێنان : کولاندن، وەکوڵ هێنان.
کۆڵی : دەست نەقوستانی.
کولێرەشەکرە : جۆرێ کولێرەیە شەکر و شیر و ڕۆن لەگەڵ هەویرەکەی دەکرێ.
کوڵی گریان : گریان هاتن، مەحزوون بوون.

کونجری : گیایەکی دڕکاوی یە.
کونجی : مریشکی خاڵدار (ڕەش و سپی).+
کوندرە : گیایەکی دڕکاوی یە.
کون دەجەرگ : جـاڕز، وەڕەز:(هێندەی گوت کون دەجـەرگی کردم).
کوندەمیز : بریتـی یە لـە منداڵێک کـە شـەوانە لـە خـۆی دەمیزێ.
کوێخایەتی : کاری کوێخا.
کوێخایەتی : ڕیش سپی گەری.
کوێر : گوێزێک کە کاکڵەکەی زۆر بە زەحمەت دەردێ.+
کەپرسەوز : بریتی یە لە کەسێک کە زووزوو مەنزڵ دەگۆڕێ یان کار دەگۆڕێ .
کەچکەقوڵێ : کەوچکی کلک شکاو :(پەپوو، شیرمکە هەڵچوو، کەچکە قوڵێ نەبوو). « فۆلکلۆر »
کەچەڵی ئاختلی: کەچەڵێک کە سەرانسەری مووی سەری وەریبێ و لەپکەی پێوەبێ بە جۆرێک کە خەڵک بێزی لێ بکەن.
کەچەڵی
تەپ تەپی : کەچەڵێک کە تەنیا مووی تەپڵە سەری وەریوە.
کەراوکەرکەوتن : بـریـتـی یـە لـەوە کـە دووکـەس بـە شـێوەی نامەعقوول بکەونە کێشە و هەرا و هیچیان تەسلیم نەبن.
کەربازاری : هەرا و زەنای دوور لە ئەدەب.
کەرتوێنە : هەورازی سەخت.

کەرپیاو : بریتی یە لە پیاوی گێلۆکە.
کەرد : بەری دروێنە.
کەرکەرۆکە : دارێکە بەسەر هەیوانی مزگەوتانی رادیێلن بۆ لەسەر دانیشتنی.
کەرمسووری
مل درێژ : جۆرێ گەمەی مندالانە
کەرمەسۆ : بێ گۆێ، لاسار.
کەژ : وەختی کێلان بۆ زەوی :(کەژی خۆشە ، کەژی هاتۆتەوە).+
کەژ : چاخ، وەخت :(*با بچینە هازوان کەژیەتی*).+
کەژ : فەسلی سالْ :(*کەژی هاوینێ هەمووی نۆبەتی دای گرتم*).+
کەس تێ نەپیاو: جنێوێکی ژنانەیە بە قەیرە کچێکی دەلێن کە زۆر مابێتەوە و کەس خوازبێنیی نەکردبێ.
کەس نەزان : ناوی دارێکە.
کەس نەکردە : کەس نەکردوو، بریتی یە لە کاری زۆرناشیرین.
کەشکەفەرێک : جۆرێ کەشکی کەم خوێ یە کە رەشکە و کاخلیی لەگەلْ دەکەن و پێش ئەوەی بە تەواوی وشک بێ دەی برژێنن و دەی خۆن.
کەشکەک : چێشتی گۆشتە کە بە گەنمە کوتاوەوە لێ بنرێ.×
کەف دەردان : دەرکەوتنی کەف لە قەدی گوێنی و چوالە و کۆخ و قەیسی پێش ئەوەی بمەیێ و ببێتە جەوی.

کەف هەڵدان : کەف پەیدابوون لە سەر شتێک کە خەریکە دێتە کوڵ.

کەف هەڵڕاندن : کەف لە دەم هاتنی نەخۆش، بە تایبەتی لە کاتی سەرەمەرگ دا.

کەڵ : داری دارەڕای خانوو کە باری زەقی لە هەوا بێ.+

کەلارە : جۆرێک سەر و شەدەی ژنانە.+

کەلاش : قەلاشیش دەگوترێ، بە فێڵ و دەسبڕ.

کەلە : دیوی خڕی سەرسووچی خانوو.+

کەڵوو : ناوچەیەکە لە کوردستان.+

کەڵت : جوانەگا، گای نەخەساو.+

کەڵەبابە : تووتنێک کە باش شین بووە و لە دێراو هاتۆتە دەر :(تووتنەکەم کەڵەبابە بووە).+

کەڵەشاخ : شاخی حەیوان کە دروێنەوان ڕۆنی تێدا هەڵ دەگرن.+

کەڵەکچی : فێڵباز، بەدەمەق.+

کەڵەمەکێش : گای سەرڕەق، گایەک بە ئاسانی جووت نەکا.+

کەم دڵ : ماڵی نەستێنر.×

کەم قنیات : بێ سەبر، بێ حەوسەلە.×

کەندوکۆژ : لێکۆڵینەوە و یەکالاکردن.

کەندوکۆسپ : گیروگرفت،هەوراز و نشێو.

کەندولەند : گیروگرفت،هەوراز و نشێو.

کەندەوە وکۆژەوە: کەندوکۆژ، لێکۆڵینەوەی زۆر.

کەوباز : ئەو کەسەیە کەوان رادەگرێ بۆ شەڕەکەو، نەک

ئەوەی ڕاویان پێ دەکا.×

کەوبوار : ئەو کەوانە کە سەرە بەهاران لە گەرمێنەوە کۆچ دەکەن بۆ کوێستان.×

کەوبەدار : مانگی ئاخری بەهارە کە کەوی ڕاوی بە دارەوە دەنرێ، ئەگینا کەو بۆ خۆی قەت لە دار نانیشێ.×

کەوپەڕ : نێوان دوو کێوە کە مەوداکەیان لێک دوورە و کەو بە یەک باڵ نای بڕێ.×

کەوتن : بریتی یە لە کەسادی بازار :(*ماڵات کەوتوە، نافرۆشرێ*).+

کەوتنەسەر : سەردەوونان، ڕاونان، ڕەپێ نان.+

کەورگ : خڕکە بەرد، بەردی گەورە :(*کەورگێکی پێدا دا لاقێکی شکاند*).+

کەوڵەسپێ : بریتی یە لە ئینسانی درۆزن و ئەسپێون.

کەوپایی : نزمایی لە چیا و بەندەن، دژی قوتکە.

پیتی گ

گارانی : گوێرپار، پارین، گوێلکی دووساڵە.

گاڕانی : بریتی یە لە گێل و بێ شعوور.

گازکردن : بانگ کردن.+

گاگێرە : چینێکی دووقاتی دەوری کلاشی کوردی یە بۆ جوان و قایم بوون.+

گاگێڕەوە : جۆرێک پەرژینی دەوری خەرمان بۆ ئەوەی کاتی گێرە ولاغەکان نەچنە دەر.

گاڵوبوڤر : گاڵوبوغ، دەنگی قسەکردنی منداڵی ساوا.

گالیس : بریتی یە لە بەتاڵ کردنی دەفری خواردن : (*قاپەکەی گالیس کرد*).

گان گانێکە : خۆیەیەکەوەنانی منداڵان، لاسایی گان کردنەوە.×

گجە : گرژە، بەرێکی دارمازوویە.+

گرژاڵی : رەنگێکی تێکەڵاو لە سوور و رەش.

گرگر : بەرداش لەتەپاڵە یان تەختە داری چووک چووک بۆ پاک کردنی چەڵتووک.+

گرمێنچان : گرگرتنی تەندوور بە توندی.
گریمانە : لیری لەش :(*هەموو لەشی بۆتە گریمانە*).+
گریوانکە : گروانکە، ٤١٠ (چوارسەد و دە) گەرەم.
گزرەیی : مازووی شین کە تازە خەریکە سپی ببێ.
گزرەیی : عەمبارەمازووی سپی و شینی تێکەڵاو.
گلاوکردن : دم لێ دانی سەگ لە قاپ و قاپچاغ و هەر شتێ.×
گلاوکردنەوە : شوتنەوەی گلاوکراو بە قوڕاوێک و شەش ئاوی ڕوون.
گڵواز : ئەڵقەی بە خلەخل بە داری بێشکەوە.+
گڵواز : جۆرێک گوێزی زۆر درشت و ئازایە.+
گڵەشۆک : گڵێکی سپی یە لە دۆشاو دەکرێ بۆ ئەوەی شیرین بێ.
گنخاندن : تەنەخی کردن، وەدوا خستن.
گووپنە : مریشکێک کە سەری زلە و دەوری چاوانی گۆشتنە.+
گۆدەگۆدە : ڕۆیشتنی بە لارەلار، ڕۆیشتنی ناڕێک.
گورد : ریزە هەودا بەنێکی تایبەتی یە کە لە تەون و جۆلایی دا داوە ڕایەڵەکانی بە نێودا دەڕۆن. بە دارەکەی دەگوترێ « *دارگورد* ».×
گورزی کوێری : گورزەکوێرە، جۆرێک یاری یە کە چاوی یەکێک دەبەستن و گورزی دەدەنە دەست.
گورگەلوور : دەنگی لووراندنی چەند گورگ بەسەر یەکەوە.+
گورگەمێش : بریتی یە لە کەسێک کە چاو دەگێڕێ بۆ ئەوەی

شتێک هەڵ نێ و دوایە بێ دزێ.+

گوڕوتا : تین وتا، توانا، هێز.+

گۆڕێ : گۆڕی، گۆڕەوی.

گۆریس : گوریس.

گوزەر : شوێنی کۆبوونەوەی کاسبکاران :(گوزەری کاسبکاران ، گوزەری بەقاڵان).+

گووش : پەتی بادراو، پەتی ئەستوور.+

گۆشت برژێن : ئامرازی گۆشت برژاندن.+

گۆشتەوەزوون : گۆشتەزوون.

گۆشتی

سەرچاپەر : بریتی یە لە شتێک کە بێ عەیبی یەکەی تەزمین ناکرێ :(بە گۆشتی سەر چەپەرێت پێ دەفرۆشم).×

گووگە : گورگ، بۆ منداڵانی دەڵێن :(مەچۆ دەرێ گورگە دەت خوا).

گوڵ : جێگەی دانی دەغڵ ودان :(گوڵە گەنم ، گوڵەجۆ).+

گوڵان : ناوە بۆ ژنان.+

گوڵ ئاودان : ئاوداشتنی گوڵان.

گوڵپەر : پەرینی گەنم، زیاد لە پێویست گەیشتنی دەغڵ و دان .×

گوڵ دان : گوڵ دەرکردنی گەنم وجۆ.+

گوڵستان : ناوە بۆ ژنان.+

گوڵووک : گڵووک، کڵووک، گوڵی وردی کێوی.

گوڵ وەدەم : گوڵ بەدەم، خەیاری ساوا و شلک.

گوڵەبەرانە : گوڵێکی کێوی یە، بونخۆش و درشت تر لە گوڵەبەڕۆنە.

گوڵەداسوور : جۆرێ زیبکەی سەرتیژە لە زمانی رەشە ولاغ دێ.

گوڵەدان : گەنمەشامی،گوڵەکابە،گوڵەپێغەمبەرە.

گولیلک : گوڵووک،کڵووک.

گڵم : داری دارەڕایە کە « مقعّر » ەکەی لە لای سەرەوە بێ.+

گڵماو : قووڵکەی چووکی پڕ لە ئاو.+

گووەشک : پیسایی مشک،

گووەمێش : پیسایی مێش وەگەز، پیسایی مێشە رەشکە.

گوناح : هەژار،بەستەزمان.+

گۆنیا : وەک یەک بوونی درێژایی نێوان هەردوو سووچی وەتاغ :(*ئەم وەتاغە گۆنیا نیە*).

گوێ پرووچەکێنە: کێ بەرکێ لە رفاندن دا .

گوێ تەلاش : بزنی گوێ پان.

گوێ تەندوور : بریتی یە لە قوژبنی ماڵ :(*لەپێ کەوتوە کەوتۆتە گوێ تەندووران*).

گوێ دان : دووپەلایی کۆڵکە کە کاریتەی دەخرێتە سەر.+

گوێزەوان : ئەوکەسەی پاسەوانی لە دارگوێزان دەکا بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە بەرەکەیان نەڕنێ.+

گوێ لەمست : بریتی یە لە کەسێک کە خاوەنی بیروباوەری خۆی نیە و بە چاوبەستراوی خۆی تەسلیمی

یەکێکی دیکە دەکا.+

گوێنی یە
سپیلکە : جـۆرێک گـۆینـی یە کـە زۆر گـەورە دەبێ و کەتیرەشی کەمە، زیاتر بۆ ئاوردوو کەڵکی لێ وەر دەگیرێ.

گوێ هەڵپڕوو-
چەکێن : گۆێ‌پڕووچەکێنە.

گوێ هەڵخستن : بە ئەنقەست گـوێ ڕاگرتن و قسە نەکردن بۆ ئەوەی شتێک هەست پێ بکەی.

گەداسیفەت : سەرسواڵکەر، خوازەرۆک.

گەردن بەخاڵ : خاڵ لەمل، مل بەخاڵ.

گەردەگەردە : ئاهەنگێکی گۆرانیی کوردی یە.

گەرگەڕی : جۆرێک کڵاوە (شاپۆی لبەدار).+

گرمکە کردن : پاڵ وێدانـی چـەنـد کـەس لـە نـێو جـێ دا بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە.

گەرمەلان : کەروێشک کە تازە لەلان دەرپەڕیوە.

گەروو : بستوونیە، بەڵکوو باریکایی نێوان دوو تەپۆڵکەیە کە دەکەوێتە سەر چیا و ئەم دیو ئەو دیوی پێدا دەکرێ.×

گەرووپاک -
کردنەوە : کۆخین وبەڵغەم دەردان لە گەروو بۆ ئەوەی خۆی بۆ قسەکردن یان گۆرانی گوتن ئامادە بکا.

گەرووڵە : گـەرووی ئاش، ئەو دوێڵە کـە دانە گـەنمی پێدا دەچێتە نێو بەرداش.

گەزتن : ئازاردانی کەم :(ئاگرەکە گەزتویە، بەڵام نەی سووتاندوە).+

گەسکەمۆڵکە : جۆرە گەسکێکە گیایەکەی وەک گەڵای گەنمەشامی دەچێ و تووەکەی لە هەرزنەگەورە دەکا.

گەسکەکێویلە : چەند جۆرە گیای کێوی یە کە بە کەڵکی گەسک دێن.

گەش بین : ئەوەی ئاینده ڕوون دەبینێ، خۆشبین، لژی ڕەش بین.

گەفاندن : مراندنی سەگ.+

گەگر : تەنیا تایبەتی یەکسم نیە بۆ گاجووتیش دەگوترێ.×

گەڵ : قۆری یە گەڵای بۆ خواردنی ئاژەڵ بڕراو.+

گلاْبۆگەنە : گیایەکی بۆن ناخۆشە لەسەرانگویلکان دەڕوێ.

گەلاْچنارە : گیایەکی بالاْبەرزە گەلاْکانی وەک گەلاْ چنارن.

گەلاْکردن : گەڵ کردن، بڕینی لکەداری بە گەلاْ بۆ خواردنی ئاژەڵ.+

گەلاْکوت : کوتانی دارگوێز پێش گەیشتنی کە وێڕای گوێزەکان گەلاْکانیش دەوەرن.+

گەلاْگووش : دەست هێنان بە لکەکانی دارمازوودا بۆ ئەوەی هەموو مازووەکان بدۆزێنەوە.

گەلاوێژئەنگوتن : ڕۆژی نیوەی هاوین هاتن.

گەڵباخی : عەشیرەتێکی کوردن.

گەڵبڕ : پاڵی گەلاْبڕین. ئەو کەسەی لکەداری بە گەلاْ

بۆ ئاڵفی ئاژەڵ دەبڕێ.

گەڵبڕ : بریتی یە لە ژنی زەبەلاح و نێرەکی :(*لای بە بابە ئەو گەڵبڕە بەکەڵک نایە*).

گەڵبڕین : کاری گەڵبڕ :(*گەڵبڕین پیاوی بەتاقەتی دەوێ*).

گەڵدان : گەلای وشک بە ئاژەڵدان لە زستان دا : (*بزنەگەلەکەت گەڵ داوە ؟*).

گەڵک : وشکەڵەداری بەگەڵاوە :(*گەڵکێک وەبینە ئاگری پێ بکەینەوە*).

گەڵۆر : بێکارە و بەرەڵڵا.+

گەڵوان : گڵوان، گزگڵ، بەرێکی دارمازوویە.

گەڵەڕاوژە : گەڕەلاوژە، بەنۆرە گۆرانی گوتنی هەموو دانیشتووانی کۆڕ.

گەڵەکۆمەکی : هاوکاری کردنی زۆران لە دژی یەکێک : (*گەڵەکۆمەکی یان لێ کردوە*).×

گەناندن : پیس کردنی هێلکە و دەرنەهێنانی لە لایەن مریشکەکورکەوە.+

گەندەنێ : گەنمێک کە بە وشکەوەر داچێندرابێ و بارانێکی کەمی لێ بباری و چەکەرەکەی وشک بێ.×

گەندەنیا : گەندەنێ.

گەنم دەرەو : بریتی یە لە هەوەڵی هاوین.+

گەنە : جانەوەرێکی پیسە کە خوێنی ئاژەڵ دەمژێ و کزی دەکا.+

گەورە پیاو : پیاوی ناودار،پیاوی هەڵکەوتوو.

گەوزاندن : پێ پەست کردن، شێواندن.+
گەوهەرفرۆش : زێڕنگەر، کەسێ کە جەواهیرات دەفرۆشێ.
گەوهەری : گەوهەرفرۆش.
گیابرژیوە : تێکڕای ئەو گیا بەهاری یانە کە بە زەردکراوی وسوورەوەکراوی دەخورێن.
گیادۆکلیو : ئەو گیایانە کە لەگەل چێشتی دۆ و گەنم یان برنج و جۆ دەکرێن و دۆکلیویان لێ ساز دەکرێ.
گیازەرتک : گیایەکە بەنی پێ رەنگ دەکەن و رەنگی زەردی لێ پەیدا دەبێ.
گیاکرمە : گیایەکە وشکی دەکەن و بە برینی ئاژەلیەوە دەکەن. ئەگەر کرمی هەبێ کرمەکەی دەکوژێ.
گیانەللا : دەمی ئاویلکەدان، دەمی گیان دەرچوون.
گێرمەوکێشە : گێرەوکێشە،کێشەکێش.
گێرەشێوێن : گایەکە کە لە گاگێرەدا بەند نابێ و دەردەپەڕێ بۆ دەری خەرمان.+
گێژەراو : حالەتێکە تووشی رێوی دەبێ کە لە خۆوە دەسووڕێتەوە و ئاگای لە خۆی نیە.+
گێوژەلورە : جۆرێک گێوژە کە بەری زۆر دەگرێ و ئەگەر باش بگا رەنگی رەش دەبێ.

پیتی ل

لابان : بەشێکی بانی خانوو :(ئەم لابانەم مـــــاوە بی ماڵم).+

لاپێ : بەفرێک کە سەرەکەی بەستوویە، کاتی بەسەردا رۆیشتن نیوەی دەشکێ و نیوەی ناشکێ.+

لاتر : هـەڵەنـگـوتـن، بـەلاداهـاتـن :(لاتـرێکـی بـرد نووبەراسووی شکا).

لاتربردن : هەڵەنگوتن، بەلاداهاتن.

لاتسیاو لاتسیاو: لاجەلاج، لارەلار.

لاجەلاج : لارولار، لاژەلاژ.

لاچاو : لاڕوومەت.+

لاخوراو : میوەیەک کە لایەکی دەعبا خواردوویە.+

لادەست : ئـەوەی لـە تەنیشـت کایـەکەران دانیشتـوە : (لادەست زەینی ڕوونە).+

لاڕەشە : نەخۆشی یەکە هەم بنیادەم تووشی دەبێ هەم ئاژەڵ.×

لاڕێ : «بیراهە» ی فارسی :(بەلاڕێ دا ڕۆیشت).+

لاس : جۆرێک داری سنجوویە وەرکیشی هەیە، بەلاّم بەرناگرێ. لە راستی دا نێرەی دارسنجوویە.×
لاس و خەزالْ : بەیتێکی فۆلکلۆری کوردی یە.
لاق و لەتەر : قاچ وقول، لای خوارەوەی لاق :(*لاق ولەتەری پیس بووە*).
لاق ولەوەر : لاق ولەتەر.
لاقەبرغە : لاقەبرغە، خالّیگە.
لالەنگی : جۆرێک کولیچەی ئاردوشەکرە.+
لالەوەر : ئاژەلّێکە کە بۆژۆ زۆرکاردەکاوخراپ دەلەوەرێ.×
لامل : سەرکێش، نەگونجاو، نافەرمان.×
لانکەیی : چالْ یان هەر شتێکی « مستطیل » کە بە دەست دروست دەکرێ.×
لانوا : بەشێکی چادر کە بۆ حەوانەوەی یەک دوو کەس دەبێ.
لانوالْ : نوالّی کوێستان.
لاوونیو : کەش و توش، (مورّب) ، سووچاوسووچ.
لرفاندن : خێراخواردن:(*هێندی بلّێی یەک و دوو هەلّی لرفاند*).
لزگە : بەنک :(*لزگە زەنگیانە*).
لغاوبۆشل کردن: لغاوبەردانەوە بۆ ئەوەی ئەسپ بەکەیفی خۆی بڕوا.+
لغاوبەردانەوە : لغاو بۆ شل کردن.
لقکە : سۆرانی، فەقیانە.+
لقکە : کلکەی بوخچە و پێ پێچە و داوێنی کراسی

ژنانه و ... .+

لەب : لم، رەلم، رەمل.

لەب : میوەی زۆرگەییو، دژی تورت.

لووت ڕاسان : بەربوونی خوینی کەپۆ.

لووتکەڵەشاخ : کەسێک کە کونی کەپۆی زۆر فرەوان بێ.

لووت هاتن : ناوی کەپۆ هاتنەخوار :(*منداڵەکە لووتی هاتوە بۆی پاک بکەرەوە*).

لۆچ تێ کەوتن : پەیدابوونی گنج ولۆنچ :(*لۆچی لەدەم وچاو کەوتوە*).

لۆدە : گیای هەرەمە، گیاجاڕ، موقابیلی گیامێرگ.+

لۆری لۆری : ئارام ئارام :(*بە لۆری لۆری هاتەوە سەر ... بۆری*). « مەسەل »

لووس بوون : سوان :(*ددانی لووس بوون هیچ نابڕن*).+

لۆسک : قەدی دار.

لۆگەن : لۆسوورە، لۆگەنە.

لوولووهەڵکردن : بەنی تێوەدان لەسەر لوولکی جۆلایی هەڵکردن.

لە بەریەک

ڕەوینەوە : گوشادبوونەوەی قەفی گۆچان و کەوان، بریتی لە قەڵەوبوونی زۆر خێرا.

لەبیرخۆبردنەوە : پشت گوێ خستن:(*قسەکەی لەبیرخۆی بردەوە*).

لەپاش : دواکەوتوو، بەجێ ماو :(*کاسبی یەکەمان زۆر لەپاشە*).+

لەپاش : باری وڵاخ کە لە نێوەڕاستی پشتی نەبێ و زیاتر بۆ لای پاشەوە چووبێ.+

لەپکە : تونی هەویری وشکەوە بوو بەسەر نانەوە.+
لەپکە : کلۆ گەزۆی گەورەگەورە بەسەر گەڵای دارەوە.+
لەپێش : کاری زووکراو :(*کارمان لە پێشە*).+
لەپێش : باری وڵاخ کە زیاتر بەلای سەری وڵاخەکەوە چووبێ.+
لەتان وپۆکەوتن: لە کەڵک کەوتن، زوو پیر بوون.
لەدوا : لە پاش بە هەموو ماناکانیەوە.
لەسووچوون : چوونە لای کەسێک بۆ لەگەڵ خۆ هێنان.
لەسووهاتن : هاتنە لای کەسێک بۆ لەگەڵ خۆ بردن.
لەدەم وەدووکەوتن: زمان شکان لە بەر نەخۆشی یان پیری.
لەڕوودان : بەخۆدا شکاندنەوە، قسە بەسەر چاودا دانەوە.
لەڕێ ترازان : لە ڕێگە لادان.
لەڕێ هەڵەبوون: ڕێگا ون کردن.
لەزاخ نان : بۆ دەست دەگوترێ :(*دەست لە زاخ نــان* واتە خلەتاندن و دەست بڕین).
لەزاردەرچوون قسە لە دەم دەرچوون، لە زار ترازان.
لەزک چوونەوە : لە زاووزێ وەستان.
لەسەرگرێو : ئەنجام دانی کارێک وگرێو لەسەرناکامەکەی.×
لەسەریەک : بە تێکڕا.+
لەقاوپەدەم
دادانەوە : دەمکوت کردن، بێ دەنگ کردن.
لەق : جووتە :(*ئەم مێستره لەقان داوێ*)، لەقەش دەگوترێ.+
لەقاودان : لە هەڵدان،عەیبی یەکێک لە لای خەڵک گوتن.

لەگاچوونەوە : وشک بوونەوە و لەکەش چوونەوەی زەوی پاش ئاو داشتن.

لەگوین : وێ چوو، شک بوچوو، مومکین :(*لەگوینە باران بباریێ*).

لەگوین : وەک، وێنە :(*پیاوی لەگوین تو کەم پەیدادەبێ*).

لەلەوەرخستن : ئازاری زۆرپێ گەیاندن. بەجورێک کە لەوەری پێ نەخورێ.

لەلەوەرکەوتن : نەخۆش بوونی ئاژەڵ بەرادەیەک کە لە خواردن بکەوێ. (بەمەجاز بۆ بنیادەمیش بەکار دەبرێ).

لەمردن : نەخۆشی نزیک بە مردن .(*دایکم نەخۆشە، لە مردنە*).

لەنجە : ناوی گۆرانی یەکی کوردی یە.+

لەنجەولار : رۆیشتن بە عیشوە و ناز :(*بەلەنجەولار هاتەوە یارم لە ریگای کانی*). « فۆلکلۆر »

لەنگ ولۆر : شەق وشڕ.

لەمێکەوە : لەپڕا ، لەنەکاو.

لەیاز : لایەن، ئاوبردەڵە، ئاوماڵک.

لەیل ومەجرووم: لەیلێ و مەجنوونی داستانی کەونارا .+

لەیم : جومگە، بەند (مفصل).+

لێ بەربوون : لەدەست بەرهەڵبوون :(*ئەسپەکەی لێ بەربوو*).

لێ بەربوون : با لێ دەرچوون، با لێ بوونەوە.

لێ پڕبوون : پێ پڕ بوون :(*جەهەننەمت لێ پڕ بێ* واتە جەهەننەمت پێ پڕ بێ و جێی کەسی دیکەی لێ نەبێتەوە).+

لیٚ تێکلاوبوون: دووشت لیٚ تێکەڵ بوون، دوو حیساب لیٚ تێکەڵ بوون، تێکەڵ بوونی دوو پارچە مێگەل.

لیٚ تێکەڵاوبوون: لیٚتێکەلاوبوون.

لیٚ خواردن خواردن لە چێشتی سەر ئاگر :(*لێی بخۆ بزانە تام و خوێی چۆنە ؟*).+

لیٚ داهێنان مەتەڵۆکە لیٚ پرسینەوە.

لیٚ داهێنان : دەورەدان بۆ حەز لیٚ کردن.

لیٚ دەرکردن : وەدەرنانی ئاژەڵ لە زەرعات :(*ئەو بزنە لەو بیستانە دەرکە*).+

لیٚ دەرکردن : تەکاندنەوەی سەگی دڕ لە میوان و نەناس : (*ئەو سەگە لە میوانەکان دەرکە*).+

لێرووکانە : ئالێرە.

لێرەکانە : لێرووکانە.

لێس : زمان بەشتێک دا هێنان:(*تاوەلێس،کاسەلێس*).+

لۆلۆ : مەقامێکی کۆنی کوردی یە.+

لێوجوون : گاز لە لێوی خۆ گرتن لەبەر فکروغەم وخەیاڵ.

لێوکردن : لێو هەڵقرچاندنی ساوا پێش گریان.

لیوە : ڕەمڵ، ڕەڵم.+

لیٚ وەستانەوە : تەماشای برین، تەماشای نەخۆش.+

لێوهەڵقرچاندن : لێو تێک نان و ڕوو گرژ کردن، لە بەرپێز یان لەبەر بێزاری.

لیٚ هەستان : هەوەس بزووتنی پیاوبەدیتنی ژنێک :(*لای بە لێی هەل ناستێ*).+

پیتی م

ماته : هەلمات، پوولەورده یان مازوویەک کە هەرکام لە یاری کەرانی کەلایین دای دەکەن.+

مارپێچ : هەر شتێکی خواروخێچ.+

مارمژ : بە سیگارکێشێک دەگوترێ کە هەموو دووکەڵەکە قووت دەدا.+

مارێ : جۆرێک قوماشی بەری ژنان بوو.+

مازووبەردان : بە ڕۆژی نێوەڕاستی هاوین دەگوترێ کە لەو ڕۆژەدا مازووچنین ئازاده.

ماشتن : بریتی یە لە تەواو کردنی خواردنی سەرسفرە: (سفرەکەی ماشت).+

ماشتنەوە : ماڵینەوە، خەلاس کردنی خواردن لەسەر سفرە.

ماقۆر : برینی زۆرگەورە لە لەش.+

ماکاو : ئەو بەشە لە ئاوی جۆگەی گەورەیە کە بەر دەدرێتەوە سەر زەوی یەک. بە شوێنەکەشی دەگوترێ.×

ماڵ کردن : بریتی یە لە مردن.+

مالۆچکە : کایەیەکی مندالانە کە شووریەیەک بە دەوری خۆیان دا دەکێشن و لە بەرد و دار سەماوەر و قۆری فەرز دەکەن.+

مالووسک : مالووسکەی خەرمان.

مالوێچە : مالۆچە.

مالْیاوا : بۆ خەبەردان لە سەرکەوتن لە کارێک دا دەگوترێ، بۆ وێنە ئەگەر بە چەند کەس لە شتێک دەگەڕێن ئەوەی دەیبینێتەوە هاوار دەکا « *مالْیاوا* ».+

مانگی : سالْی مانگی، سالْی قەمەری، ئەو سالْەی بە « محرّم » دەست پێ دەکا و بە « ذی الحجە » تەواو دەبێ.

مجێوری : کەسب وکاری مجێور، کاری خزمەتکاری مزگەوت.+

مجێوری : ئەو هەقە کە مجێور وەری دەگرێ :(بە نانی *مجێوری گەورە بووە*).+

مچوون : هەموو، تێکڕا :(*خرومچوونیان ڕۆیشتوون*).+

مەحەسڵ : قاسید، « مأمور » .

مەحەندەک : ئەسپی ڕەسەن.

مرار : داخ، ئەزرەت :(*مراری لە دلْم*).+

مڕان : دارێکی تووڵ درێژ و پەلک خەشتە لە دەم و ڕووباران دەڕوێ.+

مردارەمانگ : نێوان بەهار و هاوینە ، ئەک (مردادماه).×

مردە : رووشالْی بەری هەمبانە.+

مردهوەژی : پشکنینەوە و دووبارە ڕستنەوەی بەڕمکۆن و شتی وا.

مڕوو : برش، کڕوو.+

مریشکەقوڵە : ناوی چیرۆکێکی مندالانە.

مزەورە : چێشتێکە لە ماش وپرپرە و ئاوە تەماتە یان سماق دروست دەکرێ.×

مژدی : مەگیرانی، (ویار) ی فارسی.

مس : بزنێکە کە رەنگی گوێی سوور و رەش بێ، ئەوەی گوێی خاڵ خاڵە پۆشە.×

مست لەچاودان: کاری کوتوپڕ.

مستە : سووکەڵەناوی مستەفایە.+

مسکێ : ناوە بۆ ژنان.

مقاوی : مقاو، نەخۆشی یەکی ئاژەڵە.

مکوڕ : سوور لەسەر ئەزمر ، (مُصرّ) .×

مل : باریکایی پێش سەر لە هەر شتێک :(*ملە کوولەکە*).+

مل بادان : سەربادان،سەرهەڵسووڕاندن.+

منالْ بازاڕی : کاری مندالانە.

منالْ ومەزن : بەمانای گەورە وبچووک یان ورد و درشتە، نەک منالْ و کالْ.×

منجەمنج : قسەجوین، قسە بەڕاشکاوی نەگوتن :(ئەم *منجە منجەی ناوێ ، ڕاست و ڕەوان بلێ چت دەوێ*).×

منگاندن : لە بن لێوەوە قسە کردن.×

مۆو : بزنی رەشانگ، دژی مەرەز.+

مۆکوڕ : سوور لەسەر بیروڕا، (مُصرّ).×

مەترەق : داردەستی ئەستوور.+

مەترەق : بریتی یە لە ئەندامی شەرمی پیاو.+

مەترەلێوز : مەترەلۆز.

مەجبووراوا گەڕەکی فەقیرنشین،خانووی بە تەنەکە وتەلیس، (حلبی آباد) ی فارسی.

مەجوەمە : سینی.

مەجێ : سووکەڵناوی مەنیج :(خەجێ ومەجێ واتە خەجیج و مەنیج).

مەحبووس : یاری یەکە بە تەختەنەرد دەکرێ.

مەختە : پووڵێکە کە خاوەن مڵک جیا لە بەهرەی مڵکانە لەسەر مووچەی دادەنێ.+

مەدار : گوزەران :(*مانگی بە هەزارتمەن مەدار ناکەم*).+

مەدار : بە تەبایی حاوانەوە :(*ژنەکەی لەگەڵی مەدار ناکا*).+

مەڕ : مێگەلی مەڕ و بزن.+

مەرزینگان : ناوە بۆ ژنان.

مەرس : وشەیەکە لە کاتی جووت کردن دا بۆ گاجووتی دەڵێن مانای ئەوەیە داگەڕێ بۆ لای بەرەوە.×

مەرگی موفاجا: مەرگی لەنەکاو، دڵ ڕاوەستان، (سکتەی قلبی).

ماست کردن : سەرخۆش کردنی کەسێکی غەیری خۆت، ئارەق دەرخوارد دان.+

مەستوورە : ناوە بۆ ژنان.+

مەشکەدرە : کوللەیەکی شینی زۆر گەورەیە.×

مەکات : میقداریک گەنم کە خاوەن ملک جیا لە دەوردوو لە جووتیاری دەستاند.×

مەمکۆڵە : مەمک مژە.+

مەمکە : جیگای نەوت لێ دەرچوونی پەرامیز و چراتۆر (پستانک).+

مەنجەنیق : ناوری یەکجار زۆر.+

مەنی : ناوی رەحەت بوون، شەهوەت.+

میتوولە : ئەسپیی زۆر ورد، ڕشک.

مێچک : میشک :(هێندەی گوت مێچکم چوو).+

مێچکە : بریتی یە لە پیاوی تەبیات ژن، ژنانیلە.

میراودەلی : عەشیرەتێکن لە پشدەر لە کوردستانی عیراق.

میرووڵەکردن : سەرەتای وەکوڵ هاتنی ئاو.+

میز : کووتی حەیوانی.+

میزاو : کووت دانی زەوی بەوە کە سەرانگوێلک بدرێتە دەم ئاو و بەسەر زەوی دا بڵاو بکرێتەوە.+

میزاوکردن : ئیسهال بوونی مالات لە سەرەتای بەهاردا کە گیای شلک دەخوا و نیشانەی ئەوەیە کە گیاشینکە زۆر بووە.

میزاوشوتن : میزاو لێ شوتن، کووت دانی زەوی بە ڕێگای میزاودا.

میسکێن : هەژار، نەدار.

میسکێن : ڕەعیەت.

مێشگره	باڵدارێکه.+
مێش لێ دان :	کرمێ بوونی بەری بێستان.
مێملْ	ملە، دەعبایەکی بەزەرە نێو بێستان دەکێڵێ.
مێوژە	ئەو دەنکە ترێ یانەی بە هێشووە ترێ یەکەوە وشک دەبن.

پیتی ن

نارنجە : گۆرانی یەکی کوردی یە.

نازە : سووکەڵە ناوی نازدار.+

ناسر : ناوە بۆ پیاوان.+

ناشتا : چێشتەنگاو.

ناوبژیر : هەڵاواردنــی یەکێک لە شتێـک یان کارێـک : (*بێگاریی بە هەموان کرێوە بێ ناوبژیر*).+

ناوپارە : نیوپارە، دژی تەریک و چەپەک.+

ناوخوان : ناوچەیەکە لە کوردستان :(*خوایە لەم کەلە زوو بمخـەیتە بان ، بمخـەیتە بەینی شلێـــر و ناوخوان*).+ « فۆلکلۆر »

ناودان : ریزێک دەنکە گەنم کە لە گوڵەگەنمی زۆربە قەوەت دا پەیدا دەبێ.+

ناوک کەوتن : بریتی یە لە ترسان لە شتی لەنەکاو.+

ناوک هاتنەوە : بریتی یە لە ترسانی لەنەکاو.+

نکوولی : لاری، سەرپێچی، « مخالفت ».+

نگادێری : نگاداری، ناگاداری.

نمەک تاڵ . ئەو کەسەی چاکە دەکا و خەڵک چاکەی لە چاو ناگرن.

نمەک سوێر نمەک تاڵ.

نۆبەند گایەکە نۆ ساڵ جووتی پێ کرابێ.+

نووسانەوە گیرسانەوە.+

نوسک : نیسک، کەمێک، کەموسکەیەک.+

نۆکە زەردکە نۆکەزەرکە.

نەبەگە : بێچووە ئاژەڵێک کە هێشتا ژەکی نەخواردوە.+

نەختەنەختە ناوی گۆرانی یەکی کوردی یە.+

نەرمکە : گۆشتی نەرمەی بێ ئێسک.

نەرمەنەرمە ناوی گۆرانی یەکی کوردی یە.+

نەقڵ : قسەی خۆشی بێکەنین هێن.+

نەقڵ : هۆمەن، پاڵ پێوەنان :(دایە بەر نەقڵان).+

نەقورچ : نقورچک.

نەقورچک : نەقورچ.

نەگبەت : بەدفەڕ، بەدئەخلاق.+

نەگبەتی : بەدفەڕی.+

نەمام : ناوە بۆ ژنان.+

نەمام : داری ساوای دوو سێ ساڵە.+

نەمام ناشتن : چەقاندنی نەمام و داری تازە.

نەمرنەژی : ژیان بە هەژاری و دەسکورتی.

نەویس : نەبیس، نەبیست، بێ گوێ.

نیخە : دەنگی گەروو کە بە زەحمەت بێتە دەرێ.+

نیخەنیخ : نیخەی زۆر.

نێرووکە : خوڕایی چوم، زۆرایی چوم.
نێرە : نێرگە، کاریتە.
نێرەکەر : وەستای مەشکەی دار.+
نێرەو : زۆرایی چوم، خوڕینی چوم.+
نیسان : ٢٠ رۆژ لە خاکەلێوە و ١٠ رۆژ لە بانەمەڕ.+
نێوبژە : ددانی دووسالی بۆ یەکسم.+
نێوبەند : نێوەڕاست.
نێوبەدەرەوە : بەناوبانگ.
نێودار : خەیار یان تروزی یەک کە دەنکی زۆر تێی دا بێ.+
نێوڕان : نێوەڕ، نێو مێگەل.+

پیتی و

وارش : دیواری وشکە کەڵەک بۆ هەر مەبەستێک.×

واغ : لێدانی زیاتر لە دانەیەک :(واغێن بە گوێز ، بە مازوو یان هەر شتێکی خڕ دەکرێ بەڵام شەرتە کە کەللا هاوێژرا لانی کەم دوودانە بنگێوێ . ئەگینا کایە دەدرێتە دەستی حەریف).×

واڵ : پارچەیەکی تەنکە هەر رەنگێک بێ نەک تەنیا پەمەیی.×

وردە : کا و گزرەی گێرە کراو، موقابیلی بە باقە بەستراو.+

ورشە : دەنگی تیژ تێ پەڕین :(ورشەیەکی لێ هات و بە لام دا تێ پەڕی).+

ورگن : بریتی یە لە زۆرخۆر.+

وڕمان : سەرسووڕمان.

وڕە : تەم وەژی سەرچیا لە زستان دا.+

وزە : دەنگی مێش.+

وشکه : بەشی ئەزاوی مەڕومالاّت کە بە جیا دەکرێتە بەر شوان.+

وشکەشیو : ئەم دیو ئەودیو کردنی سەرپێچ بۆ ئەوەی دیوی خاوێنی دەرکەوێ.+

وڵه : وشەی لێ خوڕین و دەنگ دانی گوێلک.+

وەبەردان : شتێک دانە بەر شتێک بۆ ئەوەی نەکەوێ : (*کاریتە داهاتبوو، کۆڵەکەم وەبەردا*).+

وەبەرکەوتن : لەبەرپاڕانەوە :(*زۆری وەبەر کەوتم لە گەڵم نەهات*).+

وەختاوەخت : شەو ورۆژێکی تەواو :(*وەختاوەختێک ژانی برینەکەم نەشکا*).+

وەدین : بەدین، دیندار.+

وەرام : مەرام، پێویستی :(*بۆ وەرامی کاری خۆی نەبێ ناشمان ناسێ*).+

وەربوون : چوونی بێچووە گەڵ بۆ نێوەڕان و مژینی شیری دایکیان بێ رازی بوونی خاوەن.+

وەرتاخ : شخەڵ، نەمامی ساوای داری جەنگەڵ.+

وەرگیران : قبووڵ کران لە مەدرەسە یان لە ئیدارە. مەفعوولیوەرگرتنە.×

وەرگێرانەوە : بۆ جاری دووهەم وەرگێڕان.+

وەرگێڵ : ناوی گوندێکە لە ناوچەی رەبەت.+

وەرێنان : دەست تێ وەرێنان ، بە دەست دەوەدان : (*دەستم دەقەدی وەرێنا*).

وزۆزە : جۆرێک قالۆچەیە کە دەڕوا و وزەوزی لێ دێ.

وەز : نیشانەی جنس :(نێرەوەز ، مێوەز).+
وەزەندی : ئەزیەت و ئازار.
وەستاخاڵە : بنەماڵەیەکی ئاسنگەرن، بە هەموو ئاسنگەرێک ئاڵێن وەستاخاڵە.×
وەستانەوە : لێ ڕوانین :(دەستم برینی لێ پەیدابووە، لێی وەوەستە *داخوا* تێی دەگەی چیە ؟).+
وەسەت : جۆرێ تفەنگی برنۆیە.
وەسەت : ناوە بۆ ژنان.
وەشان : تەکان، لێکرانەوەی بەر :(*گوێزەکان وەشاون*)، ڕاوەشان.+
وەشاندن : بەری دار لێکردنەوە، ڕاوەشاندن :(گوێزەکانم *وەشاند*).
وەشەشە : وشەی دەرکردنی کەر لە دەغڵ ودان یان هەر جێ یەک.×
وەشەک : وەرشەک، وەشەق، جانەوەرێکە لە تیرەی پڵنگ و بەور.×
وەشێن : هاوێژ :(دەست وەشێن ، *لووشک وەشێن*).
وەشێن : ڕاتڵەکێن، تەکێن :(*گوێزوەشێن*).
وەقا : ماندووبوو ، تێ گیرا.+
وەقان : وەستان،ماندووبوون.
وەقان : تێ گیران، لێ نەزانین :(*نامەی دەخوێندەوە لە نێوەڕاستی دا وەقا*).
وەکردن : کردنەوەی شتێک کە بەستراوەتەوە :(گرێ یەکە وەکە، *ئەسپەکە وەکە*).

وەکردن : ئاگر کردنەوە، ئاگر هەڵکردن :(*ئاورەکە وەکە سەرمایە*).

وەکردن : ئاوەڵا کردنەوە :(*دەرگاکە وەکە*).

وەلا : بەولاوەبچۆ.+

وەنجا : ئەمجار، دەی جا.

ویرەویر : دەنگی رۆیشتنی بەردێک کە هاوێژراوە.+

وێ کەوتن : لەبەرپاڕانەوە :(*زۆری وێ کەوتم لە گەڵم نەهات*).+

وێڵ : عەودال :(*واچاکە بە جێم بهێڵی ، هەرخۆم وێڵ بم لە شوێن خێڵی*).+ « هەژار »

وێوڵ : ئەوعێکداربەڕوویە.×

پیتی هـ

هاتنەسەرچۆکە : بەزین نیە. ئەوەیە کە یەکێک بۆ جوابی کەسانی دیکە بێتە سەر چۆکان و بە لێبڕاوی قسە دەکا.×

هاکوو : هەربینا :(*هاکوو گەیشتە ئێرە*).+

هالاو : لێ پێچراو :(*لاولاوی لە دار هالاو*).+

هاوارتەلەمن : خراپت لێ قەوماوە، وەزعت خراپە.×

هاوارتەلەمن : تانووت لێدانە بۆ کەسێک کە بە ناهەق خۆی نەخۆش دەکا یان کاری لە دەست نایە.

هاوارەلەمن : وشەی کەسەر دەربڕین بۆ وەزعی خراپی گشتی یە :(*هاوارە لە من زستانەکەی سەختە کەس مالاتی بۆ نامێنێ*).×

هاوالْ مندالْ : پزدانی ژن.

هاوجا : ژنی دووبرایان بۆ یەکتر.

هاوجێ : ژن بۆ مێرد و مێرد بۆ ژن.×

هاوڵقانە : ئاوالْ دووانە.

هایدێ : وشەیەکە بۆ دەرکردن دەگوترێ.×

هۆڕاندن : هۆڕەهۆڕ کردن.
هۆرمز : گیایەکی بەهاری یە سوور دەکرێتەوە و دەخورێ، بە گەورەیی مژمژەیە، گۆزروان.
هوولاندن : دەنگی درێژی بنیادەم:(دەروێش هوولاندی).+
هۆڵە : میچی خانوو.
هۆڵە : ئەو دارە وردانەی لەسەر دارەڕاوە داوێژرێنە خانوو.×
هۆناو : هۆندراوە، بە بەنەوە کراو.
هۆیان : هۆگان.
هوێ ها : وشەی دەنگ دانی ئەسپ و ماین بۆ دەرکردن.
هۆی ها : هووی ها، وشەی سەرسووڕمان.
هەبرەش : لە تینوان وشک هەڵاتوو.+
هەرمن : تەنیا من.+
هەرمێشک : گۆشتی باش کوڵاو بە ئاوی کەمەوە.+
هەڕنین : ئەڕنین، چنین بە بێ سەرەوبەرەیی.+
هەژگ : لکەداری وشک کە قرژ وقاڵی پێوەبێ.×
هەژگاڵ : لکەدارێک کە بڕابێ و گەڵای بێوەبێ، وشک یان تەڕ.×
هەستان : زۆربوونی ئاوی ڕووبار.+
هەڵبەزینەوە : سڵەمینەوە.+
هەڵپەسێرراو : ئەو شتەی بە شتێکی دیکەوە پاڵ دراوە.
هەڵپەسێردراو : ئەوەی بۆ ماوەیەک وەلانراوە.
هەڵپەهەڵپ : پەلەپەل.+
هەڵپتاندن : رووت کردنەوە لە لیباس یان لە موو یان لە

گەلاولک.×

هەڵتووتەکان : تەنیا بۆ سەگ و گورک و ڕێوی بەکار دێ. جۆرێک دانیشتنە کە قوونی لە سەر عەرزی یە و دەستی هەڵپەساربوون.×

هەڵتۆزهەڵتۆز هەڵبەزدابەز و لەگێران نەهاتن.

هەڵخوازتن : هەڵخواستن، لە سەرەوە داوا کردن :(*ئاوات هەڵدەخوازم*).

هەڵداشتن : لاپێ کردنی کەسێک بە ئەنقەست :(*ئەو کابرایەی بۆ کوێ هەڵداشت ؟*).+

هەڵدانەوە : لەسەریەک کەڵەکە کردن :(*ئەو هەموو گەنمەی هەڵداوەتەوە کەچی دڵێ نانی خۆم نیە*).+

هەڵدران : کۆکرانەوە :(*خەرمان هەڵدران*).+

هەڵدران : وێ کەوتن :(*شەق تێیهەڵدران*).+

هەڵدڕان : لە خوارەوە بۆ سەرێ دڕان.×

هەڵدڕەهەڵدڕ : لە خوارەوە بۆ سەرێ زۆرجار دڕاو.×

هەڵسان : ڕەپ بوونی ئالەتی پیاو.+

هەڵست : هاتوچۆ:(*هەڵستی زۆر لەسەرە* واتە خەڵکی زۆر پێدا دەڕوا).+

هەڵسووڕ : بنیادەمی چالاک.+

هەڵقەنە : لێکەڕەوە :(*سەرهەڵقەنە*).

هەڵکران : بەرەوژوور برانی ئالا :(*ئالا هەڵکرا*).+

هەڵکڕاندن : شتێکی کەم لێزانین:(*شتێکم لێ هەڵکڕاندوە*).+

هەڵکشان : بەرەوژوور چوونی نرخ :(*گەنم هەڵکشاوە* واتە گران بووە).+

هەڵکشاو : مەددە نیە، عەلامەتێکە وەک (ا) لە نووسینی عەرەبی دا دادەنرا :(کُهٰیٰعص).×
هەڵگەڕان : رەنگ گۆڕان:(*سپی هەڵگەڕا، رەش هەڵگەڕا*).+
هەڵگێڕانەوە : هەڵگرتن و دانانەوە :(*هەڵگێڕانەوەی بانی خانوو*).+
هەڵنیشتن : نیشتنی پەلەوەر لە جێگای بەرز وەک دار و لیس .×
هەڵووچەقەیسی : قەیسی بەنەگەییوی.+
هەڵوەسته : وێستان و ئاوڕدانەوەیەکی کورت.
هەڵوێسته : هەڵوەسته.
هەڵە : کەسێک کە لە فکرێک دا بە غەڵەت چووە.
هەلیماو : شۆرباوی برنج یان برووێش.
هەڵیماو : هەلیماو.
هەمباز : ئەمباز، ئامباز، بەگژداچوو :(*هەمبازی بوو لە عەرزێی دا*).+
هەمزەبەگی : بەرێکی دارمازوویە، نەک جۆرێک مازوو.×
هەنگڕان : ئەنگڕان، زیاد لە ئەندازە دەوڵەمەند بوون.
هەنگڵ : قوڵ، باسک :(بن هەنگڵ یانی بن باسک).×
هەنوین : شێلان :(*پشتم بێشێ، کەمێکم بۆ بهەنووە*).+
هەوت : گێژ :(*هەوت بووم*).+
هەورامانی : جۆرێ نانی تەنک و نەرم کە بە سێڵ دەبرژێ.+
هەوریردە : بەرێکی دارمازوویە.+
هەوربان : جۆرێ کلاوڕۆژنەیە کە لە خوارەوە فراوانە و لە

سەریٚ چووک دەبیتەوە.+

هەوری : ناوێکە بۆ ژنان.+

هەوشینگ : هەوشەنگ، ئاژەڵی شیرووشک کردوو پێش وەخت.

هێس : خوار، بۆ مل و بۆ دار و هەر شتێکی خوار بەکار دیٚ.×

هێنانەوە : ڕشانەوە :(*هەرچی خواردبووی هێنایەوە*).+

پیتی ی

یەکبەر :	قوماشێکە لەسەر یەک قەد قەد نەکرابێ.×
یەکدەس :	یەکدەست، خاوێن، ناتێکەڵ.+
یەک شەوە :	ئەوبەفرەی شەو باریوە و توز و خۆڵ بۆری نەکردوە (هەروەختی ساڵ بارییێ).×
یەک قسە :	بێ موعامەلە و چەند لێدان.+
یەڵ گوان :	یەکەڵ گوان، ئەو بزن یان مەڕە کە گوانێکی خراپ بووبێ.